● **كۆچڕەو... كۆچڕەو**

ڕۆمان

● **عەبدوڵڵا سەڕاج**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کۆچڕەو... کۆچڕەو

Ã«˙WÝ x†ËbÐWŽ



ناوی کتێب: کۆچڕەو... کۆچڕەو - رۆمان
نووسینی: عەبدوڵڵا سەڕاج
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە:١٩٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم رەحمان
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئسماعیل و لوتفی شۆڕش
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە ٢٢٠ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

**راز**

چ سرێکت لە ناو دڵدا
حەشار داوه بە پەنهانی!!

**هەردی**

لە بنارەوە، بڕوانیتە سەرکلاوەی قەندیل، دیمەنێکی دڵدوێن و سامناکە.

دەی: یەک... دوو... ئەکشن Action. چوویتە ناو چوارچێوەی کەڤاڵەکە و بێگومان هیچ بێزارییەک ڕوخسارتی نەژاکاند. بەو ڕەوەزە تووش و سەختەدا هەڵدەکشای و... هەڵدەکشای. جووتە سکڵی نیگات بەو دوندە سەرکەشەوە، لکابوون. هەنگاو بەهەنگاو، لەبەر ڕکیی هەورازەکە، کەشکەژنۆکانت لە ئاستی ناوکت بڵندتر دەبوونەوە. خۆ سەرەڕای هەناسە بڕکێش، دەروونت کڵپەدار بوو، وەک چۆن لە هەڕەتی لاوێتیدا، بۆن و بەرامەی زەویی پاش باران، یان بەیاری سک هەڵدڕاوی دەمە گاسن گیانتی دەبووژاندەوە، وا ئەمێستا... دڵی جەنگەڵە چڕەکەی ئەم مەزنە چیایە ڕاتدەکێشێ و... بازێکی چیایی نزم، هەرە نزم دەفڕێ و سێبەرەکەی، سەرت پێ هەڵدەبڕێ. لاپەڕەی ئاسمان خۆی لە ڕەنگاوی خۆڵەمێشی هەڵکێشاوە. بازەکەش، وەکو بازەکەی زەردەشت، پەڕ قاوەیی و دەنووک زەردە. دەشێ هەر ئەوبێ. زەردەشت... زەڕ... دەشت. دەشتایی و تۆ. زێڕی تێزاب. خۆت بەزارا دەزانی، یاخود بەهاوڕێ و هەورازی ئەم هەڵکشانە. خۆ سەرەڕای هەناسە سواربوونت، خۆشت نازانی بۆ، وەک ئەوەی لە خەودا بڕۆی، پشوویەک، وچانێک، وەنەوزێک نادەی! بەلەز هەنگاو هەڵدەنێیی



و... هەوراز و هەوراز و هەورازتر دەڕوانی. بۆ نا... ئەمە بەهارە کۆچتە بۆ دیدەنیی هەڵەمووت و ڕەنووە گەردن کەشەکان؛ پاڵ و لێوارە کپەکان بۆ ئەوەی بەشێنەیی بەخەریتە و ئەتلەسی مێشکتدا بچیتەوە. بەئارامی، هزر و ئاوەزت بەر بێژنگ بدەی و، بەسرەوتەوە، هۆشت گەڵاڵە بکەی. ئەوەتا (راز)ێک لە ناوی ناوەوەتدا کە پەنهانت داوه وا گینگڵ دەدا، بۆیە بەبیانووی ڕاوە کەو، لە کۆچە شپرزە ملیۆنییەکە دابڕڕای، دەتهەوێ خۆت و خۆت بیت.

«هەستم پێم دەڵێ: مرۆی پاکژی ناو ئاژاوە و ئاڵۆزیی ئەم جیهانە، نامۆیەکی بێ سەنگەر و پەنا و مەتەرێزە. پەڕاوێکی هەڵدراوەی بەر ڕەشەبایە، بۆیە خۆ پاراستنی لە ئابلوقەی ڤایرۆسی هەلپەرست و نێزەی سیخوڕان زۆر زۆر دژوار و ستەمە. مەگەر کەسێک گرەوەکە بباتەوە کە، ڕشت و پێداگر و سەرسەخت بێ وەکو گابەردی ئەم قەندیلە، مەگەر ئەوسا، لێشاوی پڕ ژەنگ و کێم و قەوزە و کەڕوو ڕاینەماڵێ...»

لەوە ئاگاداریت کە بازنەی حدس و ئاگایی خەستی میتافیزیک، نەک لۆجیکی مەنتق و بۆچوونی ماتماتیکانە، دەتوانێ واقیعە شلۆق و لێکترازاوەکان لە هامێز بگرێ. ئەوەتانێ... ئەو ڕازە پیرۆزە، ئەو نهێنییە متفەڕکە، پتر هەراسانی کردوویت ئەڵبەتە بۆ ئەوەش، هەنگاوی گورج و هەموارت پێ دەسپێرێ. ئەو ڕازە گورووەت، بەسانایی بۆ گوزارشت ناکرێ؛ چونکە دڵنیای لەگەڵ ئاشکراکردنی، دەستبەجێ، بیناییت کوێر دەبێ... ئەوە قسەی شامارەکەیە... ئەگەر بۆ خۆشت گلت دایەوە، ئەوا تەندوور ئاسایی، لە ناخەوە دەتبرژێنێ. وای!! لە چ ئەزموون و تەلیسمێک دای! وەلێ، تۆ لەمێژە، بڕیاری خۆت داوە.

بێدەنگی، ئەو گوزەرەی پێچاوەتەوە. یان شوێنەکە خۆی پەستاوەتە کۆشی کپییەوە. ئاوڕێک و دووان دەدەیتەوە. چاوی ناخت وا ڕووبەڕووی دەریاچەکەی دۆکانە. ئاوێنەیەکی جیوەیی دەبینی... زەردەی ئێوارەی ئاوێنەکەی ناخت، قژی زێڕینی شانە دەکا. ئەوەتا، ئاسمانی خۆڵەمێشی و

دەریاچەی زیوین لە ژووان. دان. زیو... خۆڵەکەوە... دوکەڵ... ئەتمۆسفێریکی سمفۆنیاییت بۆ دەسازێنێ. بەچاوی ناخ هەڵێ دەمژی، چاو دەکەیتەوە و خولگەکە دەقۆزیتەوە، زیو و نشێو، هەوراز و زێر، دەشتایی و خۆڵەکەوە، دۆڵ و دوکەڵ، هەڵەمووت و باز، لوتکە و ڕاز، هەڵکشان و... هەرەس!!

دەڕۆی و... درزی نێوان دوو درەخت دەکەیتە ڕووانگە. شوێنەواری گوندێکی خاپوور لە تۆڕی چاوتدا مەلە دەکا. تۆ ئەم دیمەنە بەپڵنگ دەچوێنی، پڵنگێک کە چرنووکی لە یاڵەکە گرتبێ بەو نیازەی هەڵبگژێ بەرەو سەرووتر. لە سێ لایەکەی ئەو وێرانە دێیەدا، درەختی بەژن زراڤ، سێ چێوەی پەرژینێکی هەتیویان بۆ کێشاوە! برێ پەڵە هەوری لۆکەیی، دەق بەرەو ئەسپی کێوی دەچن!! زەردەی ئێوارەکەش لە چاوتدا دەبێتە زەردێنەی هێگ، جـــاران... دایکت هێلکەی وای بۆت دادەنا لە ناو کاسەیەکی چینیی لاجیوەردیدا. دواپین نیگا لە کەژاوەی خۆراوا دەگری. خۆت دەدوێنی.

«ئاسۆ... پۆپەشمینێکی ڕەنگاوڕەنگی ڕاخراوی ڕەشماڵی ڕەوەندانە. خۆر... وەکو ناخم چاوی پشکۆیە و گڕی گرتووە، بەڵام

دامێنی ئاسۆ، زەردێکی لاواز و ئێسقادار. نیوە بازنەیەکی ئاڵتوونی. ئاسمان خمی بزرکاوە... پەڵەی پرتەقاڵی و گوڵگوڵ... دەزوولەی زیو... ڕەشبەڵەکە!! زەماوەندی ڕەنگە... پەح لەم جوانییە!!»

ورده ورده، خێوی شەو تۆنی Tone ڕەنگەکان دەتاسێنێ و تۆ بە خولی خۆتدا، چاو دەگێڕی.

«ئای!! ئەم سەوزاییەی درەختەکان، چ دیوارێکی تەڵخە!!»

زەردە پەڕەکە، زوو گەیشتە بەرپێت. ڕەنگی بەرد و گەڵا و گڵێ خنکاند و سڕییەوە. تۆ شیلگیرانەتر هەڵمەت دەبەی، هەڵدەشاخێی ڕەنگە تاساوەکان دەشێلی. دەخوازی لە ژاوەژاو و ئاڵۆزیی شار و شارۆچکان قەدەرێک دوور بی. نیازت وایە و دەکاری کە، دیدت بەو بنجە ڕووەکە



شادبێ کە -شامارەکە گوتەنی- ورشە دەداتەوە!!

بوویتە بەسەرتاشەکەی ئەسکەندەری شاخدار، کە چۆن ڕازی پەنگاوەی دەروونی، بەگوێی قامیش و زەل و نەیستاندا چرپاند. تۆش لێرەدا، ڕاز و نهێنییەکەت ڕەها کرد...بۆ گوێچکەی شەو و تاریکی و تەنیایی. سروشت، کەڤاڵی شەوانییەکەی دەکێشێ بەپەرەمووچی با. هێڵی دەرەوەی دار و دەوەن وەکو تۆ نوقمی ئۆقیانووسی تاریکی و زوڵمات دەبن. دەست بۆ شەمچەکەی بەرکت دەبەی و... گڕ لە هەناوی ئەو تاریکستانە بەردەدەی. بۆ چەند چرکەیەک، ئەو پانتایی و ڕەهەندە، بەچاو دەبیژی. کۆڵەکەت دەخەی.

ناخت کوانگی پەنگری گەشاوەی «حاجی» و پەڕەنگی گەشی «نالی»یە و ئازار و گوشار دەخەنە سەر گیانە لانەوازەکەت. دەتەوێ شەمچەیەکی دی داگرسێنی؛ بەڵام خۆشت نازانی بۆ پەنجەکانت خاو بوونەوە و... چوون دێوانەیەکی سۆفی، (حاڵ) دەتگرێ! گوێت بۆ ترپەی دڵی ئەو دارستانە میهرەبانە شل دەکەی...

«بۆ ئەوەی مرۆ نرخی خۆی و... شکۆ و ڕێزی ژیان بزانێ، دەبێ ناوبەناو، خۆی بهاوێتە باوەشی سروشتی پاکیزە و... لەوێ ڕامێنێ...»

هەستە شموولییەکەت تێکەڵ بەیاسای دایکە سروشتت دەکا و... هەندە نامێنێ کە دووگردی «کات» بۆ ئەو (جێ)یە ڕاخەیەت. سرووت و نوێژی سۆفی مەشرەبانەت دادەبەستی. ڕوو لە هیچ کام چوار لاکەی ڕاست و چەپ، پاش و پێش ناکەی. کێو و کەژ و جەنگەڵی ئەم دونیایە بەنیشتمانی خۆت دەزانی، بۆیە ڕووت لە ئاسمانە، لە بڵندییە. تەنانەت دەتەوێ خۆت ببیتە لوتکەیەک، دوندێک، هەڵەمووتێک وێنەی ئەم قەندیلە.

«بۆنی نسرم و بوخچەی نەکراوەی ئەم لێرەوارە، لووت و مەلاشووم دەئاخنێ. ورده خشپە و سرتەی خشۆک، دەگەڵ نەرمە لەرەی پەلکی داران،

بەوپەڕی مەزنی و ئەفسوونەوە، گوێم دەسمن هەستەکانم تەژی دەکەن. دەبمە زەردەشتێکی ڕاماو... کێشم نامێنێ و... باڵ دەگرم... دەخوازم بفڕم...»

ئەو ڕامانەت، دەتهاوێژێتە بارودۆخێکی سەرووی ئاسایی و واقیع، هەر چەندە چاوەکانت نووقاون، وەلێ سەرانسەری بارودۆخی هەژان و ڕاپەڕین و کۆچڕەوەکە، لە چرکەیەکدا، دەبینی و گوزەر دەکا لە ناختدا. سەرسام دەبی! ڕێژگەی بەر دیدەکانت ڕوونە چوون کانییەکی چاوی قرژانگ: (دوورایی) دەبینی! (بەرینایی) دەبینی! قوولایی دەبینی (نەبیندراو) دەبینی! وا لە دوورایی هەنگاوێکدا، ڕۆشناییەکی حەپەسێنەر، چاوت پێ هەڵدەگلۆفێ!!

نەبادا فریوت خواردبێ و... چەندین گوڵئەستێرەبن! تۆ لەو شەوەدا، بەگەمە و ئاهەنگ و بەزمی خۆیان تۆ هەڵخەڵەتێنن. بەڵام، چۆن سوور و دڵنیای کە ناوت «میرزا»یە، ئاوهاش سوور و دڵقایمی کە خۆت و «ڕووەکە»کە وان لە ڕووبەڕووی یەکتری ! سرنجێکی فرۆسماوی و کاریگەر و سەرسامی لە چەقی ئەو ڕووەکەدا دەخولێنێتەوە، چاوت دەکەیتە چوار و پتر، هەستەکانت دەکەیتە پێنج و پتر.

«پرشنگ دەدەی! تیشک دەپژێنی! ڕۆشناییەکی بازنەیی بەنیگام دەبەخشی!! ئا... خەون نابینم، هەر چەندەش شاکارەکانی مرۆڤایەتی، لە خەونە قەرسیلی و کەسکەکانەوە چرۆیان داوە...مردوون ئەوانەی خەون نابینن...»

گەشکە دەتگرێ. تەزوویەکی گوشادی بەجەستەتدا دەگەڕێ و... دەڵێیت:

ڕووەکە پرشنگدارەکەم، تۆ دڵی ئەم قەندیلەی، بەڵکو دڵی ئێمەی، بۆیە ڕەووم بۆ ئاستانەی تۆ کرد و دابڕڕڕام لەوان...

پێشتر، خوێندبووتەوە کە، لە قووڵایی زەریاکاندا، زیندەوەری تیشکدەر هەن.

تەنانەت، ماسی و جلە و دەعباش، لە پێستیاندا، فسفۆر و بڕێ



تەوژمی کارەبایی بەرهەم دێنن!! بەبێ ئەوەی چاو بگوێزیتەوە، هەستایت. بوویتە ڕەبەن و ڕاهبێکی بودی و چوویتە پێشەوە. لە خولی خۆتدا، وردە چەو و چیلکەت هەڵچنی و... چێوەی بازنە ڕووناکەکەت دیاری کرد... «ئای بازنە چەند مەزنیت. مارێکی کلکی خۆت لە دەو ناوە!! سیمبۆلی سووڕانەوەو گۆڕان و بۆ داهاتوو چوونیت». گەڕایتەوە. گومانت نەما کە ئەوە هەمان ڕووەکە تۆ عەبداڵی بووی لای کەس نەتدرکاند. بازنەکە، لەناو گۆمی تاریکیدا مەلە دەکا، ڕووناکی و تاریکی، بەدووجمگانەی کۆنتراست Contrast ناتەبایان تێ دەگەی، لە چەشنی: نامەیەکی ئەڤینداری، لە تەک پسوولەی ڕەمەکی ئاو و کارەباوە، نووستبێ! ئەمێستا، بیرت هی خۆتە. لە شەوێکی ساماڵی هاویندا، «خانی» لە خەونتدا میوانداریی کردی. هەنگوینی وشەکانی تک تک تکاندە گوێتەوە:

کەسەک وی گیای دبینت، ئەگەر جووت مارێن ئاشقە و ماشقە، لە چاڤێن بەدکاران ڤەشار تبیت.

تۆ ئەڵهای ئەوەبووی، کە لە ڕێکەوتێکدا، شا و شاژنی ماران، لە گەرمەی تێکەڵاویی سێکسدابن، تۆش پڕبدەیتە چارشێوەکەی دایکت و...بیکەیتە پەرژین بۆ ئەڤینە تەلیسماوییەکە. ئەم بەهارە، ئاواتت بەری گرت.

بەئاسپایی، داتپۆشین. پاداشتت ئەو ڕازە بوو کە خەڵاتیان کردی. پەنهانی ئەم درەختە تیشکدەرەیان پێ بەخشیت، هەنووکە، وای لە هەناوی ئەم چیایەدا. گیرسایتەوە و ئەوەش، بازنە ڕووناکەکەی ڕووەکە تیشکدەرەکەیە.

«بیر لە بازنە و گەردوون، (یۆنیڤێرس Universe) ە دەکەمەوە. ئەم گشت کۆستارانە، مەجەڕڕانە لە تەوری خۆیاندا، دەسووڕێنەوە. وەرزەکان، شەو و ڕۆژ دەهێنن، ڕادەکشێن، دەگەوزێنەوە، دەخولێنەوە و بگرە، دەزێن... دەپرسم: ئایا وەک ملوانکە بەداوێکەوە هەڵکێشراون، یان وەک دژە

ناتەباکان، وەکو چەند بەندکراوێک لە ژوورێکی تەنگدا دەبێ پێکەوە بن هەر چەندە حەز بەبوونی یەکتری ناکەن... هێشتاکە وەڵامی دروستم چنگ نەکەوتووە...»

پرسیارێکە و ئاراستەی خۆتە. هەست بەبرسێتی دەکەی، برسێتیی زانست و نهێنەکان. بەکەسەکەی ناوەوەت دەڵێی:

برسی، ئەنگوست لە چاوی ترس دەنێ، برسێتی، پۆشاکی ئاگرە. ئەر برسیی گیانیم.

بەراورد لەنێوان «ترس» و «برس»ێتی دەکەی. بەتەداعیی زمانگۆیی دەزانی.

جارێکی دی، چاوی خەواڵوو لە بازنە ڕۆشنەکە دەگری. دەخازی پێڵووت لێک نێی و... ئەمجارە ڕووەکەکە، پاسی نووستنەکەت بکا، وەلێ وەنەوز نادەی! چوارمەشقییەکی زەردەشتییانە دادەنیشی و بیر لە سەدان مەرگی کۆچڕەوەکە دەکەیتەوە.

«ملیان لار دەبۆوە. هیرۆشیمای چاو و دەمیان دادەچەقاند. تێکەڵبوونە ئەزەلییەکە دەبووە پەیکەری: سەرما و هەست، ئێش و خاک، تەم و مەرگ. میکلانجۆ فریامان کەوە بۆ تاشینی پەیکەری نوێ. ئای... ئاپۆ بۆدلێر، چ تاڵاو و ئازارێکمان چەشت!! ئەوە بوو ژانی سەرمەدی...»

خەو لە چاوت تۆراوە. لەپڕ گوڵئەستێرەیەک دەبێتە میوانی ناو لەپت. تۆ سەرنجی هەناسە ژیلەمۆیییەکەی دەدەی، ئەویش هێدی هەڵدەکشێ و ختووکە بەلەش و گیانت دەدا. ئەمجا هەڵدەفڕێ و لەسەر گۆنات ئارام دەگرێ. تۆش پتر تیشکی هەناسەدانەکەی تێکەڵ بەسۆمای چاوت دەکەی. هەناسەت بەگوێرەی هەناسەی ئەو گوڵەئەستێرە میوانە ڕێک دەخەی. پێکەوە هەناسە دەدەن و... هەست بەبوونێکی نوێتر دەکەن

«خۆم... بەگوڵئەستێرە دەزانم... نهۆ یەکین...»

بڕیارت داوە، پاش کۆچڕەوەکە، کە زۆر ملێ بوو، ڕووەکە تیشک



پژێنەکەت بکەیتە مەشخەڵ. ئەوا مێشکت لە کاردایە و... ئاگاییت، خەونەکەتی تاراندووە. گشت هەستەکانت لە سۆمای چاوتا پەنگاونەتەوە.

«دەیانویست لە چەقی خۆما، بێ هوودە بسووڕێمەوە! گوتم: ئێمە قەرداری ئەم خاکەین. منداڵ چۆن دەتوانێ پاداشت و قەرەبووی گۆی مەمکی دایکی بداتەوە!! چۆن!؟»

وەڵامیان نەدایتەوە؛ وەلێ کوڵی هێسترێک ڕقی ئەستووریان بۆت مەڵاس دا.

زەوی ژیانە. مرۆڤایەتیمان بەخاکەوەیە. ئەوەتانێ، لە تەنیایی ئەم مەڵبەندەدا، خۆت بەتەنیا نازانی و (جێگات) باوەشی بۆت کراوەیە، بۆیە سەرەتا و کۆتاکان پێکەوە گرێ دەدەی: شەو و ڕۆژ، ئێرە و ئەوێ، ئەوان و تۆ، کوڵدان و تێکۆشان. بەخۆت دەڵێی: مێشکم ئەو مارەی تێدایە کە کلکی خۆی دەمژێ و بۆتە بازنەیەکی پیرۆز. نەمری... نەمری.

نەتویست کاتی (ئاسۆیی) بەسەر بەریت، تۆ هەمیشە شەیدای کاتە نۆژەن و (بازنە)ییەکان بووی. دەتخوازی وەرزە زێڕینەکان دەسگیر بکەی، هەر بۆ ئەو نیازەش، لە داوێنی هەڵکشانەکەدا، کاتژمێرەکەت بەخشییە نەناسێک لە حەشاماتی ئەو کۆچە.

«کاتژمێری هۆشم، ڕێنماییم دەکا. قیبلەنامەی خۆم پێیە و کابە و ڕووگام قەندیلە...»

چیات بەکەشتی نووح زانی. ئەوەی بەجێ ما، خۆراکی نامێنێ. ئەوەی خۆراکی نەما، دەمرێ... دەمرێن. سۆز و بەزەیی دانسقە و دەگمەنن!

کاتە هار و بزرکاوەکەت چەشنی ڕەشەبا و لافاو هاتە پێش چاو، کە پیشەیان ماشینەوە و ڕاماڵینە. ئەو دەمە، تۆ هەست و خوستت ئەوەندە خەست و خۆڵ بوون، هەناسەی زەویت دەژنەفت، چپەدووی گەڵا و ئاوت دەبیست؛ تەنانەت ترپەی دڵی سیمۆرە چاوزیتەکانی سەر چڵەکانیش، گیانی نوێیان دەخستە بەرتەوە. تۆ زاڵ بووی بەسەر ئێشی فیزیکی

لەشتدا. تۆ لە سەرووی زەمەنە مێژووییەکەوە بووی و... مەرگی ڕۆحیش لەتۆوە دوور دوور بوو، ئێجگار دوور. ئەوەی خۆی زام بێ هەست بەزام ناکات... ئێمە کانگای ئێش و زام و ئازارین...

«پیاح!! ئەم ڕاچەنینە ڕەوە بەهارییە چ تەقس و سرووتێکی هەمە لایەن بوو!! نوواندمان و... خۆمان ئەکتەر و هەم دەرهێنەر و کۆمبارس !! نووسەرەکەی لە دوورەوە دەخەنی و بێ گوێدانە تێکەڵبوونی تراژیدی و کۆمیدی. هەمان تەقس و سرووت و نوێژە بارانە، هاوار و لاڵانەوەمانی گەیاندە هەندەران و گوێچکەی لۆکە ئاخێندراوەکان...هەڵەبجە».

گرمەگرمی تۆپە دوور هاوێژەکان و دەستڕێژی هەلیکۆپتەر، لەو گەرمەسێر و پێدەشتانەدا، بووە تەپڵی پێست ڕەشەکان و... جۆرەها غەریزەی زگماکییان دەراند. دەیان بوونە خەڵووز. سەدان لە شێوەی گەڵای خەزەڵوەر لەو کێڵگانەدا کەوتن. دروێنەی هاوەن و ڕۆکێت و B.K.C. بوو خێزانان لە یەکدی دابڕران. مێرد ژنی خۆی ون کرد. دایک سەرگەردان بەدوای ڕۆڵەکانی. تۆ ئەو دەمە، بیرت لە (بەهەشتە ونەکە) دەکردەوە.

خۆ ئەگەر لە خاکی ئێمەدا نەبوو، ئەوا بێگومان (دۆزەخە ونەکە)ی لێیە.

لە بیرتە، لەو گەرمەسێرەدا مامۆستا بووی لە «حەوتەغار». هاوسەرەکەت سەرەڕای دووگیانی و مانگی خۆی، تووشی دەردێکی گران ببوو. لە چاوەڕوانی ئۆتۆمبیلدا، لە داوێنی ئەو شەقامەی نێوان کەرکووک و بەغدا، کە تازە کۆمپانیای C.A.T خەریکی چەوڕێژ و ئیسفەلت کردنی بوو، لە نزیکی پردەکەی (داقووق)، مەڕێکی ئاوس زا و یەکسەر مردارەوە بوو. تۆ وروژایت و دڵت داخورپا. کارەساتەکەت چوواند بەهاوسەرەکەت، هەر بۆیە بەرخەکەت لە خاوەنەکەی کڕی و سواری ماشینێک بووی و تکات لە شوفێرەکە کرد خێرا باژوێ، لە ناو شاردا عارەبانەیەکی جووت ئەسپت بەکرێ گرت و لەوێش داوات کرد گورج لێخوڕێ، دوو سێ قامچیی گەیاندە پاشەڵی ئەسپەکان و لە ناکاو عارەبانە لابۆوە هەڵگەڕایەوە... تۆ بەرخۆڵەت بەباوەشەوە بوو، هەنگاوی توندت بەرەو ماڵەوە نا. لە نزیکەوە



گوێت لە گریان و فیغان بوو. زانیت کار لە کار ترازاوە. دایکت گوتی: لە مەلابانگدانەوە داوای تۆی کرد و دیارنەبووی: ژنێکی بەساڵاچوو پێشنیازی کرد کە لەو ئازارە ڕزگاری بکەین بەوەی کراسێکی تۆ لەسەر سنگی دانێین «کوڕە شیرینەکەم، دەستبەجێ ساردبۆوە و...»

دایکت ناوچەوانتی ماچ کرد. «کوڕم دوا وشەی ناوی تۆ بوو لەسەر زمانی. ئا... بەر لە هەفتەیەک کچێکی ژیکەڵەی بوو» لە پاش مەراسیمی ناشتنی و کڕینی کەلوپەلی پێویست و مەمکەمژە و شیری قوتوو بۆ بەرخۆڵەکەت، (لەیلا)ت بەدایکت سپارد و گەڕایتەوە بۆ (حەوتەغار).

لە ناو شەمەندەفەرەکەدا بیرت لە داهاتووی لەیلا و بەرخەکەت دەکردەوە. وەکو چاوی خۆت ئاگاداری بەرخۆلە بووی و دایکانە بەخێوت کرد، کە گوتت دایک ئیتر هەموو شتێک تەواو دەبێ و وشەی فەرهەنگی لە توانایدا نییە چیتر بڵێ. لە دوای مانگێک، لە نیوە شەوێکی چوارشەممەدا، لەبارەی بەرخەکە لە خەو ڕابووی. چوویتە هانایەوە، وەلێ ئەفسووس... گیانی تێدا نەمابوو!! لە دڵی خۆتدا گوتت: لەیلاش مرد. بەیانییەکەی، پاش تەواو کردنی وانەکانت، چوویتە شار و یەکسەر بەدایکت گوت: دەزانم لەیلا نەماوە، بەڵام دەمەوێ دڵنیابم و بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە:

– شەوی ڕابردوو مرد و لە نیوەشەودا... وا نەبوو؟ بەچاوێکی پڕ فرمێسک و دەروونێکی خەمگینەوە گوتی:

– بەڵێ وابوو...چۆنت زانی ؟! تەمەنی دا بەتۆ و هەر ئەمڕۆ ئەویش لەتەک دایکی دەنێژین...

داتە پڕمەی گریانێکی بەکوڵ کە هەرگیز وا لە تەمەنتدا فرمێسکی وات نەڕژتبوو.

«لەوەتی ئادەم لە بەهەشتی دڵارا دەرکراوە، نەوە لە پاش نەوە وێڵ و سەرگەردانن لەپێناوی (یەکسانی)ی باڵا و (کامەرانی)ی باڵا و

(ئاسوودەیی) باڵا. هەمیشە تووشی دڵەڕاوکە و نائومێدی و (ژانی سەدە) دەبن. ئەز... دەمێکە لە عاست ئەو تێرم و زاراوە باڵایانەدا باوەڕم لەق بووە و گۆمی تێڕامانم شڵەقاوە... پێم ناڵێن: لە کام سەردەم و شوێنێکدا، ئەو قەقنەس و سەمەندەر و تەیری عەنقایە نیشتوونەتەوە؟ دڵنیام... تەنانەت لە بارەگای زیۆس و ئاهورامازداش نین. نەبوونە و نابن...»

ئەوانە لە وشەی سەرزار و قامووس بترازێ، تەنیا هێما و سمبۆلن. هەزاران ساڵە وەکو تووتڕک لکاون بە بەژنی تەمەنمانەوە! سەربەستی و ئاشتی و شادی و ڕاستی و هتد... گەر گیانلەبەر بوونایە، ئەوا سەری نەوازشیان بۆ گەدەیەکی برسی و زمانێکی تێنوو، دادەنەواند. کرنووشیان بۆ مەمکێکی بێ شیر دەبرد. نوێژیان بۆ ئەم درەختەی تۆ دادەبەستا. بیردەکەیتەوە و لە دۆخێکی گیانی و ناسک دای.

«ئادەمیزاد، کە تێر بوو، پتر چێژی لە ئاستی هونەر و جوانی دەپشکوێ...»

لە چوارڕێیانی «ئەحمەد ئاغا»ی شاری باوەگوڕگوڕدا، لە گوللە بارانکردنی لاوە چواردە ساڵییەکەدا، جوانیت هەڵدەمژی. نیگات بەرینتری بەدی دەکرد. گوێت فرەتری دەبیست. ژمارەی هەستەکانت لە ژمارەی ئاساییەکە تێپەڕیبوون. سووکە دیوارێکیان لەوێ بەبلۆک بۆ بەرز کردەوە. هەر دوو مەچەکیان توند توند شەتەک دا. چاو و دەمیان بەپلاستەری برین داخست. شەش کوڵەبنەی ڕەشتاڵە بەکلاشینکۆفی بێ قۆنداخ، گوللەبارانیان کرد، هەر یەکە و هەشت گوللە، چل و هەشت گوللە لە سینگی و لەشی دا، کێڵگەی خوێنیان نەخشاند. تەنانەت، پارەی فیشەک و بلۆکەکانیان لە دایکە کوڵۆڵەکەی ساند!! هەش بەسەر دایکایەتیی وڵاتی ئێمە.

«ئاخ...داخ...وای...سیپەلاکم هاتە ژان و دەستم بە هەناومەوە گرت نەبادا بڕژێ»



پێڵاوە سەوز و زەرد و سەوزە (ADIDAS)ەکەی دارماڵ بوو لە خوێنی ئارگۆنی و گوڵەهەناری، ئەدیداس All day I dream a bout sport دەبێ چەند دڵی بەو پێڵاوە خۆش بووبێ و چەند خەونی بەوەرزشەوە دیبێت. ئەم ڕامان و پرسیارانە، پێڵاوەکەی ڤانکۆخت وەبیر دێنێ.

ئاواتت بۆ شێوەکارێکی کارامە و بەجەرگ خواست، کە ئەو پێڵاوە بێ نازانە بکردایەتە بابەتی کەڤاڵێک، چەند ڕۆژێک لەپێش بانقەکەدا مانەوە. کەس دڵی نەدەهات لایان بەرێ، هەتا بەرگ سەوزێکی سمێڵ شۆڕ، فەرمانی بەگەسکدەرێ دا بۆ ئەوەی بییانهاوێتە ناو ماشێنی زبڵبەری شارەوانی. تۆ هەرگیز لە یادت ناچێ، ئەو لاوە پڕ باوەڕە، نەئازار بەسیمایەوە دەرکەوت و نەترس!!.

بەڵکو چاوت لێ بوو، دارگوێزێکی قایم بوو ئەو دڵسەنگانەی دەتۆقاند.

ئەوان لە تەرمەکەشی دەترسان و زراویان چوو بوو!!

«خەوم زڕاوە. پاتاڵ دز زۆر بوونە. شەڕەخۆر... نەبادا ئەم ڕووەکە پیرۆزەشم، لە مەرزەوە، ئاودیو بکەن. ناخەوم. لەگەڵ گزنگدا، لە کازێوەدا بەختەوەرانە، بەدیاری دەیبەمەوە بۆ ئەوانەی چاوەڕوانیی تیشکی ڕووناکی و سەرفرازین.»

چاک دەزانی، ئەو دیارییەت دڵی قەندیلە و دەیکەی بەمەشخەڵ بۆ ئەوەی ئیدی، دووبارە و سێ بارە، مەسیح لە خاچ نەدرێتەوە.

***

## برسێتیی پیرۆز

بەوە دەچێ، هێـــزی ســـێـــبــــەر

تۆڵە لە منداڵانی ڕووناکی بکاتەوە!!

**چارل بۆدلێر**

ماڵتان، لەبەر هێرشی دڕندانەی سەر «گاورباخی» و دەوروبەری، سیخناخ بوو. خوشکت و مێردە کۆڵەوارە شەوکوێرەکەی و کۆشێ زارۆڵەی سەروبن. خێزانە تورکمانەکەی دراوسێتان کە تەنیا ئێوەیان لەم (خانزادە)دا شک دەبرد، چوار نێرینە و پێنج ئافرەت- تۆش لەگەڵ کوڕەکانت و بێ دەرامەتی، ڕووتان لە بازاڕی هەرمێنی (شێخەڵڵا) کرد بۆ مامەڵە و سەودای سەر پێیی. گرانی پەرەی سەند و گەر بەلیستی نرخەکاندا بچیتەوە، ئەوا تووشی ژانە دڵ دەبی. تۆ مل دانانەوێنی بۆ خواستی ئەم و ئەو. نابیتە پەیژەی کەس. لە هەوەڵ ڕۆژی هەژان و ڕاپەڕینەکەی شاردا، بەتەنگەتاوی بەشدار بووی لە چەقی شەقامی (کانی)دا ئامبازی برێ چەکدار بووی. بەهاناتەوە نەهاتن و کەچە چەکێکیان نەدایتێ! بۆیە چەکی وشەت خستەکار و هەرگیز نەگەڕایتەوە. خۆت کردە پێشەنگی بێ چەکەکان. لە خەڵکەوە سەرچاوەت هەڵگرت و بەگشت توانای قوڕگت جاڕی خۆت دا:

بڕووخێ دامودەزگای فاشیستە کۆرپە خنکێنەرەکان. دەستم دامێننتان، تۆڵەی ئەنفالەکانیان لێ بسێننەوە، تۆڵەی هەڵەبجە و... بالیسان و... شێخ وەسان و...گەلی بازێ و... خوێنی بەناڕەوا ڕژاو و... ژنە ئەتککراوەکانمان لە باشوور و ڕەشماڵ نشینەکان... قوربانتان بم دەس مەپارێزن...



تۆ ئەو ڕەنجە و... پاشان، دابڕرانی بنار قەندیلت لەبەر ئەوە بوو کە زیاد لە پێویست ڕادەمایت و... پتر لە پێویست دەتخوێندەوە و... فرە عاشقی پشکنین و متۆی دۆزینەوە و داهێنان و ئەفراندن بووی.

لەم کۆڕەوەدا، چاوانی جوێ جوێ و هەمە چەشنەت دی: چاوی پشکۆ و چاوی شۆڕ، چاوی هەڵۆ و چاوی سیخوڕ، چاوی وێڵ و چاوی یاخی، چاوی دەبان و چاوی ژەنگ، چاوی کۆرپە و چاوی ئەرژەنگ...

کاتێ، لە سیلەی قەڵاتەوە ڕووت لە هۆڵی «میدیا» دەنا، بەچاوی خۆت ترومبێلێکت دی بەر ڕۆکێت کەوتبوو. هەر سێ کەسەکەی ناوی ببوون بەڕەژوو، بەشێوەیەک شێوابوون کە، کەسوکاریان لێکیان نەدەکردنەوە و بەکۆمەکی نێژران. ئەوسا بەخۆت گوت:

پارە. پارە و بەس، تانوپۆی پەیوەندییەکانی تەنی و بووە هۆکاری هەرەسی زۆر کەس کە پێشتر لافی شۆڕشگێڕی و گەزافی نیشتمانپەروەریبیان لێ دەدا!!

گیرفان مۆتەکەی دزێوی و حەزیای شەهوەتی ڕەها کرد. تاڵان و بڕۆ...شەرەخۆری و شۆفەڵ قووتدان!! تۆ بڕوات بەبت و بتەوان نەبوو، ڕاستگۆ بووی بۆیە ئارام ئارام پەتی ڕێگات گلۆڵە کرد. خاو و خێزانت پێش خست. هاوسەر و دوو کچ و کوڕی هەرە بچووکت. هەر یەکەتان کۆڵی خۆی بەشانەوە. چوار کوڕە گەورەکانت جێ مان بۆ بەرەنگاریکردن پاش ئەوەی چەکداری زۆر لا پاشەکشەیان کرد. جۆبڵاو... ئەوان زوو دەستیان دایە کلاشنکۆف و R.B.G. و لە ئێوە دابڕان، تۆ لەبەر دەرگادا نان و خۆراکت لەگەڵ میوانەکانتدا برابەش کرد. پاش چارەکە سەعاتێک، ئاگاتان لە یەکتری نەما. گەیشتنە سەر شارێیەکە و هاوارت لێ کردن.

دایکی شوان... ڕێزان، شیلان، کارا فریا کەون. وا دەنگی هاوەن و دەسرێژی هەلیکۆپتەر دێ.

نەیانزانی ڕوو لە کوێ بکەن تۆ خێرا چاوت گڕ دا و پەنجەت بۆ چەند

لوولەیەکی کۆنکریتی درێژکرد. بەگورگە لۆقە و خۆ چەماندنەوە، خزانە ناو لوولەکانەوە.

تومەز بەر لە ئەنگۆ، کۆزێ خێزان خزابوونە ناو لوولەکانەوە. لەوێ دڵی منداڵانت دایەوە. بیــرەوەریی منداڵیت دێتــەوە یاد، لە شــەڕی دووەمی جیهانیدا...

«کە لە مێشکی مرۆدا، کۆمەڵێ وێنە و ڕوخسار و شار و ڕووداو کەڵەکە دەبێ، ئەوسا هەڵبژاردن و دەستەچنی برێکیان دەبێتە داوی چنینی جێگات و شۆڕ بوونەوە بەقووڵایی یادەوەریدا. ئا لەم کاتە ناسکانەدا، مرۆڤەکە پڕ بەســیــەکــانی هەناسـە دەدا. هەست و بنهــەســتــەکــانی تژی دەبن. لەم کــاتانەشــدا، بەزەقی بۆی ڕوون دەبێــتــەوە کــە لە ژیاندا، هەندێ ڕێڕەو بەچەوتی کێشراون، بگرە ناڕەواییش هەیە لە تەرتیبی شتەکاندا، کەوا پێویست بەگۆڕین، یان لابردن دەکەن. گەر ئەمەیان نەلوا ئەوا مرۆڤەکە پەنا دەباتە باڵی ئەندێشــە و خــەیاڵ و فــانتــازیا. لە پاشــان، وردە وردە دەیسپێرێتە سەر کاغەز، بەوشە بێت، بەڕەنگ، بەهێڵ، یان بەجووڵە و دەنگ و... هەر نەبێ بە بێ دەنگی. گرینگ ئەوەیە شتێکی نووژەن هەیە و هەڵی دەڕێژێ. وەکو خەون دێتە بیرم کە لەو جەنگە نەگریسەدا، فڕۆکەی زەبەللاح و ڕەش و بۆر ئاسمانی شارەکەمانی داگیر کردبوو. ئەز وەکو ئەم منداڵانە زەندەقم چوو بوو، خاو و خێزان کۆچمان کرد بۆ «شێخ جیری»ی نزیکی «خاڵە بازیانی»ی خزمانی دایکم.

ئەمــێــســتــا، ئەو ڕۆژگــارانە، تنۆک تنۆک دەرژێنە ناو بادەی یاداشتەکانتەوە.

بیرتە لەوێ هەڵگژایتە قەد شاتوویەک و ویستت بەلقێکەوە شۆڕ بیتە خوارەوە، بەڵام کە سەرنجت لە خوارەوە دا تۆقای، زۆر بەدژوارت زانی و زیرەت لێ هەستا و لەوێ بەهەڵواسراوی گیر مای. کەسانێک کە لەو ئاقارە بوون بەهاناتەوە هاتن ئیتر لەوەپاش، لە ترساندا، هەفتەیەک لە جێ کەوتی و سکت ڕەوان بوو. ئەوە نییە، هەنووکەش لە ترسان بێ یان لە



برسان، کۆچڕەوەکان تووشی سکچوون و ڕەوانی بوون.

گرمەی تۆپ و زیقەی ساوایان تیکەڵ بوون. تۆ لە هیچ سڵت نەکردەوە چونکە لە فرۆشگەی درۆخانە و هەرەشەدا، خۆت هەرزانفرۆش نەکردبوو. دڵنیا بووی، چوون تۆوێکی نوێ، قسەکانت لە کێڵگەی دڵاندا شین دەبێ، دەڕسکێ. بەنەرمی چرپاندتە گوێی دایکی منداڵانەوە:

ئەم گەمەیە، کات و پشووی دەوێ. خوێن و ڕەنجی گەرەکە.

نیازت وابوو پەلی گومڕاو بەنجکراوەکان، لەو تەم و دومانەوە ڕاکێشی.

– باوکی شوان، ساویلکەیی و نووچدان بەس نەبێ!

– ئەوانە، نەنگی و ڕیسواییین بە تەوێڵمانەوە.

لە شەش سەد و دوازدەی پێش زایینەوە، هەتا هەنووکە، چاومان بڕیوەتە ئاسمان و هەڵەکانمان – وەکو دڵۆپەی باران و ئەستێرە– لە یەک دەچن!!

چەند پات دەبنەوە!! ڕادەپەڕین، قوربانی دەدەین، ئەنجام: تەفروتوونا دەبین!! کردەی هەژارە و بردەی کەمتیار.

– گەلی برادەرینە، خۆخۆرین، مردوو پەرستین.

بەو زەلامەی تەکت گوت کە سەرلەنوێ کەوتنەوە ڕێپێوان بەرەو پێچ و هەورازەکانی هاوینگەی (پیرمام). یەکێ پاڵپشتت بوو.

– دیارە، فرچکمان بەهەڵەشەیی و کورتبینی گرتووە!

دەنگێکی دیکە: لەخۆ باین. دەسخەڕۆی کەسانێکین.

تۆ، زوو پەیبیت بەبنەمای دۆز و کێشە سندم کراوەکە بردبوو. ڕێبازت مەبەست بوو، ڕووگات نیاز بوو. دەتزانی کە ڕێچکەی نادیار بەرەو توونی گومبوون؛ هەڵدێران دەچێ.

– ئەنگۆ... لۆ کێندەرێ دەچن؟!

– نازانین.

– ئەمەش وەکی ئەنگۆینە.

– تەنانەت، هەولێریش نیین.

ئەوجا خودی خۆت دەدوێنی.

«گەر ئامانج یەکە، ئەی بۆ یەک ناگرن؟! ئەم هەمـوو سەراگـۆمی و دوڕدۆنگییە لەپای چی؟! دەستکەوت و بەهرەی کێی تێدایە؟!!»

خۆت وەڵامی خۆت دەدەیتەوە:

«چونکە شوان و گـاوان و سەرکـارمـان زۆرن، ئەدی وا نەکەن، لە کـام شـانۆدا، سنگی فـەرمـانداری و قـەڵەمـڕەوییـان بنوێنن!! ئا... ئە... مـە... گرفتە... کە... یە...»

هاملتـانە، پەنجـەت لەسـەر زامـەکـە دانا. (هەبی یان نەبی). ئەوە پرسیـارەکە بوو. تۆ لایەنی هەبوونت هەڵبژارد و...ئامادەی بەرپرسیـاریت. لەناو شـاردا، هەبوون بەعـەقـڵت پێدەکـەنین. تێـزیان دەهات و زمـانیـان دەردەهێنا.

دەنووکیان لێت دەدا. هەبوون تفت و تووڕە بوون. هەشبوون. کەپسـوولی بێـدەنگیـیـان قـووت دابـوو. ئەوانە هاوتـەریبی دەنگت بوون، لە پەنجـەی دەست و پێ پتر نەبوون؛ وەلێ ئێوە و ئەوان، گوریسێکی گرژبوو، لە دوو لاوە، بەتوندی بادەدرا و رادەکێشرا. باتان دەدا و ڕاتان دەکێشا. بادان و ڕاکێشان... ڕاکێشان و لوولدان... ڕا... با... لوو... ل.

ئەوان و ئێوە، ئێوە و ئەوان... بۆیە دەبوایە بپسێ و... پسا.

ئەوان بەو لاوە. ئێـوەش بەم لاوە. ئەوان زۆر و بۆر. ئێـوە کـەم و قـاڵ. ئەوان هەمـوو شتێکیـان بەدەست بوو. ئێوە گیـرفـان کـون. ڕۆژێ یەکـێکت لەوانە گەمارۆ دا و داخی دڵت پێ ڕشت.

– ئەز زمانی پەتی نیشتمانمە. ئێوە بێچووە دیناسۆرن.

پایە و... مایە و... سایە پەرستگاتانە.

وەڵامت لێ نەبیست. تۆ هێرشە زارگۆیییەکەت توندتر کردەوە.



–تۆ... هەڵەداوانی پێش بلندگۆ و بڕۆجکتۆریت.

– ئەی جەنابت؟!

– ئێمە خاکین. دەم و مێشکمان پشتیوانمانە.

ئێوەی قـەلەندەر، دەست سپی بوون وەکو چوری شیر، ڕووسپی و دەروون پاقژ مانەندی کانیی عاشقان. خاوەندی ڕازی خۆتان بوون بۆیە وشەی ژێر و بەرزفـڕی گلنادایـەوە. لە دڵتـانەوە یەکـڕاست بۆ سـەر زمـانتـان، لە زمانتانەوە بەرەو ڕووی ئەوانگەل.

«ئەگەر گوێیـان لە عـاست وشەدا کەڕ بێ، خۆ وشە بەرد نییـە بکەوێتە سـەر زەوی. ژێراو ژێریش ناکـەوێ. وشـە، باڵدارە و بەرز بەرز دەفـڕێ. دەگاتە تلۆفکی درەختـان. لە ترۆپکی کەژان هەڵدەنیشێ و... لە شەقەی باڵ دەدا ڕووەو نەهۆمەکانی ئاسمان...»

ئێـوارەی پێش ڕەوەکە، دەگەڵ گەنجێکی مێشـک کراوەدا گەیاندتانە ئەو ئاکـامـەی کـە وشـەی وەک ڕاسـتـەی خـوێندکـاران، لاری و چەوتـی نازانێ، هەتاکو گوێیەک دەقۆزێتەوە. هەتاکو دڵێک نازی هەڵدەگرێ... دەنا، هەرێم و کـیشـوەران تەی دەکا؛ قـوللەی قـاف... چین و مـاچین... شـاخ و زۆنگ و دورگە و گەلی و زێ و دەربەند و دەشتی کاکی بەکاکی دەبڕێ. وشە قومری و کەناری و کەو نییـە لە قـەفـەز و سیـمـبەندا بەند بکرێ. (وشە لە پێشـدا هەبوو)...

– ئەگەر وشەت بەند کرد دەیکوژی.

مافی خۆتە ئەگەر بەرانگژیی چەندانێک بوەستی، کە کرۆکیان دەناسی.

بەتـەنگی ئەوە نیت، بەند و بـالۆرەت بۆ هەڵـبـەستێ و زوڕنا و دووزەلەت بۆ بژەنن.

«لە کۆمـەڵگەی سەر ڕێگاکەدا، جـووتێ هەلیکۆپـتەر، دوو سێ مـاشێنی سووتاند و خـەڵکانی لە خوێندا گەوزاند. یەکێکیـان زوڕناژەن بوو. زوڕنا خوێناوییـەکەی بەبێ ناز لە تەکی کەوتبوو. لەوێ سەروبەرکران و بەخـاک

سپێردران، تەنیا پیادەرەوەکان بەشداری ناشتنەکە بوون! خاوەن سووپەر و ڤۆلڤۆ و ئۆزمۆبیلەکان، لە خۆیان بترازێ، ئاگایان لە کەس نەبوو. حەشرە کرمانج بوو... های حەشرا! دێتەوە یادم لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولدا، لە گۆڕستانی نزیک بە قوتابخانەی (ئیمام قاسم) خۆم مەڵاس دا. پێشتر لە پۆلێکدا وانەی نیگارکێشانم دەگوتەوە، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ئاگاداری کردم دوو پۆلیس و سویلێک لە من «دەپرسن. دەستبەجێ زانیم کە بۆ دەسگیرکردنم هاتوون. لەو ڕۆژانەدا، ڕەشبگیری شاری (ئارابخا)ی گرتبۆوە. دەرگای پۆلەکەم زوو داخست و خۆم هەڵدایە سەر ڕەحلەی نزیکی پەنجەرەکە. قوتابییان مات و سەرسام بوون، کە لەوێوەش ئاودیو بووم بەرەو گۆڕستانەکەی (قرخلەر) لەوێ تاوێک خۆم شاردەوە»

ئاسمان، کوندە و گاوسەکانی سەرەوخوار کرد. ئێوە تەڕبوون. ئەوان نا. ئەنگۆ برسیتان بوو. ئەوان نا، دەمردن، ئەوان نا. ئەمە بووە جیاوازیی ڕەشە کۆچەکە و... سوورە کۆچی ئۆتۆمبیلان، کەچی لە ناختدا، ئێوە ڕەنگی سوورتان هەڵبژاردبوو، ئەوانیش ڕەشبێن و تاریک دەروون!! وای... لە هێمای ڕەنگ و ڕەنگکاری!!

«سەگێک و باجسێنێک بەدوای تەرمی ڤانکۆخەوە بوون! فرمێسک بەشی ئەو هەموو مەرگەسات و نالەبارییەی نەدەکرد، بۆیە، لەجیاتی ئێمەمانان، ئاسمان بەخوڕ دەگریا و... شەلاڵی کردین... یاخوا بیکەیتە باران... بۆ فەقیر و هەژاران، وەلێ ئەو بارانە، زۆری سپاردە گۆڕی ئەو گرد و تەلان و زوورگانە. گۆڕستان، هەتا سنوور، گۆڕمان چاند...»

هەر چەندەش، ڕقی پیرۆزی ناخە تووڕەکان تێکەڵی خوێن هەڵهێنانەوەی پیر و ستەمدیدەکان دەبوو، ئاوێتەی گریانی بێدەنگی دایکان دەبوو کە لەبەر نەبوونی شیر و ئازووقە، جگەرگۆشەکانیان لە لاڕێدا فڕێ دەدا، مەگەر ئەو دیمەنە لە تۆفانەکەی نووحدا ڕووی دابێ، هەرچەندە تۆفانەکەی ئێوە دەستکرد و بێ دەریا بوو. تەلیسمێک گوڕی بەهەنگاوەکانت دەدا و... نەمامی مانەوە و ژیانی لە دڵی زۆر کەسدا دەچاند. ئەوی نانەڕەقێکی



هەبووایە، لە بیلبیلەی چاوی زیاتر دەیپاراست و تۆوی وشک و گوڵەبەڕۆژە و هەنجیری پووت، وەچنگی گیرفان بەتاڵەکان ناکەوتن! لەو چەندین ڕۆژە کەمەی ناو شاردا، دەزگای داپڵۆسێنەری عەفلەقییەکان پاکۆ دران. شێرکۆی هاوڕێت ڕووی دەمی لێ نای:

– ئەرێ، مامۆستا میرزا، چی بۆ ئەم ڕاپەڕینە مەزنە دەنووسی؟

سەرت دانەوەنا و بەخەستەوشە، وەڵامێکی پەلەت دایەوە.

– شێرکۆ گیان، بۆ وشە هەیە بگاتە ئەژنۆی، یان قولەپای ڕاپەڕین!!

وایە. پاش ئەوەی کارەکەمان بڕاندەوە، ئەوسا ئەوانگەڵ شۆڕ بوونەوە.

– دەمخۆش. جا کاکی برا، بۆ دەستەواژە و ڕستە هەن بەهانای ئێش و برسێتی و مەرگەوە بێن!!

– فوئادی نیگارکێش... سەد مخابن، لاوێک بوو، پێشبینیی مەرگی خۆی دەکرد لە ڕەنگەکانیدا.

– وێی، وێی... ئەستەمە گشت ئەو جوامێرییە بخرێتە ناو پریاسکی وشەی فەرهەنگەوە.

جاڕی خۆت دا: «ئەمڕۆ... ڕۆژی کەوڵ داماڵینە.» دارکەژەکانی «مەلا ئۆمەر» سەرنجت بەباڵای خۆیانەوە هەڵدەواسن. خۆت و هەردوو کیژ و کوڕەکەت، ڕەوی سەر شارێییەکەتان پەسند نەکرد، گرداوگرد شۆڕ بوونەوە ناو چغورد و چەمەکانەوە. کێشکەیەک بەبەر چاوتانەوە هەڵفڕی.

«کێشکە... وەرە بەکێشمان کە. سەرماتە! ئێمەیش وەختە ڕەق هەڵێین. دێتەوە یادم لە پۆلی سێهەمی سەرەتایی قوتابخانەی «بولاق»ی تێکەڵاو کە تەنیا سێ پۆلی کچان و کوران بوو. گۆڕەپانی یاریکردنمان حەوشەی ماڵە ناسراوێک بوو لە «سجادی»یەکان. ئا... کێشکەیەک خۆی بەکونی دیواری خانووەکەی تەکمانەوە کرد. منیش بێ سڵەمینەوە، هەر زوو دەستم بۆ درێژ کرد، ئا دەستی چەپم بوو، هەر چەندەش هیچم بەدەستەوە نەهات؛ بەڵام دەستم بۆ نەکێشرایەوە!

هاوارم کرد. قوتابییان کردیانە هەڵا و چەپڵەلێدان. هاوارەکەم کردە گریان، ئەوان گورجتر گەرمتر چەپڵەیان کوتا. مامۆستای وەرزشمان «ست عەدەوییە» بەهەڵەداوان هات و بەبێ ئەوەی لە کێشەکە بگات، گورج سێ چوار ڕاستەی بەشان و پشتما کێشا!

کە زانیی نابزوێم و دەستم مجرۆی دەرزی کونە دیوارەکەیە، چوو بۆ بانگکردنی بەڕێوەبەر. ئەویش قوتابییەکی نارد کە زەلامەکەی دراوسێمان بەهانامەوە بێت. بەکێشمەکێش و لابردنی بەردێک، دەستە ورووشاوەکەم ڕزگاری بوو. لە خولگەمدا، هەندێ مات و سڕ بوون. هەندێکیش پێدەکەنین. بەڕێوەبەر بەتووڕەبوونەوە دەری کردم، بۆ ڕۆژی دوایی، نەنکم زۆر لە مامۆستایان پاڕایەوە کە بمبوورن بەو مەرجەی واز لە هەڵەشەیی و بزێوی بێنم. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی، داوای پسوولەی چوونە پۆلی یەکەمیان لێ کردم بۆ ئەوەی بەمامۆستا دامەزرێم. لەپێش هەمان قوتابخانەدا، بە شەرم و شکۆوە، داوام لە ژنە کارگوزارەکە کرد بۆ ئەوەی داخوازییەکەم بگەیەنێتە بەڕێوەبەر، پاش جگەرەکێشانێک، هەمان بەڕێوەبەری جاران- کە قژی ماش و برنج ببوو- فەرمووی چوونە ژوورەوەی لێ کردم. شەرمنانە دانیشتم و هەنیەم جواناوی دەتکاند. بەڕێوەبەر ڕووی دەمی لە مامۆستایان کرد و گوتی: ئەم مامۆستا گەنج و هێمن و سەللارە، لەمەوبەر زۆر سرک و بزێو بوو، دەستی لە کونە دیواری حەوشەکە گیرما و ناچار بووین مام فەتاحی بەننامان بانگ کرد بۆ ئەوەی بەردێک لە دیوارەکە دەربێنێ. ئەو کات هەر هەندە مابوو بەناخی زەویدا ڕۆچم و نازانم لە شەرمان چیم هەڵوەراند!! پسوولەکەی ئامادە کرد و منیش بە ڕێزەوە دەستیم ماچ کرد...»

«دیارە ئەنگۆ لە لوغمان باکتان نییە» دەنگێ گوتی.

«بابە، با لێرە وچانێک بدەین.» کارا گوتی.

«پرس بەمن مەکەن بەڵام...»



کارا بەڵامەکەی قرتاند و گوتییەوە:

- بەڵام... دایە. ئێستا دەبێ گەیشتبێتە کوێ؟!

- دەبوایە، لێمان جیا نەبوایەتەوە.

شیلان وەڵامی دایەوە و تۆش دەسبەجێ گوتت:

- ئەو لەشی قورس بوو. ڕێی بۆ نەدەکرا. خالیدی کەرکووکیش تەنیا یەک جێگەی لە بەرازیلییەکەدا هەبوو.

ڕێزان گوتی و چاوی گرتبووە حەشاماتە خرۆشاوەکە.

- ئازووقە و پارەمان لە لای ئەوە! هەندێ نەبێ.

تۆ بەخۆت گوت: «کاتی دەمامک لادانە».

وات هەست کرد کە نینۆکێکی پۆڵایین چڕنووک لە ناخت گیر دەکا، بۆیە تەعامول و هەڵسوکەوتێکی نوێت لەگەڵ کات و مێژوودا کرد.

«مێژوو بەشێکە لە زەمەن. پارچەیە لە گشت؛ بەڵام زەمەن مێژوو نییە، مەزنترە، پیرۆزترە، بەرینتر و هەرامەتر، ئەوەی لە کاتدا تۆمار کرابێت، چمکێکە لە بەرژەوەندیی چینی تێر و توێژی تەسەلانەوە. بۆ سوودی دەرباری شا و تەلاری بازرگانانی شەڕ و خوێنمژان و شەمشەمەکوێران... ئەو مێژووەی بۆ ڕووت و زەحمەتکێشان نووسرابێ، تنۆکێکە لە دەریای زەمەن... ز ز ز ز زام و زەمەن... زەردەواڵە و... زێڕ...زەڕین... زایین... زاجلانە... زارا و زۆربا...»

هەر ئەو جۆرە هزرانە، هانی دایت کە ڕوو لە بلەندی بکەی و بوونی ڕاستەقینەی خۆت لەوەدا ببینی. ئەوا هەڵشاخانەکەت «کاتایەتی»ی هەبوون و مرۆڤایەتیتە، بگرە پەیوەستە بەنەمریتەوە. بەلاتەوە، ئەگەر نشێوی و داکشان، لەناوچوون و پەرتی بێت، ئەوا لە هەوراز دای و هەڵدەکشێی بەرەو هەبوون و... مرۆڤایەتی و... نەمری.

«بکوژان، سی و یەک جوامێری «شۆریجە»یان پاش تێکشکاندنی

ڕاپەڕین، وەکو بوزگوڕ و سیپاڵ لە سەریەک کەڵەکەکرد. هاوارم کرد: بەر لەوەی گەمارۆی سەربازگەی خالید بدەن، باش وایە، ڕێگەی «دووبز» و «حەویجە» بگرن. سەرگەرمی سەرکەوتنە کاتییەکە بوون، بۆیە لەدوو قۆڵەوە، تانک و سوپا و زرێپۆش ئابلوقەی شاری دا. منداڵێکی ساوا خۆی بەلاقی باوکییەوە نووساند... ئەویشیان کردە ژمارە سی و دوو!! دەبێ ئەو جێگەیە بکرێتە سەکۆی قارەمانی. ئەمڕۆ نەبێ، سبەی، مانگێکی دی، ساڵێکی تر، هەر دەگەڕێینەوە و پەیکەر لەو جێیە بەرز دەکەینەوە... ئارابخای ناخەکەم... پشووی ئەییووبت هەبێ...»

لە هەشتی بەیانییەوە، ڕێتان گرتە بەر و دانی ئێوارە گەیشتنە «سەری ڕەش». تراکتەرێک وەستابوو. خەریکی ئۆتۆمبیلێکی پەککەوتە بوون. دڵیان بەکچەکان و کوڕە ڕەقەڵەکەت سووتا.

– هەڵتاندەگرین ئەگەر لەگەڵمان پاڵ بنێین.

گشت مەرجێکتان قبووڵ بوو. پاڵتان نا و سوار بوون. لە نیوەی ڕێگادا، بووە قەرەپەستانی ماشین. دابەزین. پێڕەوتان کردەوە. لەوێ بەشداریی ناشتنی پیرەمێردێکتان کرد.

پێشەنگی بەهار، ڕەنگی خۆی لەو یاڵ و داوێنی چیایانەدا ڕشتبوو.

بەگوێرەی لێژ بوونەوە و پێچی شەقامەکە، ئێوەش شۆڕ بوونەوە و سووڕانەوە. زەردەی ئێوارە، مافوورەکەی لەبەر پێتان ڕاخست و گەیشتنە بەر دەرکەی ئاشنایەکت، تەنیا هەر ئەویشت لەو هاوینەهەوارەی «صلاح الدین»ە دا دەناسی. منداڵەکانتان لەبەر سۆپاکە وشک کردەوە. تۆ چوویتە مزگەفت و لەمەڕ دایکی شوانەوە، بانگەوازی بێهوودەت بڵند بۆوە. گەڕایتەوە. بەخۆت گوت:

– وەرە... خێزانێکی نۆ کەسی ببنە سێ ڕەوە!! دایکی شوان، ئەم شەو لە پاڵ کام تاشە بەردا دەنووی!! ئا... ئەمەیە... دابڕڕان ن ن ن.

خێزانێکی دیکە و بڕێ چەکداریش ڕوویان لە هەمان ژوور کرد. هەروەها



دوو شاعیری گەنجیش هاتن. خانەخوێیەکەت تازە دوو چامەی بەچاپ گەیاندبوو، دانەیەکی پێشکەشت کرد. تۆش، لەبەر ماندی بوون و هەراسانیی ناوەوەت، تەنیا پەڕەکانت هەڵدایەوە و زانیت هەردوو چامەی «جلوبەرگ»و (جمکەکان)ن قسەتان بە با دا.

– کاک میرزا، ماڵ و منداڵم بەرەو «دیانا» ناردییە و... پێش مەلا بانگدانیش چۆلی دەکەین، ئەنگۆش بەئارەزووی خۆتان بکەن. گەر دەمێننەوە ئەوە کلیل...

– کاک ئەنوەر ئێمەیش دەڕۆین وا بزانم کاک (سەباح) و (عەباس)یش نامێنن. تکایە لەگەڵ خۆتان، ئێمەش هەڵسێنن.

لەو کازێوەیەدا کەسێک نەبوو ئێوە هەڵبگرێ، نەشتاندەزانی سەر بۆ کوێ هەڵدەگرن، وەلێ قۆناخی دووەمتان بە «شەقلاوە» نیشان کرد. شۆڕ بوونەوە. بەشانی ئێوەدا، کارو بەرخۆڵە و قەلەموون، هێدی هێدی نشێو دەبوونەوە. تۆ بەرخێکت هەڵگرت و پاش قەیاسەیەک، لەبەر بێ هێزی، داتنایەوە، بەڵکو کەسێکی تر لای لێ بکاتەوە، هێڵی دەرەوەی چیا و بیندراوەکان لێڵ بوون.

«جاروبار، ئەم دونیایەم بەعەمبارە پۆ و کۆگای کەوڵە کۆن دێتەبەر دیدەوە، پوواو... داڕووخاو... ئای چەند پێویستیی بەگۆڕین و سەرلەنوێ دروستکردنەوە هەیە. خۆزگە، بریا، کاشکی بە(کُنْ فیکون)ێک دەمتوانی ڕەوڕەوەی کات بەرەو پێش بەرم و... ئەم ڕەوکەرە بێ دەرەتانانەم بۆ مەڵبەندی ئارامی و... سەرفرازی و... تێری دەبرد».

روو لەئاسمانی بێ ئەستێرە دەنێی.

«ئەوا هەزار و چوار سەد و ئەوەندە ساڵە، لەناو بۆتەی تۆدا دەکوڵێین و نەبووینە خاوەنی خۆمان! ڕیش و سمێڵمان تێکەڵ کرد، شمشێر و زەرگمان وەشاند، شووشەمان کرۆشت و... ماری بێ ئیجازە و دووپشکی «عەربەت»مان نایە باخەڵ... ئاکام؟! بەشمان: کلۆڵی و کوێرەوەری و

پرچی کولّکن بوو. شەرت بێ ئیتر، هەرگیز، بۆت دانەچەمێمەوە».

لە ئاکامی ئەو خۆ خواردنەوەیەدا، مێژووی خەمت هەڵدایەوە؛ بەڵام کە سەرنجی هەزاران چاوی دەوروبەرت دا، گشت کەسەرییەکت ڕەوایەوە، خەمەکانت بەتاڵ کردەوە و... دەستی میهرەبانیت بە سەر (کارا) داهێنا.

– خۆ... تۆ... زۆر... حەزت... لە مەسیف بوو!!

– ئا... بەڵام...

– بەهاری ڕابردوو هەتا گەشتت پێ نەکردین، وازت نەهێنا!!

– با بە، بەئارەزووی خۆت بچیتە جێگەیەک، نەک وەکو ئێمە، بەزۆرەملێ وەکو قەرەجی ڕاونراوین!!

– گوێ مەدەرێ. پێبکەنە. دەگەڕێینەوە و... بەسەر بەرزیش. ئەوساش، کڕنووش بۆ قەڵا پیرۆزەکەی دانیال پێغەمبەر دەبەین.

ڕێزان و شیلان بێدەنگ، گوێیان دەگرت و تۆش لە ناخی خۆت گوتت: «گەر خۆشەویستی نەبێ، هیچ کارێکی مەزن ئەنجام نادرێ».

***

نیوەرۆژە و شامتان بەنان و چایەک لێک دا، خانە خوێیەکەی سەر ڕێگا گوتی:

– هەر چاکە بڕتان کردییە! ئەنگۆ شارینە و...

تۆ داوی ئاخافتنەکەیت قاچی و گورج وەڵامت دایەوە:

– لە هەموو سەیرتر، نیوەڕۆ میوانی مێرووڵە بووین.

– میوان؟! مێرووڵە؟! لەکێندەرێ؟!!

– براله هەرچەندە ناوت نازانم...

بەپەلە گوتی: عەبدولڕەحیم، عەبدولڕەحیمی خزمەتکارت...

– نەخێر، ئێمە براین، ئا... بۆ پشووساندن لامان دایە تەپۆڵکەیەکی هیشک. لەوێ، دوو سێ مێرووستان ئازووقەیان هەڵخستبوو. ئێمەش



لەتاو ناڵەی گەدەمان، دەنک بەدەنک، گەنم و دانەوێڵەکانمان هەڵچنی و... کرۆشتمان... ها ها ها...

ئەویش بەشداریی پێکەنینە سەیرەکەتی کرد.

– میوانداری... هەر وەکی ئەوە دەبی!! پەککووو!!

– بەڵێ... ئازووقەی مێرووڵەکانمان دزی.

– پەکوو و لەو حەلاماتەی! برا... چێترە لەوەی ئازووقەی هەژاران بدزن...

پێکەوە تریقانەوە. ئەمجا تۆ حەکایەتی سەردەمی سەرەتاییت هاتەوە یاد، «قصةٌ لاتنتهي» هەر مێرووڵەیەک هاتە دەر و دەنکە گەنمێکی پێ بوو... گەنم چ گەنم!! خەرمانێک بوو بەگوێرەی هەردوو قەڵاتی هەولێر و کەرکووک. پاش تۆ، بەهێمنی، زەلامێکی ڕیشدار هاتە گۆ و باسی لەوە کرد کە ئایندەمان بەچی دەگا و... ئایا دەتوانین بە بێ پاڵگیریی هەندەران شتێ بەشتێ بکەین؟! کێشەکەتان شەنوکەو کرد. لە چەند خاڵێک، یەکتان گرت و لە خاڵی دیدا، هەر یەکەو دید و گۆشەنیگای خۆی هەبوو، لە ئەیلول و گوڵانەوە پیا هاتن و گەیاندتانە ئەو جێگەیەی لێی دانیشتبوون.

چیای (پیرمام)تان لێوە دیار بوو کە شیلان دەمی کردەوە،

– بابە. ئەوە بۆ لێرە هێڵی ئاسۆیی کەمە!؟

تۆ وەکو مامۆستایەکەی پێش خانەنشین بوونت، هێمنانە، بەشێنەیی دەمت کردەوە.

– لێرەدا، زەوی و ئاسمان، وەکو لە گەرمیان و پێدەشتدا بەدی دەکرێ، لە هێڵی ئاسۆدا یەک ناگرن، بەڵکو... هێڵی مارپێچی کەژ و لوتکەکان، دەبنە باوەش و... ئاسمان لە ئامێز دەگرن. شیلان، تێم دەگەی؟ ئەوە نییە ئاسمان، تەماشا کە، جلکی بووکێنیی شیرین لەبەر دایە... جوان سەرنج بدە...

–...!!

– جوانییەکەش، لەوە دایە.

ئەمجا، شیلان بەجەختەوە هاتە وەڵام.

– لە یادمە، جارێک گوتت: هێڵی چەماوە جوانترە لە هێڵی ڕاست. وا نییە؟

– وابوو... ئەوەم لە«گزنگ»دا گوتووە. شیلان، هێڵی ڕاستیش جوانترە لە خاڵی وەستاو. مەسەلەکە، پەیوەندیی بەجموجووڵی هێڵەوەیە...

پاش هەڵوەستەیەک بۆ ئەوەی هەست بەکاریگەریی بۆچوونەکانت بکەی لە ڕووی شیلان-دا، گزارەت کێشا:

– حەیاتەکەم، جووڵانەوە؛ (زەمەن) و... هەم (جوانی)یە.

– ئەی بابە، هەر خۆت گوتت: هێڵ لە هەزاران هەزار خاڵ پێکهاتووە!!

لە ناخەوە گەشایتەوە کە شیلان وا شێلگیرانە دەیەوێ بگاتە ڕاستییەکان، گوتت:

ئێمەمانان، وەکو ئەو خاڵانە دەجووڵێینەوە.

جوانی دەنوێنین. جووڵانەوە ئاوسبوونە و...

وەستا نەزۆکییە.

ئەوجا ویستت ساکارتر بدوێی:

– کچم، جووڵانەوە لە سەقامگیری و ملکەچی باشترە، هەر چەندەش، گرانبەها دەوەستێ. باج و سەرانەمان، بەسەرما و... برسێتی و... مەرگ دەدەینەوە.

بەڕێوە بوون. گوایە مەودای ڕێگا، بەوتوویژ و دووان، کورت دەبێتەوە. ئەمجا گوێت بۆ ڕێزان شل کرد.

لە خەوێکی کورتدا، لەسەر قوتکە بەردێکی ڕۆخی دەریایەک وەستابووم. شەپۆلە کەفچڕەکان هەزاران کەروێشکی تۆقیو بوون، بەگوژم لە نووای پێمدا خۆیان مەڵاس دەدا!!



لە ڕاستیدا لێکدانەوەی دەستوبردت لە مێشک و ئاوەزدا نەبوو.

ئیبن سیرین و فرۆید و نۆستراداموس و ئێڵ بەگی جاف بەشاشەی مێشکتدا گوزەریان کرد. فرۆیدانە کەروێشکەکانت بەهێمای ترس و زراوچوون لێک دایەوە و ئێڵی بەگی جافانەش دەریا و شەپۆلەکانت دانا بەداهاتووی کێشمەکێشەکان و...

– ڕێزان، هیچ مەراقت نەبێ.

وزەت خستە گیانی.

– وەکو شەپۆلی دەریاکە دەکشێینە ناو شار و شارۆچکەکان. فریا دەکەوین و ئاوەدانیان دەکەینەوە. قوتکە بەردەکەش قەڵایە.

ڕێزان مات و بێدەنگ بوو! دەشیا بیر لە تەنیاییەکەی خۆی ڕامابێت یان بیر لە دایکی بکاتەوە. تۆ خەونەکەت بەگەز و پێوەری خۆماڵی شی کردەوە.

–ڕێزان گیان، گوایە خەون بەپێچەوانە دەکەوێتەوە. کەروێشک دەبێتە شێر و پڵنگ. جا کێ هەیە خۆی ڕاگرێ لەپێش ئەوانە! شیلان... ئەی تۆ، خەونت نەدی؟

(کارا) لە بری پرسیارەکەت لە شیلان، خۆی پرسیارێکی قوت کردەوە.

– چاکە... وا باران وەستا، کەی دەگەین؟

گوتت: بۆ کوێ؟!

گوتی: نازانم.

خەندە ئامێز، گوتتەوە: کارا گیان، بە(هەرامە) ڕۆژ دەگەینە (هین).

داتە قاقای پێکەنینێکی مەغزادار. لە ڕاستیدا، تۆش نەتدەزانی ڕووەو کوێ ڕەو دەکەن. ڕێزان هاتە نێوان ئاخافتنەکەوە.

ئەوی لە ئاو بدا تەڕ دەبێ (تۆ لە ناختدا ئافەرینت لێ کرد) ئێوە تەماشای ئەو منداڵە وردیلانە بکەن کە چۆن بێ پەروا دەڕۆن! ئەو

کۆرپانەش، بەکۆڵ و قەڵاندۆشکی دایکانیانەوە، خۆیان گرمۆڵە کردووە! خەو لە چاویان تۆراوە!! هانێ... سەر و نوقڵێکی ترشتان بدەمێ. ئاو زایە دەمت و... تفێکی مزرت قووت دا.

«سیاحەتێکی سەیروسەمەرە، سرووتێکی عاجباتی دەگێڕین!! هەتا کەی بەقسەی ڕووت فریو بخۆین!؟ هەتا کەی زلهێزەکان، سیانید و خەردەلی کۆکوژ دەدەنە ئەو بێچووە دیناسۆرە؟ هەتا کەی جینۆساید و پەرتی و خۆ کوژی!؟!»

چاو دەنووقێنی و چاو دەکەیتەوە. دەوروبەر گەشتر دەبینی بۆیە بەکارا و شیلان و ڕێزان دەڵێی:

– دیارە، قسەی ڕەوا گوناحە لەم وڵاتەدا! بەڵام ڕۆژێ دێ، گشت نهێنییەکان وەکو ئەم چیای (سوورکە) دیار و ئاشکرا ببێ.

تۆ شایەتی سەردەمانەی خۆت دەدەی، هەر چوارتان باوەش لەیەک دەدەن، بەختەوەرن کە گەیشتوونەتە ئاقاری شەقڵاوە.

دڵنیای لەوەی کە ئەوی دەبیسێ، دەژنەوێ، دەبییە...

وەک ئەوە نییە کە بەچاوی خۆی هەموو شت دەبینێ...

تۆ بینەری نەک بیسەری دوورەپەرێز. ز ز ز ز زایەڵەی

زەنگ... ئازاری زاجلانەی زایین... زاخاو و... زارەترەک و... زۆرەملێ...

## پێتەختی سێبەر

مـــــــرۆڤ تـەنـیــــــــا بـەنـان نـاژێ

**مەسیح**

شەقلاوە ئەی پێتەختی درەخت و سێبەر. ئەمڕۆ تیشکی خۆرمان لێت دەوێ. بەچڵ و گەڵاکانت بڵێ: با... لاچن و... تۆزقاڵێ تیرۆژی هەتاومان بگاتێ. دەست و پێمان ڕچیوە. پێڵاومان شڕ و خووساون... شەقلاوە... شەقڵ... ئاوا... شێکل ئاوا... شەق لە ئاوە... تۆ پەناگەمانی... تۆ ماڵو حاڵمانی...»

خۆت بۆ خۆت، نزا و سکالات دەربڕی. دەنا کەس نەهاتە فریاتان لەو دالانەی چایخانەیەدا کە کردتانە ئارامگەی شەوانەتان. شەوی دووەم بەبارانەکەت گوت: «بەئارەزووی دڵت بباریێ... دای کە... ڕۆی کە... باوکەکەمی... نا... نا... خۆ وەختە بەهەڵەدا بچم! نا، ئاسمانەکە، پەژیوانم و زوو گەرووی کوندەکانت توند توند بگوشە. ئەوا هەزاران هەزار بەرێوەن. سایە و پەنایەکی وەک ئەم دالانەشیان بۆ دابین ناکرێ. چ جای بێ ئازووقەیی و ساوایانی بێ شیریان، کەواتە ئێمە بەختەوەرین».

بیرتە هاتیتە ئێرە و بەشداریی کۆنگرەی مامۆستایانت کرد. چەپکێ بڕیار درا و زۆری نەهاتە دی. تەنانەت ئێوەیان بەپاشکۆی سەنتۆ دەزانی.

ئەوانیش بەر فشار و نێزە و تووڕەیی «گوێ پان» کەوتن. لەکوڵە مانگی شەست و دوو دا، کاریگیری ڕامیاری بووی، یەکێ لەوانەت میوان بوو دەستی بۆ پڵاوەکە برد تۆ گورج مەچەکیت گرت و بەخەندەوە گوتت:

– کاکە گیان، هاوڕێ بۆ برنجی سەنتۆ دەخۆی!؟



دەستی ڕەق بوو. ڕوخساری هەڵبزڕکا، پاشان پەرژایە وەڵامدانەوەت.

– نۆشی گیانمان بێت. سەنتۆی چی و تەڕەماشی چی.

– کاک بەهجەت، دڵ لە دڵ نەدەی... ئێمە براکەی جارانین.

***

سەگێک لە نزیکتانەوە هەڵکورمابوو. ژمارەی کەسانی بن دالانەکە لە سی و چل پتر بوون. قەرەپەستان. وەبیرت هات کە ژنبرات خۆشناوە. بۆ نەچی و ڕوو لەوان بکەی، هەر نەبێ بۆ داڵدەی شەوانە. کارا و شیلان مانەوە نەبادا جێگەتان بگیرێ، لەگەڵ ڕێزاندا چوونە کۆڵان و باخەکانی سەروو. لەپێش دەرگایەکی وازدا وەستان ڕێزان گوتی: هەوە. جارێک لەگەڵ مامەژنمدا هاتینە ئێرە.

چوونە ژوورەوە. ئەویش سێخناخ بوو. دەیان خەریکی ئەشکەنجەی زیندەگی بوون، تارمەی پێش ژوورەکانیش شوێن پێیان لێ نەدەبۆوە: ماڵەکە کرابووە «موتێل»ی گەشتوگوزار. زوو بەناو و ناتۆرەتان ئاشنا بوون.

بەتەنگی خۆتانەوە هاتن و داوای دەرەتانی شەوانەتان لێ کردن. کوڕێکیان بەشەرمەزارییەوە پەنجەی بۆ گۆشەیەک درێژ کرد:

– دەتانخەینە سەر پێڵوومان، بەرام وەکی دەبینن. مەگەر لەوێڕا جێگەی خۆتان بکەنەوە. پاشەکی بزانین خودا چ دەکا.

بەروویەکی شادەوە هاتیتە گۆ:

– دەبێ چیمان بۆ بکا! ڕێزان، بەهەر حاڵ، ئێرە لە دەرەوە چاکترە. دەیانهێنم. تۆ لێرە بە.

بەهەڵەداوان گەڕایتەوە و هەردووکیانت پەلەکێش کرد. بەکۆمەکیی خەڵکانی موتێلەکە یەک دوو پەتووتان چنگ کەوت. نیازێکت لە دڵدابوو. هەستایت. دوو سێ کۆڵان دوورکەوتیتەوە. لە دەرگەیەکت دا.

کیژۆڵەیەک، بەچاو پرسیاری کرد، تۆش لەپت درێژ کرد و بەئاماژەکردن

داوای نانێ یان نیو نانت لێ کرد. چووە ژوورەوە. بەنانێکی سەر سێڵەوە، گەڕایەوە. فرمێسک لە چاوت قەتیس ما و ئەوکت تەژی گریان، بۆیە بەدەست و سەر سوپاسبژێریت کرد. ژێیەکانی قوڕگت وەک لەکار کەوتبن، تاکە وشەیەکیان نەدەراند!! سێ دەرگات بوارد و هەمدیسان دەرگەیەکت کوتا. کەس بەدەنگتەوە نەهات. (دیارە کۆچیان کردووە) لە دەرگایەکی دیکەت دا و... بەچوار نانەوە، شۆڕ بوویتەوە. لە تۆ وا بوو باوەشت لە قەندیل و پیرەمەگروون و حەمرین و مەتین داوە، یان چوار پارچەکەی کوردستانەو ئامێزت گەرم دەکەنەوە.

دوو نانتان خوارد و... دووانەکەی تریشتان بۆ شامی ئێوارە هێشتەوە.

«فێری هونەری دەرۆزەکردنیش کراین»

بەخۆت گوت.

***

لەبەر خۆرەتاو دانیشتبووی لە نزیک دەرگای موتێلەکەوە کچێک تێپەڕی. خۆت دواند «بەلانەواز و سواڵکەرم دەزانێ بەزەیی بەسەرە سپییەکەم دێتەوە»

سێ چوار شەقاو ڕۆیشت و گەڕایەوە! نیو نانی بۆت درێژکرد! کەوتیتە دۆخێکی دژواری دەروونییەوە کە هەرگیز بۆت ڕاڤەنەکرا. بەدەستی لەرزۆکەوە، نانەکەت وەرگرت و بەسیما سوپاست بۆ دەربڕی. پاش ئەو هەڵوێستە، برادەرێکی «ڕەحیماوا»ییت دی. یەکترتان ماچ کرد. ئەو ئاگادارتی کرد کە خۆراکیان نەماوە. نیوە نانە گەرمەکەت لەگەڵ مستێ نۆک و مێوژ، دایێ.

– کیلۆم بەپێنج دینار کڕی، لەو دوکانەی خوارەوە هەیە.

– بە دە دیناریش بێ ناچارم بیکرم.

– کیلۆیێ ئاردم بە سێ دینار دەسکەوت!! بەڵام بڕوا بکە کاک جوامێر، لە «عێن ترمە»وە پاڵم بەعارەبانە دەستییەکەوە نا، ئەوسا بەدزییەوە،



کیلۆیێ ئاردی دامێ!! بەمەرجێکیش بیشارمەوە و بەکەس نەڵێم لەو دوکانە هەیە!!

بۆ نەگبەتی، ژنەکەم ئاوس بوو، لەم ئاوارەییەدا زاوە!

– کاک جوامێر هەرگیز مەڵێ نەگبەتی؛ بەڵکو ژمارەیەکمان زیاد کردۆتە سەر سەرژمێرمان، ورەت بەرز بێ. لە منت نەکەوێ، ئەوەی دەستەوەستان بێ هیچی دەسگیر نابێ.

– کاریان ڕاست بێ، ژنگەل فریا کەوتن. شوکر ئێستا لە جێگەی گەرم داین.

– دەبڕۆ... لە سووچەکەی ئەودیو سێوی زەرد دەفرۆشن. دڵت فراوان بێ.

کاک میرزا، پارەم هەیە؛ وەلێ خۆراک دەگمەنە. من بڕوام زۆر بەهێزە...

– بڕوا... کاک جوامێر، چەک و کاولکاری دەبەزێنێ. بەس نییە ئێوە پێکەوەن. ئەوا بووە سێ چوار ڕۆژ، دایکی منداڵانم لێ بزربووە! ناشزانم چوار کوڕەکەم چییان بەسەرهات.

– خوا دەست بەباڵیانەوە بگرێ. نان و ئازادی، ئەمەی گەرەکە.

– بەیانی و نیوەڕۆ و ئێواران، لە چەقی ڕێگاکان، بێ سوود دەوەستین و لە هامشۆکەران دەپرسین کە ژنێکی ئاوها و ئاوهاتان نەدیوە...

– خۆزیارم زوو بگەن بەیەک...

– بەخواتم سپارد.

***

لە دووڕێیانەکەی خوارەوە، لەبەر چاوەڕوانیی تاڵ و تفت، بێزاری لە ڕوخسارت نشتبوو. چاوت هەڵبڕی و سەرنجت هەڵگژاندە قەد چیای «سوورک».

«گلێکەی چەند سوورە! کانی ئەم خاکە بەپیتەمانە. لە دۆڵی «خەلەکان» بەولاوە، عەرد و بان و یاڵەکان، تەواوێک بۆر دەبنەوە! جێ هەیە کلڕەنگە.

گڵی «تەیناڵ» سەوزێکی شینکارە! ئەی گەڕاوی گۆگرد و... دڵۆپەی ترشاو و... شۆڕاوی «خوێڵێنە»کە!! ئەی شوێنەواری دێرینی هەزارانساڵی بەر مەسیح!! «زەرزی» و «شانەدەر» و «هەزارمێرد» و «نوزی»! مرۆڤی نیاندەرتاڵ و... گەواهی یەکەم گوندنشینی لە جیهاندا «چەرموو»... ئەی قەڵاتی «ئارابخا» و قەڵاتی هۆلاکۆ بەزێن... ئەی و... ئەی...»

تۆ ئەوانەت بەبێ خاوەند زانین. نەوتی ژێر زەمینی «باوەگوڕگوڕ» و «بای حەسەن» و «زوورگەزراو» و شوێنانی دی. ئەمێستا، دیمەنی سەرتاپای کۆڕەوەکەت لەپێش چاو دەنێن. شارێیەکە، لافاوی بنیادەمی پێدا دەڕوات! ئەوانەی دوور، تەنیا سەریان دیار بوو. کتومت بەخاڵ دەچوون؛ هەزاران خاڵ. خاڵ بەسەرەتای هێڵ و دەسپێکردن دەزانی.

– ڕێزان، دەچمە مەسیف و بانگاواز بۆ دایکتان دەکەم. ئێوەش سەری ئەم دوورێیانە بەر نەدەن. بەڵکو بەرێکەوت لێرەوە گوزەر بکات.

– بابە (بەخەندەوە) بەڵکوویان چاند و شین نەبوو.

– نابێ هیوابڕ بین.

هەڵگژایت بەلۆرییەکەوە. شۆفێرەکە ڕایگرت و تۆی لە تەک خۆی دانا. گوتی: دوێنێ، ئێوارە حەوت شۆفاریان لە مەسیف گرتووە بەتاوانی هاوەن تەقاندنەوە! تاکو گوشار بخەنە سەر خەڵکە تۆقیوەکە بۆ ئەوەی بشێوێن و پتر هەڵبێن. بانگاوازی خۆت کرد و بەدەست بەتاڵی گەڕایتەوە. مامۆستا قاسم، بە ئەوکی پڕ گریانەوە هانای بۆت هێنا.

– دەستم دامێنت، خۆ دەزانی کە هەر سێ کوڕەکەم گۆجن و بەزەویدا دەخشێن. لە کەرکووکەوە هێناومن، ئێستا یارمەتیم بدە بۆ ئەوەی بیانبەین بۆ ناو یەکێک لەو کابینانە.

چۆنی ویست وات کرد. ئەوسا بیرت لەو شۆفارانە کردەوە. ڕەش و ڕووتن، بۆ و لە پای چی بوونەتە داردەست و ئەڵقەلەگوێی ڕژێم!! بەعارەبانەی دەستی ئیفلیجەکانتان گوازتەوە. قاسم گوتی:



– دوو ڕۆژە زادمان نەچەشتووە.

لە گیرفانی شەرواڵەکەتەوە، نۆک و مێوژە ڕەشکەت دایێ. لە گەڕانەوەدا، لەگەڵ کەسانێکی نەناسدا، لە گۆڕێک دەگەڕان، خەمی دڵتانی تێدا بنێژن. باستان گەیاندە ڕادەی دزێوی و ویژدان مردوویی هەندێک.

یەکێک گوتی: لە هەڵەبجەدا، ناپاکێکی لەش ئاڵۆشاو، خۆی بەژنێکی مردوو تەواو کردووە!!

تۆش گوتت: بەناوی ئاوارەوە ئازووقەیان خڕ کردەوە و پەستایانە ماڵی خۆیانەوە. کاکی برا... دزێوی، هەر دزێوییە، لێرە بێ یان هەندەران.

دەنگێ: ڕەوشت نزم هەیە کاری وا دەکا ئاژەڵ و دڕندە نایکا.

هەلت بۆ ڕەخسا: ئەوانە دیاردەی نەشازن. نابنە نموونە. یەهوزا مەسیحی ماچ کرد و... ماچکردن بووە هێمای بەدکاری و مەرگهێن!! گیانی مردوو لە هەر جێ و سەردەمێکدا هەن.

سێ بەشی ڕێگاتان بە پێ پێوا. هەستت کرد وا زەویی ڕەق و ڕێگەی دوور خەریکە دڕ بەپێڵاوە شارییەکەت دەدا، ئێوارە بوو کە گەیشتی. لەوێ قەرەپەستانێکت دی، خۆت خزاندە ناوەندەوە. زانیت دەبێ دوو دینار بەبەردێکەوە یان پریاسکێکەوە هەڵدەیتە سەربانی دوکانەکە، بۆ ئەوەی، لەوێوە کیسەیەک هەنجیرە وشکەت بۆ بهاوێن. لە تورهەڵدانیدا، دەیان دەست بەرز دەبۆوە بۆ پەلاماردانی کیسەکە!! بەخۆت گوت: «هەنجیر، هەم خۆراکە و هەم شیرینە و جێگەی چای دەگرێتەوە» دوو دیناری ئاسنت هەڵدا و دەنگیشت لەگەڵ پارەکەدا گەیاندە سەربانی دوکانەکە.

– بیهاوە ناوەندی جادەکە.

بەو پیلانە، بەسانایی، هەنجیرە پووتی ژێر دارانت دەسگیر بوو، بەخۆشی خۆشی گەڕایتەوە لای منداڵەکان. دیت کارتان سازاوە بەوەی دوو قەرەوێڵەی ژوورێک بەتاڵن. تۆ و کارا بەجیا، ڕێزان و شیلانیش بەجیا،

هەردوو لەسەر یەک قەرەوێڵەدا نوستن و شاتان بەسەپان نەگرت.

بەیانی، بوویتە سەرکار، خاوەنی ماڵەکە رۆیشت و کاروباری مۆتێلەکەی بەتۆ سپارد. تۆش هەر زوو بڵاوت کردەوە، ئیتر کرێ ژوور نەما، بەڵام داوای پاراستنی نەوت و شتومەکەکانت لێ کردن. دوو سێ خێزانی تورکمان و عارەب بەیارمەتی و هاوکاریت، لە داڵانەکەدا جێگیر بوون.

***

وا خەریکە، شەوەکە بەئاسپایی دەخزێتە مندالّدانی تاریکی. نیگات بڕیوەتە بنمیچی ژوورەکە.

«ئەوانەی چەکی قورسیان دایە سەددام، ئەوانەی گازی خەردەل و گۆژانگ و نێرڤ و سیانیدیان دایێ، ئەوانەی ناپاڵم و بۆمبی هێشوویی و چەکی کوشندەیان پێ بەخشی، هەر ئەوان بوون کە سوپا و کارگە و وڵاتەکەیان داپڵۆسی!! بەرژەوەندییەکەیە، شەڕی هەشت ساڵەیان پێ کرد و مایەپووچ، گلەیی لە رۆژاوا ناکرێ؛ بەڵام گازندە و تەشەر بلۆکی دووەم دەگرێتەوە، ئەمانیش، رۆکێتی دوورهاوێژ و یۆرانیۆمیان دایێ. سووریش دەیانزانی کە دژ بەکێ بەکاری دێنێ!! ئا... ئەمەیە، مایەی سەرسوڕمان و پێداچوونەوە!!».

لە شێوەکەی شەقڵاوەدا نارنجۆکێک تەقێندرا، زوو هاوێژەرەکەی باڵبەست کرا، دانی بەوەدا نا کە لە هەمان دەستە سیخوڕی مەسیفە بەسەرکردایەتیی ئەفسەرێکی پۆلیس...

شەڕ گەرم بوو لە پێچەکەی «کۆڕێ» و «خوا کورک»دا. جەنگاوەرییەکی بێ هاوتا، بێ وێنە سنووری بۆ هێرشی میری دانا. گشت لایەنەکان، دلێری و نەبەزیی خۆیان دەگوتەوە. بەهەرحاڵ، بووە؛ گفتوگۆ و هامشۆکردنی بەغدا. ئیتر... ماچکردن و پیاهەڵدان. جارێک و دووان و سێیان، نوشتانەوە!!



– ئەوە بۆ پەند لە مێژووی مفاوەزات وەرناگرین!؟

– چونکە، جڵەومان بەدەستانێکەوەیە، کەم کەس دەزانێ هەندێکیان، لە کام سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە.

«بیرکردنەوە لەم خاڵە تاڵ و ئاڵۆزە، رێگەی تاکی بۆ رەخساندم، هەر چەندەیش، تەنیا بەلەش تاکم...

ئەمەیش بەرەو دۆزینەوەی راستەقینەکانم دەبا، وەلێ توولە رێییەکی سەخت و رکە. دەکارم بوونی ئازادی خۆم بپارێزم. منداڵەکان دەنێرمەوە. بڕوا ناکەم هیچیان لەسەربێ. ئەوا دەبیسم، عالەم روو لە شار دەکەنەوە. لەوانەیە، دایکیان گەڕابێتەوە، هەرنەبێ هەواڵی کوڕەکان دەزانم؛ شوان و سامان، ئاسۆ و ئاکۆ... چارەنووس لە توونێلێکی ئەفسانەییدا دەبینم، تاریک و لێڵ و تەمتومان. ئەز هەرگیز ناگەڕێمەوە، رووناکیم دەوێ. پێویستیم بەو رووەکە تیشکدەرەیە کە شامارەکە پێی گوتم وا لە دوندی چیای قەندیلدا. دەبێ بەر پێی خۆمان بدینین... دەنا... سەرسم دەدەین، نووچ دەدەین...»

***

– کوڕم دەوێ دەم بکاتەوە!

– ئەو ستەمدیدانە، بەبێ قیبلەنوما و رێنوێن ملیان پێوە ناوە!!

لەگەڵ گەنجێکی ناسیاو دەمەتەقێتان کرد:

– زەلامم گەرەکە بەرگە بگرێ!

– هەڵەکانمان دووپات و سێ پات دەبنەوە!!

– بەخنکاو دەکەین!

– ئەوانەی لە خەرەندی رژێمدا دەسبەکار بوون، لێرەش دەسڕۆن!!

– بووکە شووشە و بەردی دامەین!

– کایە و گەمەمان پێ دەکەن.

– مرۆی شیاو لە جێگەی شیاو نییە.

– بۆیە حاڵمان هەر وا دەمێنێ.

***

لەناو زوورگەکەدا، خەمتان بەبا دا. بڕیارت دا کە منداڵەکان بچنەوە شار. ئیتر چ دەبێ ب ابێ. ڕێگایەکە و گرتووتە. عەیبی تۆ ئەوەیە، هەمیشە بەگوژم دەچیتە پێشەوە. بڕوا بەهەموو کەسێک دەکەی. زووش خەم دادەگری و زووش ئاشت دەبیتەوە. ڕق و کینە هەڵناگری. گەرایان لە ناخی تۆدا، نییە.

– گەر ئەوان منێک بە بەردۆکەی دامە و سێرێزکانێ بزانن، ئەوا خۆیان بتێکن لە با، دەبدەبەن، کۆتەڵی ڕەژوون؛ با... دەبدەبە... ڕەژوو... تەنیا بە فوویەک، بەنووکی دەرزیلەیەک، بەقلە شقارتەیەک لەناو دەچن.»

تاریکیی ژوورەکە، تووڕەیی دەمار و ڕوخسارتی هەڵمژیوە، لە ناوەوەتدا دوو کەس وتووێژیانە.

– بریا دەمزانی ئێستا ئەوانە بیر لە چی دەکەنەوە!

– کێن ئەوانە؟!

– ئەوانەی کە خوێن و ئازار و شەونخوونی و برسێتیی ڕاپەڕینیان بۆ قازانجی خۆیان وەردەگێڕن. ئەوجا، کەس و لایەنێک، دەیباتە سەر خۆی، ئەوم مەبەستە و با لە گووپی خۆی بدا...

– ئەوان ڕەخنە وەرناگرن، ختووکەیان دەوێ بە ماستاوی ساردەوە.

بێدەنگ بوون، هەرچەندەش لەو نوشستییەدا، باری قسە و پەژارەت لەناوەوەدا حەشار دابوو. لەپڕ دەنگ بڵند بۆوە کە کۆرپەیەک، لەبەر بێ شیری مردووە. دەست لە ناخی خۆ نا.

«جاری وا هەیە، مردن ئاسوودەییە. ئێمە لە نێوان کێڵگە و کێڵگەدا، گۆڕستانمان دروست کرد. لە نێوان گۆڕستان و گۆڕستاندا، کێڵگەی MINE و ئەڵغامان شێلا! چەندین چاخ و زمان تێپەڕین کە لەسەر تاکە وشەیەک،



دەیان کەللە سەریان پڵداوە!! شیر و تیر و تەوری جەللادەکان، دەیان کاسە سەریان پەڕاندووە!!»

شەو هەر بۆ ئەندێشە و تەداعی و فلاش باک چاکە و لە قسەی خۆت ناکەوی.

«ئەگەر سیزیفی ئەفسانە نموونەی ناهومێدی بێ، وا ئێمە بووینە هەزاران سیزیفی ڕاستەقینەی سەدەی بیستەم. کۆڵمان بە شانەوەیە. نائومێدی لەپاش نائومێدی بەر بینمان دەگرێ.»

***

ئێوارەیەکی دەرەنگ، خۆرەکەی شەقلاوە دەمی کردەوە و گوتی: «ئاوا دەبم».

کاتێ پەرژایتە سەر خۆت بۆ ئەوەی ڕاببگری، ئەو نوقمی ئاسۆ ببوو. ئەوەتانێ، بەرەو ڕەشماڵی شەو دەچن. سێبەر نەماوە. گەرما، خۆی چەقەی دگانی دێ!! شۆڕەبی ئاسا، هەڵدەلەرزێ! هەورەکان مانیان گرتووە و تۆزێکی دیکە، «سەفین» قووت دەدەن و ڕووناکی دەنێژن، بیرت بۆ «مۆبی دیک» و «ئاخاپ» دەچێ، ململانێی پیرە و دەریای هەمینگوای. زۆرانبازییە و... سەرکەوتن بۆ نەترس و دلێرانە. دەڵێی: «کەی دەبێ ئەم شەوە نووتەک و درێژخایەنانە، کۆتاییبیان بێ؟ وەڵام لەکن خۆتە: هەردەبێ. کۆتاییبیان بێ و... مژدەمان بۆ بهێنێ. کێ دەیهێنێ؟ ئەو ڕووەکەی بۆی دەچم... دەبێ لە چەشنی با و باران و مەل و شەپۆڵ سەربەست و ئازاد بین»

***

چێشتەنگاوێکی دەرەنگ، لە گەرمە ئاخاوتندا بووی لەگەڵ خەڵکاندا، کە دوو چەکدار داوایان لێ کردی کە لەگەڵیان بچیتە سەرەوە.

– ئەتۆ، دیارە لەوانەی کە، لایەنی بێدەنگی ناگرن!

کاربەدەستە، دەمانچە ڕووتی بەر پشتێندەکە گوتی و تۆ بەتوندی وەڵامت دایەوە:

– لەبەر چی بۆ ئێرەتان هێنام!؟ من سەرەڕای خەمی خێزانەکەم، ورەی هاووڵاتیانم بەرز دەکردەوە. هانیانم دەدا، کە ئەم ئاقارە بۆ دوژمن چۆڵ نەکەن.

– برا، هەر کەسە و کاری خۆی هەیە. ئەوەی تۆ دەست تێوەردانە...

نەتهێشت زیادەڕۆیی بکا، بەتاسەوە پشکۆی وشەکانت تێچزاند:

– دیارە، ئێوەش بەسەرداریتیی جەماوەر قایل نین! حەزیش دەکەن عالەمەکە هەڵکشێ بۆ باوەشی سەرما و برسێتی و مار و دووپشک و دەعبا!!

– تۆ...

– داوام لێ کردن، ماڵوحاڵی خۆیان جێ نەهێڵن. ئەم دەست تێوەردان و دژایەتییە؟ یان هاوسۆزی و نیشتمانپەروەری؟!

لەو کاتەدا زۆر کەلایی بووی، لێوان لێو هەڵچووبووی. ئارەزووت کرد لەهەر شوێنێکدا بیت نەک لەو ژوورەدا. لەناو مار پەرستانی ئەفریقیادا، لەودیوی شوورەی چیندا، لەسەر ترۆپکی ئەڤەرێستدا یان لە قووڵایی جەنگەڵەکانی ئەمازۆندا بیت. قەرەج بی، ئەسکیمۆیی بی، نەک ڕووبەڕووی کەسێکی وا کە بتخاتە ناو ڕکەی لێپرسینەوە. خۆ کفری کفر ئەحمەدت نەکرد، لەگەڵ دوو سێ ڕۆشنفکردا، بۆ عالەمە تۆقیو و هەژاوەکە قسەتان کرد و بەرپەرچی هەڵاتنەکە بوونەوە!

«ئەو ملهوڕانە. ئاخۆ نیازیان وایە لە هەلومەرجێکدا، جڵەوی حوکمڕانی و... فشاری لاف و گزاف بخەنە سەر ڕای گشتی و... بەتاک ئایدیۆلۆژیاوە، خۆیان بادەن! نەچەپمان دەوێ بەتەنیا و... نەراست بەتەنیا. با گشت لە بۆتەی دیموکراسیدا بین. یەک ڕاگەیاندن بۆ هەندەران...»

– ئێستا، چیت دەوێ؟

– دەوڵەتی یاسا و... های های؟ من لە ئێوە دەپرسم، چیتان لێم دەوێ!! بۆ ناهێڵن ڕۆشنبیران لە کاردابن!؟



– جوانە. کەنگی هاتینە سەر کار، بانگت دەکەین.

تووڕەتر وەڵامت دایەوە:

– هەرچەندە نازانم سەر بەکام لایەنی، بەڵام چاک بزانە کە گۆشەنیگای تاک لایەنی، گشت ڕاستییەکان ناپێکێ. ئەمە بڕیاری مەنتق و گۆڕان و مێژووە.

– دە بڵێ: شوورام دەوێ، خۆ ڕەوت و مەوت نیت؟

– نەخێر... نەوتم. ئاوارەی کەرکووکم کە هەڕاجی لەسەر دەکەن. سێ کاف. ک. ک. ک... ها. ها. ها...

– ئێستا. کاتی تەوس و گاڵتەجاڕی و تەنز نییە.

– منیش واز لە مێشکم ناهێنم.

کابرا، چاوی لە مۆڵەق ما و هیچی بۆ نەگوترا. بەسەربڵندی چوویتە ناوەندی بازاڕ و... بانگی ئاشکرای خۆت دا.

«بیلال، لەناو کودی بانگی دەدا، پاشان کوولەکەکان شکان و... الله اکبر...»

لەبەر چاوتەوە، دەیان (TOYOTA)ی پڕ لە چەک و جبەخانە، دەیان بلدۆزەر و شۆفەڵ و گرێدەر و کۆمپا، بەپەلەقاژە هاژەیان دەهات. هەندە نەدەما، پەڕاگەندە و ئاوارەکان بشێلن! تۆ لەوێدا، بەڵگەت لە مێژووەوە هەڵهێنجا. شێخی گەورەت بەنموونە هێنایەوە کە هەلی نەقۆزتەوە و... دایە پاڵ وەچەکانی جەنگیزخان، کە بای دایەوە، کار لە کار ترازابوو. نەوەی ساکسۆنی متمانەیان پێ نەکرد و... جیهان گوێی نەدایە قسەکانی، بۆیە هەر زوو. بەفیشاڵ و درۆ، فریوی خوارد. بارە گونجاوەکەی لە دەست چوو. ئەوڕۆ، لە هەمان شانۆداین. هەمان ئەکتەران و هەمان دەرهێنەر و... دوور نییە هەمان گرفت مەشکەژەن بکەینەوە.

– کاکی خۆم، نوێنەری کوردان، لە بیستەکاندا، یاداشتی دایە کۆنفرانسی ئاشتی و... لە پاریس داوای ئۆتۆنۆمیی بۆ ئەرمەن و کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان کرد. پاش حەفتا ساڵ، پێچکەی مێژوو بۆ

دواوە وەرگێڕین!

– چی تر؟!

– ستراتیژی یەکگرتوو.

– خاڵی دیکە؟!

– یەکبوونی لەشکر، ڕاگەیاندن، دارایی و ڕێکخراوە پیشەیی و هونەری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان ئەمانە داوای گەلن.

***

مەچەکت هەڵماڵی و پۆلەتیکانە چوویتە ناو خەڵکی، مێشکت ساودا. ئەنگوستت کردە کونی زەرگەتە و دووپشکدا. پەردەت لەسەر دۆزی کوردایەتی و چورتمە سیاسییەکەی لابرد. ئەوەت بەئەرکی خۆت زانی؛ چونکە جیاوازییەکی ئەوتۆت – لە سەردەمی وادا – لە نێوان نووسین و ڕامیاریدا نەدی.

«ئەدەب ڕامکردنی وشەیە. ڕاوکردنی وێنە و حاڵەتەکانە. جڵەوکردنی واژەکانە. ڕامیاری و جلیتبازییە بەناو کێڵگەی هەست و نەستدا. وشە فلچەنییە، زوڕنا نییە، کەوچکی ماستاویش نییە.

جاری خۆت دا و نەسرەوتی:

– خەڵکینە، بۆ بێشکەی ساواکانتان بەرەو زوورگی دووپشکە و ئەژدیها و دێوەزمان دەبەن! بۆ؟ مەڕۆن... مەڕۆن...

زۆرێک، بەقسەکانت، ئۆقرەیان گرت و... پەنای دیوار و ئاستانە، یان چیخ و شڕە دەواریان کردە لانکەی تۆتکەگرتن و... سەرهەڵنەگرتن.

– ڕێزان، کچم ئێوە بگەڕێنەوە بۆ هەولێر.

– ئەی تۆ!؟

– لە من گەڕێن... کارم هەیە...

ڕۆچوویتەوە ناخی خۆت، کێشەی خۆت بەکێشە و دۆز و گرفتی گەردووندا گرێ دا، لەبەرچاوت ون نابێ ئەو دیمەنەی کە دیت. دوو منداڵە کوردیان، وەکو بەرخەنێر، لەبەر پێی عەلی کیمیاویدا سەربڕی. لە کۆچڕەوە



مەزنەکەشدا، ڕۆژانە بێ شوومار، کۆرپە و لاو گیانیان دەدا، لە گەردوونی سێیەمی هەژاراندا، ڕۆژانە چل هەزار منداڵ لە برسانا دەمرن. هەشت سەد ملیۆن کەس بەسکی برسی و کولەمەرگی دەگوزەرێنن... دەبێ ئێمە لە جیهانی سێیەمدا بین یان لە جیهانی چوارەم!

ئای، کە چەند دێوانەیی عاشقی سروشت بووی! دەتویست ماڵت دارستان بێ. ڕایەخت زەوی و خۆت بەرووناکی داپۆشی.

ئەتویست چەند لاپەڕەیەک، مۆسیقا ئاسایی، دەربڕی. ئەوا گەیشتی بەئاوات. هەڵکشایت بەرەو هەورازان. کات، لە ناختدا، هەویرێکی هەڵشێلدراوە. بەفر کوتاتی هەر وەک چۆن دەبارییە سەر گڵکۆی مردووان. ئەو بەفرانبارە چەند بەرەوی حەشاماتەکە دەچوو!! کە هێدی هێدی بەرەو نادیار خلۆر دەبوونەوە! هەڵکشان... شۆڕبوونەوە... یان هەوراز و نشێو.. ئا، دوو وشەی دژەکارن. نشێو هەمیشە و هەمیشە خەون بەدامێنی لوتکەوە دەبینێ. بەخۆت گوت:

«ئەوا هاتم. ئەی دڵی گەردوونە بچکۆلانەکەم. هەی قەندیلی سەرکەش و کڵاو سپی... دەی زوو بەزوو، باوەشتم بۆ بکەرەوە.»

***

## خۆ دوواندن

ئەوە مەنووسە کە ناشێ بۆ خۆتی بگێڕیتەوە

**ژان ڕینێ ئوژنان**

بەر لە ڕەوکردن و... ئێستات، دوو هێڵی تەریبن، کۆتایی ئەویان، سەرەتای ئەمیانە، بەپێچەوانەش ڕاستە؛ لە سەرەتادا کۆتایی و... لە کۆتاییدا سەرەتا.

«کەواتا تەریب نین؛ بەڵکو بازنەیین»

هەر زوو دەگەیتە ئەو ئەنجامەی، کە مرۆڤ نەمرە ئەو کاتەی خۆی تێ دەپەڕێنێ. بەهیچ کلۆجێک، ڕازەکەی دڵت نەدرکاند لەمەڕ جووتە ماری ئاشقەو ماشقەوە. لە دووڕێیانەکەی خوارەوە، یەکتریتان ڕامووسی، ئەوان بەسواریی لۆرییەک هەوراز چوون. تۆ بەپێ نشێو بوویتەوە و... تێکەڵی جەستەی حەشاماتەکە.

پریاسکێکی نانە ڕەق و چەند کولیچەیەکی خورما و هەنجیرە وشکە و مێوژت بەبن هەنگڵەوە بوو. قۆناغی هەرە نزیکت دەشتی «هەربر» بوو. جووتێ باڵت خوازت و چەرخی ڕۆژگارت بەرەو ڕابردوو وەرگەڕاند. سروشت بەرگی بەهارانەی پۆشیبوو. مانگەشەوە. لە ڕقی تاریکی، سێبەری دەبەشاندەوە بەسەر بیندراوەکاندا.

شەوی بەر جیابوونەوەتان، تۆ بەشێک بووی لە ژووری موتێلەکە، دوو کەسە ڕەهاکەی ناوەوەت، گوتوبێژیان بوو:

–«دەمەوێ بنووسم»

– «جا، کێ دەستی گرتووی!»



– دەخازم... جیاواز بم لەوانی دیکە».

– «ناخت بدەرێنە وەک ئەوەی بۆ خۆت بنووسی»

«ئا... ئەمەیە... گرفتەکە. جەستەی نووسین لەلای من، دەربڕین نییە و بەس؛ بگرە... بیرکردنەوەشە».

دەگەڵ خۆتا، هێنات و بردت. کاسەی سەرت مێژووستانێکی وروژاو بوو. خولیای وشەی ئەوتۆ بووی: پشکۆ بێ و هەم جوان. چقڵ بێ و هەم دادپەرست؛ بۆیە لە «جەزبە»دا بووی چوون سۆفییەکی «حاڵ» گرتوو. لە بۆسەدا بووی بۆ کەسێکی بازنەشکێن و وێنەی نائاسایی، نەسوواو. مەبەستت، خودی نووسین بوو، هیچی تر. نیازی سەرەکیت بۆ خۆت بوو، بۆ ئێستاتیکای ڕەزمی حەرف و... لەنجەی وشە و... ڕەشبەڵەکی دەستەواژە و دێڕەکان. ملت بە ئەزموونە قورس و سەخت و چێژدارەکەوە نا. دەستت دایێ و بەبێ ئەوەی بزانی، پێنووسی سەرکێش. لە کام ڕەمبازیدا دەتگلێنێ، یان لە کامە ئاستەنگدا، نوغرۆت دەکا، یاخود... ئەوەتا، قەڵەم، بەسەر ڕووباری مەیبیوی شەختەبەندا باڵ دەگرێ و... لە کیشوەری ئەفراندنستاندا دەنیشێتەوە. دەتەوێ، خودی ڕۆحی مرۆڤ داڕێژیتە ناو داهێنانێک؛ گەر فشاری سیاسەت بوارت بدا.

«دوو بەشی ئیبداعمانی قووت داوە»

ئەو شێوە ڕێبازەت بەرەسەن و ڕاستەقینە زانی. خۆت هاویشتە دەم شەپۆلی هەست و نەست و ئاگایی و گەنجینەی کۆهەستی هەرمێنی چاخ و هەزاران دێرینەی ئەشکەفتەکانەوە، وەکو «نیاندەرتاڵ»ی «زاوی چیمی» و سەردەمی بەردین و «مۆسیری» ڕەفتاری سروشتییانەت لەگەڵ خولگەدا کرد. پێکەوە لەگەڵ «کۆنراد» و «هەمینگوای»دا، بەرەو «دڵی تاریکایی» و ناخی دەریا چوویت لەگەڵ خنکاوەکەی «مارکیز»دا خنکای. لە کەرخی دەریای «ئایتماتۆڤ»دا دوور دوور ڕووانیت و تاس بردیتییەوە. ڕامایت. لە دەریا و دوورگەکاندا «سیندیباد» بووی. لە چیاکاندا «پرۆمیسیۆس».

لەژێر زەمیندا «دموزی» و لە ئاسمانیشدا «جبرائیل»... هەرچەندە بەشێک بووی لەو ژوورە؛ وەلێ هەرگیز نەتدەویست ببیتە دیوارەکە و تاریکی و شەو. پشکۆ بووی و پزیسکت دەدا. ئەو پزیسکانە پۆل پۆل دەبوونە گوڵ ئەستێرە و ژوورەوەتیان ڕۆشن دەکردەوە. ئەتویست یادی خۆت بسڕیتەوە. یادگار چۆن ڕەش دەکرێتەوە!!

«ئەوانەی بوونە ئامێر، ئەفراندنیان لێ تۆرا.»

«بوونە جەڕ و بورغووی ژەنگن.»

«بزماری سەر قرتاوی چەماو.»

«داوەڵ... پاساری ترسێنەر»

«بوونە هێن و هەرامە و وانەک»

«وای... چ باڵندەیەکی ئاوارە و قەلەندەرە ئەم داهێنان و ئەفراندنە!!»

لەوەتی، ڕۆژ ڕەشماڵی شەو دادەدڕێ، تاریکی لەبەر شمشێری ڕووناکی؛ پاشەکشە دەکا و... تیلمە شیتاڵە شیتاڵەکانی دەپێچێتەوە. لەوەتی، وشکایی بەربەستی ئاو دەبێ... ئاو، تۆڵەی خۆی لە تاوێر و گابەردەکانی ڕۆخ و تیمار دەکاتەوە. ئاو و زەوی... ئەی بۆ چوار ڕەگەزەکە تەواو ناکەی... ئا... ئاگر و با... «باشە، هەریەکەیان هاوتای کامیان بن؟!» بەخۆت دەڵێی: «ئاگر... نەهۆگری گڵە و نەدۆستی ئاو!! کەچی «ئاریل»ی خواوەندی با، لە دەریا و زەویدا، دەسڕۆیە!!» بەڵێ... گەردەلوول و گەرداوی خۆی لە ئۆقیانووس و کیشوەراندا، کەشتییەکان نوقم دەکا، درەخت لە بێخەوە هەڵدەکەنێ، کەتن و کاولی و وێرانی لە پاش خۆی جێ دێڵێ!! «لە ئاوەدانی و زەریاکاندا، تۆوی مەرگ دەچێنێ!!»

ئەو ئەنجامە، زۆرانبازیی سروشت و مرۆڤت دەخاتە یاد. هەرچەندە، لەو بارەوە، خۆت گوتەنی، دەبێ بنیادەم جێ پەنجەی، لە وشکایی و تەڕاییدا دیاربێ، شەقڵ و مۆری خۆی پێوەنێ. مرۆڤ کە بیر دەکاتەوە یان کۆشش دەکا، لە هاوسەنگی دەریا دەوەستێ. دەبێتە سەروەری زەوی. لە



ئاسماناندا بەباڵی خەونە پەمەیی و سەوزەکانی، پەرەوازە دەکا. ئاو و ئاوەدانی.

«منیش بەهیوای مەشخەڵێک بووم، کە توونە هەزار بەهەزارەکان ڕووناک بکاتەوە. دیواری بەند و ژوورە تەنگ و نسێیەکان هەڵتەکێنێ.»

ئەو ڕۆژە، ئەو ژوورە تاریک و تەنگەت لەپێش چاوە، کە ڕۆژێ دوای ڕاپەڕین، نیگات تێدا دەسووڕاندەوە. ژوورێکی ترسناکی دەزگای ئاسایش بوو. تۆ بەسەر خۆڵەمێشی گەرمی هەزاران ڕاپۆرت و فایل و ئەنکێت و لیستی ناودا، هەنگاوت هەڵدەبڕی. خۆڵەمێش دەگەیشتە سەرووی پێڵاوەکەت. دووکەڵی سپی لە هەندێ ژوور بەرز دەبۆوە، تەنانەت بەخۆت نەزانی، کە جەستەی بەخەڵووز بووی سیخوڕێکت شێلاوە! ئاوڕت دایەوە و... بە پەیکەرێکی «هەنری مۆر»ت چوواند، وەلێ ئەمیان پەیکەری دزێوی و... ئەویان پەیکەری جوانسازی. ژوور لە ناو ژوور. لە ژوورێکی چوارگۆشەی تەنگەبەردا، دیوارەکانی لە ڕەنگی تۆپەڵە مێشی پلیشاو بوون، تۆ بەو لێکچوواندنە پێکەنیت. «جاری وا هەیە، پێکەنینیش دەبێتە هەڵوێست» ئا، لە ساپیتەی ژوورەکەوە، بە سنگێکەوە، گوریسێکی شۆڕەوە بووی چەورت دی!!

کۆتاییەکەی قوڵفەکرابوو. دیسان بازنەت هاتەوە پێش چاو. ڕەوڕەوە، مارێک کلکی خۆی دەمژێ... مەرگ و ژیان... فەوتان و نەمری... بۆ تاقیکردنەوە و گەمە، یەکێک سەرملی خۆی پیاکرد. تۆ موچڕکە بەلەشتا هات. دەستوبرد، بەبێ ئەوەی هەست بکەی، دەستت بۆ گەردنت برد. ئەو گوریس و قوڵفەت تەنیا لە وێنەدا دیبوو. لە خوارووی گوریسەکەدا، چاڵە چیمەنتۆیەکی بازنەیی هەبوو کە دەگەیشتە ئەژنۆ. دیارە لە کاتی هەڵواسین بەو قەنارەیەدا، تەختەکەی ژێر پێی مرۆڤەکە لا دەبرا و... جەستەی بەسەزمانەکە، لە بۆشاییدا، بۆ ماوەیەکی درێژ شۆڕ دەبۆوە. لە گۆڕەپانی هەمان ئەو ئەمنەدا، ئامێرێکی عەنتیکەی جەزرەبەدانت دۆزییەوە! پاژنەی پێ و مەچەکی پێ بادەدرا. ویستت بۆ یادگاری بیبەیتەوە، وەلێ

زەلامێکی لاواز داوای کرد؛ چونکە خۆی گوتەنی، سەردەمانێک یاوەری بووە. داتێ و لە دۆخی گریان و خەندەدا بووی.

«هەتا مرۆڤ مابێ، ڕۆحی بەرز بەرز دەبێتە هەڵۆ. قووڵ قووڵ ڕۆدەچێتە منداڵدانی زەمین و دەبێتــە دارگــوێز. ژێر ئاو دەکــەوێ، نەهەنگانە هەتا چنگی لە مەرجان و مرواری و زیندەوەر و ڕووەکە تیشک پژێنەکان، گیر دەبێ، مرۆڤ، سەمەـندەرە، سروود دەچڕێ هەتا لە گڕی ئەڤینی خۆیدا، دەسووتێ و... لەناو خۆڵەمێشی خۆیدا، زیندوو دەبێتەوە و... دیسانەوە، کلپە دەگرێ و... هەتا هەتایە، خۆی نوێ دەکاتەوە».

کاژی مارت دێتە بیر و لە ئەندێشەی خۆتدای...

«ئینسـان... لە ئاسمـاندا نەمرە. لە زەویدا نەمرە. لە دەریادا، لە ناو بڵێزەی ئاگریشدا نەمرترە، چونکە خۆی ئەڤینە. هەم شەیتانی سرووشان و هەم بەڵگەی پەرجووی بوونی خۆیەتی».

لەم ئان و ساتە وەختەدا، زۆر بەلەخۆبوردییەوە، لە توێی شەپۆلی هزر و بۆچووندا، سەوڵ لێ دەدەی. ڕووگایەکی مـەزن و پیـرۆزت لەبەر چاو گـرتووە، بەپەرستگای ڕۆحـتی دەزانی؛ بۆیە هەرگیز ئاور نادەیتەوە. سەوڵ لێ دەدەی و... چێژ لە دەریا و زەوی وەردەگری. هەوەس و ئارەزووی کرنووش بردنت هەراسانت دەکا. چاو لە دورچاوی خۆر دەبڕی، ئەویش تین و وزە و ڕووناکی و ورەت دەخاتە دڵەوە. خەون دەبینی؛ بەڵکو ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە باوەشی (پەرییەکی ئاوی)دا وەنەوز بدەی. لەوانەیە، دەست لەگەڵ ئەو پەرییەدا تێکەڵ بکەن و ببنە هاوسەر و... لە پاش خۆتان، زارووڵەی «زەوییاوی» بخەنەوە. ئەگەر دەریا پڕ لە کۆسەج و جلەو مار بوو، با ڕوو لە بەژو وشکایی بکەن. ئەگەر پیدەشت و لێرەواران، ئەرژەنگ و دێو و درنجی لێ بوو، با (خدر زیندە) ئاسایی، خۆیان هەڵدەنە کۆشی شەپۆلەکانەوە. ئای... خۆ شەپۆلی دەرکردن، تۆشی گرتەوە. لە پرسگەی ئەم ئەمنە سووتاوەدا، ڕاتیانگرتبوو، زەلامێکی بەژن ناوەنجی لەوێ فێریان دەکرد چۆن گوێ هەڵخات و... چرپە و سرپەی ناو بازاڕ بەوان بگەیەنێ.



ڕیشی چەرموو، مێزەری کەسک، هەروەها پشتێندەکەی و ئالاکەی دەستی!! شمشێرەکە بە پەڕوچکەی سەوز پێچرابوو!! زەرگی پلپلەدار بەناو قەدییەوە. تەزبیحێکی دەنک گەورەی زەیتوون کە ناوە ناوە. مێرووی ڕەنگاوڕەنگی پێوەبوو، بەملیەوە تەکەتەکی بوو. بەشان و سەڵتەکەیەوە، قۆپچە و کارەمان و بەردەشەوە هەڵواسرابوون!! تۆ لەو دیمەنە سەیرە، تاووست هاتە بەرچاو. هەر هەمان تاووسەزەلام، لە تەک سینەما و پاڵ یانەکاندا، جاڕی ڕۆژی حەشر و قیامەتی دەدا!!

ئەم جیهانە ئاڵۆزە، هۆشی کەسانی وەک خۆی ورووژاند، کەوتنە منەکردن و سەرقاپ هەڵدانەوەی شاراوە و نهێنییەکان. تۆ لەم دواییەدا، خولیای (نێرڤانا)و ئەودیوی نەبیندراو و ناماقووڵ و نائاساییەکان بووی. ئەوانەت، بەپارسەنگی جیهانی سەر زەوی دەزانین. هەنگاوت لەو بارەوە هاویشت و بەتەمابووی لە تەلیسمی ڕۆح بکۆڵیتەوە. مەراقی کتێبە زەردەکان و کۆڕی ڕۆح ئامادەکەران بووی. سەردەمێکیش، نووسراوەکانی «سویرنبرگ» و «نۆڤالیست» و «ئێلی بەگی جاف»ت قۆزتەوە. لە پاڵ جێماوەکانی «النفري» و «شیخ محي الدین العربي» و «العطاّر» و ئەوانی دی، شەیدای خەرقەپۆشی و جەزب و حاڵ و تووانەوە بووی. چەند پلە و پایەیەکت بڕی و... گەیشتیتە گومانکردن لە مێشکی خۆت و تاڕادەیەک، هەمان گومانت هەبوو لەو کەسەی گوایا لەسەر ئاودا ڕۆیشتووە! یان ئەو کەسەی لە بەغدا و هەم لە حیجاز بووە لە یەک کاتدا! گومانت لەو گۆپاڵە کرد کە دەبووە مار یان ڕووباری نیلی شەق کرد، گومان... گومان... هەندە نەمابوو گوم بی... بیرت دەکردەوە، چۆن ڤینۆس لە کەفچڕی شەپۆلەکانەوە هاتۆتە وجوود؟!

«پێشمەرگەی زامدار داوای چۆڕێ ئاو دەکا و... خنکاویش هەناسەیەکی بای دەوێ...!!»

گومانکردنت بەرێچکەی دۆزینەوەی حەقیقەت زانی. لە گومانەوە دەگەیتە ڕاستەقینەکان. گومان و دڵنیاییت، دوو هێڵی هاوتەریبی ڕاستی

و خەون بوون، چوون یەک. خەون دەکاتە گومان. ڕاستیش یەکسانی دڵنیاییە. بەپێچەوانەش، ڕاستیت گومانە و... خەونت دڵنیاییە. ئاوها، خۆت... لەم... کەونە... بەرینەدا... دۆزییەوە...

«ئەم پیرە کەونەمان، دەشێ سەرمەدی بێ!! ئەی زیندەوەر، چێوەی تەمەنی بۆ کێشراوە!! گەر فەرەنسییەکان «بێدەنگی»یان داهێناوە، ئەز ئەو بێدەنگییە دەخنکێنم... ئەم کەونە چۆن پەیدابوو؟ بۆ؟ کەی؟ دەبێ کۆتایی هەبێ؟! دیسانەوە، بۆ؟ بۆ؟».

پرسیارەکان، کەروێشک بوون، زگوزایان دەکرد. چڵ و لکیان لێ دەبۆوە. لە سەردەمی ئەریستۆوە، مێشک خراوەتەکار بۆ ئەوەی سروشتی زەمەن چێوەکێش بکرێ. دەخوازی هۆشی ملیۆنان کەست هەبووایە بۆ کردنەوەی یەکجەمی دەرگا داخراوەکان. بەیانییان کە لە خەو ڕادەپەڕی، چاو بەخولگەی خۆتدا دەگێڕی. تێدەگەی کە زۆرینە بێ ئاگان لەوەی کە ئەم گورزە تیشکی هەتاڤە، ژیانی سەر زەویمان هاسان دەکا، لەبارتر و گونجاوتری دەکا، ئەدی گێتی و مەجەڕڕەکان، کۆستارەکان، چۆن لە ئەزەلەوە، ئاوها ڕێکوپێک پێکەوە گونجاون؟!! ئەو پرسیارە هەمیشەییەت وەکو گڕوگاڵی ساوا، لە هۆشتدا، لە هەست و بنهەستتدا خول دەخواتەوە. وێڵی وەڵامی بەجێیت. لە یەکێکت پرسی: (ئەرێ بۆ ئێمەمانان تەنیا یادی پێشوو، ڕابردوو دەکەینەوە؟ کەچی ناتوانین داهاتوومان، ئایندەمان بەدی بکەین!؟) وەڵامی ئەو: (نازانم)بوو، تۆش گوتت: (ئەم مەرگانە... هەر یەکەیان کتێبێکن دەبێ بنووسرێن). کە ئەو بیری لە قسەکەت کردەوە، تۆ بۆت تەواوکرد (هەڵەبجە و ئەنفالەکان، مەگەر بەسەدان پەرتووک بنووسرێنەوە، هەش بەسەرم. چۆن لەم پاییزە تەمەنەدا، ئەو قەرزی ئەستۆیەم بدەمەوە!؟) چاوت پڕ فرمێسک بوون و ئیتر هیچی دیکەت بۆ نەگوترا. دەستت نایە سەر قەڵەمەکەی بەر باخەڵت... ئارام بووی...

«قەڵەم بنووسە، بەرلەوەی بخرێمە بەر خوێندن، خولیای نیگار و



قەڵەمی ڕەنگ بووم. بەتەنیا قەڵەمە قۆپییەکەی باوکمم شک دەبرد. لە دەوم دەنا و لەسەر ئەو کاغەزە شینانەی شەکرە قەندی پێ دەپێچرایەوە، ڕەسمی سەیر و سەمەرەم دەکێشا. ئەستێرە، گوڵ، پەڕەسێلکە، هێلکە، بازنگ، گوڵ و سێو... زمان و لێو و لیکاوم مۆر دەبوو. باوکم هانی دەدام و دایکم تووڕە و تۆسن کە دەیدی بەمێزەکەشم، لەسەر زەوی بە خۆ لەنجاندن، بازنە و هێڵ و مێڵ دەکەم! یان بەدزییەوە، بەو خەنەیەی گرتبوویەوە بۆ تیتکە سەری، من دام و دیوار و دەرگاکان دەنەخشێنم... دەشکلێنم... کە بەکەتنەکەمی دەزانی توند دەیشپڕاند بەسەرما: «هەی شکڵت خواتەوە هەی»

لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، قەڵەمی ڕەنگ و (مەلا خەنەکە)م ناسی. لە مەلا خەنەکەی ڕەق و قوڕەکەی، ئاژەڵ و مێوە و بووکم دروست دەکرد. بەڵام لە تافی هەرزەکاریدا، (PROFILE)ی لینینم بەئاوی پیاز دەکرد و بەهاوڕێکانم دەگوت: کاغەزەکە لە ئاگری ماقەڵی و ئۆجاخ نزیک بکەنەوە... گەیاندمە قۆناخی ئامادەیی و لەگەڵ مامۆستای نیگار «مەحموود عوبەیدی»دا، لەگەڵ «لێون»ی قوتابیی ئەرمەنی نیگاری شار و دەشتایی «چوار باخ»مان دەکێشا؛ قەڵا و شانەشینەکانی... تەکیەی تاڵەبانی و مینارە چەوتەکەی... کۆشکلی و ئاسیاوەکەی... خاسە و دوو پردەکەی... هێڵی شەمەندەفەر و کۆشکەکەی قازی... کتێبخانەی گشتی و ستوونە مەڕمەڕە سپییەکانی...

هەتا میدالی دووەمی زیوینم وەرگرت لە سەر(PORTRAIT)ی غاندی، کە بەمەرەکەبی ڕەشی چینی کێشابووم».

بەدەم ڕێوە بیر لە بچووکترین ئەمیبا و یۆگلینا و پەڕامیسیۆمی ژێر میکرسکۆپ دەکەیتەوە، هەتا دەگاتە گەورەترین نەهەنگی شین و دیناسۆر و فیل. دەپرسی: درەخت و کەڕوو و قەوزە چۆن هەڵدەسووڕێن؟ خۆ گەر نەپرسی، دیارە بەوە قایلی کە، زەوی لە نێوان شاخی گایە و... گا لەسەر پشتی حووت و... حووتیش لە دەریایە. هەرگیز... نا.

گەڕایەتەوە سەردەمی هەرزەکاری و خۆت لەناو گوێگرانی مزگەوتێکدا بینی، پرسیت:

– مامۆستا! ئەوسا خودی دەریاکە لە کوێ دەبێ!؟

بەسەر سوورمانەوە چاوەڕێی وەڵامی مەلات کرد. مەلای ریش تۆپی ماش و برنج، مۆڕبووەوە. تۆ لەسەری ڕۆیشتی:

– قوربان، دەستم دامێنت. ئەم کەوا و سەڵتەیەت ماچ دەکەم، زەوی و گا و ماسی، ئەو گشت کەڵەکەتڕەیە چۆن سەر دەگرێ!! گا بەو لاساری و چەموشییە، ماسی و حووت بەو لووسییە، دەریاش بەو هەموو گەرداو و سەرکێشییە!؟

مەلا بەزێنانە و... بەو ساکارییە. بەرهەڵستی سەرجەمی هزری مێژینەی پووچ بوویتە. باوەڕی سەدان ساڵی بورجی گا و نەهەنگت شڵەقاند.

مەلا هیچی بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێ کە بەتووڕەیی و ڕوخساری گرژی و پەنجە ڕاوەشاندن، سەرزەنشتی کردی و جنێوی پێ دای!!

– ئەو دەریا و... حووت و... گایە، لە فەرجی دایکتایە. هەی فەرمەسۆنی زندیقی کافری (لایَدْخُلُ...).

تۆ نەتبردە سەرخۆت و بەخەندەوە، پرسیارێکی دیت بەڕوویدا دا.

– ئەی چۆن حووت؛ یونس پێغەمبەری قووت دا؟! لەم وڵاتەدا، دەریا نییە هەتا حووت و مووتی تێدابێ!؟

ئەویش، لەجیاتی وەڵام، بەشەقازللەیەک، شوێنەواری پەنجەکانی لەسەر ڕوومەتت نەخشاند و تفێکی لێت کرد گوێگران مات و سەرسام بوون، جۆرەها هەست بەڕوویاوە دەرکەوت.

دەگونجێ لەم سەدەیەشدا، لەپاڵ وزەی ئەتۆم و شۆڕشی ئەلیکترۆن و کوودەتای ئینتەرنێتدا، دیسان بەدەست و ئەژنۆ، کڕنووش بۆ ئەفسانە و مەزندە بەرین!! لە کاتێکدا، شەپۆلی بێسیم، ڕادیۆ و مایکرۆییف، تیشکی ژێرەوەی سوور و سەرەوەی وەنەوشەیی، تیشکی ئێکس و



تیشکی گاما، بوونی خۆیان سەپاندووە!! ئەی بۆ بەپرسیار؛ بوونی خۆت نەسەپێنی. ئەی بەپرسین نەگەیشتنە چین و ماچین، کەواتا... با هۆشت بۆ هەر ڕووناکییەک، لە هەر جێیەک بێ، والابێ، کرابێتەوە. ڕەنگە بگەیتە ئاکامێک و... لەم دوودڵی و ئاشۆ ناخییە بسرەوی. ئەوسا، شادمانییەکی ڕۆحی داتدەگرێ. ئەریستۆی گریکی، بەر لە زایین سەلماندی: زەوی خڕە بەوەی کە دەکەوێتە نێوان مانگ و خۆر، سێبەرەکەی بازنەییە.

تۆ و ئەم حەشامەتە ڕابووە، پیر دەبن. دەمرن، هەروەها گشت زیندەوەران. هەڵبەتە، کەونیش لەم یاسایە بەدەر نییە. گوایا تەمەنی کۆستارەکان نۆ ملیۆن ساڵە. گوایا سێ ملیۆن ساڵی تەمەنی تێپەڕیوە و... شەش ملیۆنی لەپێشە. بێگومان، ئەگەر سووڕانەوە سەرەتای هەبێ، دیارە و بێ شک، کۆتاییشی دەبێ. وەستان مەرگ و نەبوونە.

«کات... چ واتایەکی هەبوو لە پێش دروستبوونی ئەم کەونەمان؟!»

وەڵامی خۆت دەدەیتەوە: «هیچ».

دەگەیتە ئەو ئەنجامەی، زەمەن پەیوەندە بەجێگە و جووڵانەوە و... دابڕبوونیان مەحاڵە. بەهەمان، پێوەر، دەڕوانیتە مێژوو. گریمان کەسێک لەسەر خۆردا مرد، ئەوا تەمەنی لەسەر زەوی هەشت دەقیقە زیاد دەکا، ئەویش بەمەرجێک، گەر هەواڵەکە بەتیژڕۆیی فاکسێکی سەد و هەشتاد و شەش هەزار میل لە چرکەیەکدا گەیشت!! ئەدی، گەر ئەو کەسە دوورتر بوو؟! لە(پلۆتۆ) بوو یان لە (ئۆرانۆس)!؟ ئەی ئەگەر، هەواڵەکەش بەخاوی و سستیی کیسەڵێکی نەخۆش گەیشت؟! بێگومان، تەمەنی دەگاتە چەند سەدەیەک. کەواتە، مەودای چوارەم، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ. لەپاڵ ئەوەیش، هەر تاکێکمان پێوانەی تایبەتی خۆمان هەیە؛ لە جێگەی تایبەتدا. هەموومان لە کۆستارەی «کاکێشان»دا دەجمێین، لە کاتێکدا، ئەویش لە ڕاکشان و لە یەک جودابوونەوەی هەمیشەییدایە!! بۆیە، لە هەر کۆستارەیەکەوە بڕوانی، کەون وەک یەک دەبینی. دەزانی بۆ؟ چونکە ڕاوەستاو نییە. دەی ڕامەوەستە، هەنگاو بنێ

و...بەباڵی هۆش و خەیاڵ و فانتازیا، هەڵفڕە. لە کۆستارەیەک و دووان و سێیان بنیشەرەوە، سەرنج بدە. بەهەمان شێوە دەیانبینی کە لێرەوە دیوتن.

«بەشێت ناوزەدم نەکەن!!»

لە تەنیایی ئەم پیرەوە ڕۆحییەدا، لەم کۆچە ملیۆنییەدا بۆ خۆت دەدوێی. کێ دەڵێ: ڕاستەقینە و خەیاڵ، کتومت وەک ئەوەن ناومان لێ ناون! هەریەکە و بەگوێرەی پێستی خۆیەتی!! ئەدی بۆ ڕاستەقینەکە خەیاڵ نەبێ! یان بەپێچەوانە، ئەندێشە ڕاستەقینە بێ!! ئەوە نییە بەجووتێ باڵ، پانتایی و مەودای فراوان و دوورتر دەبڕی!! خەیاڵیش بەبەشێکی هەرە مەزنی ژیانت دەزانی!!

مەلێکی ئاوی زیقاندی بەبان سەرتەوە... «باران... باران... ئاو...ئاو...» پرشەی بارانێکی ناکاوی ڕاتدەچەنێ. گژوگیا دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێ بۆ داماڵینی بەرگی تۆز و گەرد و مەلەکردن. کەللە سەری ڕەوکەران، هەزاران خاڵی لێکدراون، بەرەو تخووب و سنووران، ڕووبارە هێڵی پان و نارێک دەکێشن!!

تۆ، ڕەوتی ئەو ڕووبارە مرۆیانە و داباریی بارانەکە، کە کردییە شەست و کلکە حوشتر، بەدەستەمڵانێ و لێک نەترازانی جێکات (الزَمَکان) دەزانی. کات و... جێ، بەبێ یەکدی (بوون)یان نییە، مەگەر لە ماتماتیک و ئەبستراکتدا. دڵنیای کە ئەم گێتییە، لەسەر «گونجان» نەک دژایەتی و پێچەوانەیی دامەزراوە. شەوی تاریک و ڕۆژی ڕوون، هاوبەرامبەرن هەم تەواوکەری یەکدی؛ چونکە لە هەمان کات و لە هەمان شوێندا بوونیان نییە. «بوون» و «نەبوون» ئەمیان ئەویان دەسڕێتەوە «هەبێ یان نەبێ». کار و کاردانەوە لە یەک جێ و لە یەک کاتدا ڕوونادەن؛ بۆیە وزە دروست دەبێ.

سارد و گەرمی کارەبا دەزایێن و... جوولە و... وزە دروست دەکەن. بەوزەیت و ورەت بەرزە و دەجووڵێی... لە پاڵتەوە ڕێبوارێک دەبێتە



یاوەرت و دەکەونە دەمە تەقێ.

– بەوەستان قایل نیم... دەڕۆم و دەڕۆم.

مێروولەیەک بەسەر چۆکتدا خەریکی ڕێگا دۆزینەوە بوو، دیارە لە دوایین لادانتدا، بەهەڵە هەڵگژاوەتە قەدت و ئێستا سەرگەردانە. بێدەنگانە دەڵێی: «بۆ کوێ دەڕۆی؟»

دادەچەمێی. مێروولەکە، بەنەرمی لەسەر بەردێک دادەنێی، پاشان گوێچکە نانێکی ڕەقی بۆ ورد دەکەی، لە وێش باڵە کوللەیەک دەبینی، ئەویشی لە تەک دادەنێی؛ چونکە خۆت بەقەرزاری مێروولە و مێرووستان دەزانی. ئەوجا بەهاوڕێیەکەت دەڵێی:

– براله، جمان دەست لە ملکردنی کات و جێگەیە. با بەدەم ڕێوە پێت بڵێم کە، ورەیەک هەیە کار لەوزە دەکا و... بەخاڵی سەرەتا دەست پێ دەکا...

ئەوەت بەخەرست زانی، نەدەبا حاڵی نەبێ بۆیە ساکارتر دوای:

– هەر سەرەتایەک کۆتای هەیە. لێرەوە بۆ هەریر و باتاس یان سنوور... هتد لە ئێستاوە بۆ ئێوارە و شەو سبەی و داهاتوو. وانییە؟

گوتی: ڕاستە.

بەجەختەوە گوتت: دیارە... ئەمەیش دژی مەنتقی (نەمری)یە و یەک ناگرنەوە.

–... !!!؟

دەیان نیشانەی سەرسوڕمان و پرسەک، بەرووییەوە بوونە پەپوولەی هەمەرەنگ. تۆ تامەزرۆییەکەیت شکاند و دەمت لێ نایەوە.

– برای ئازیزم، کەواتا دەبێ، سەرەتا و کۆتایی، لە بازنەدا، لە (ناخاڵ)دا تێکەڵ بن. مەبەستم هەردوو خاڵی دەسپێکردن و تەواو بوونە... وا بزانم ڕوونە...

نەتویست باسی پەپکەی ماری بۆ بکەی، چ جای مارێک کلکی خۆی دەمژێ، نەبادا زمانت تەتەڵە بکا و... نهێنییەکەی ناخت بهاوێژێتە دەرەوە

و... بینایيت كوێر بێ.

– ئێستا... چووە... مێشكمەوە.

– ئێمەمانان، لە سووڕانەوەیەكی هەمیشەییداین.

– دەبلێ وەكو هێلكە و مریشكەكەین.

– سووڕی ئاو لە سروشتدا، بۆق، كرمی ئاوریشم، گشت لە دۆخی گاز و... شلە و ڕەقیدا دەبیندرێن، بەگۆڕان و میتامۆرفۆسزدا (METAMORPHOSIS) تێدەپەڕن... خۆ سەرمێكوتە و كرمت دیوە كە یەكەمیان ئاو جێ دێلێ بەرەو وشكایی، دووەمیش زەوی و وشكایی جێ دێلێ بەرەو ئەتمۆسفیری ئاسمان!!

لە ناختدا ئافەرین لە سیحری وشە و پەیڤین دەكەی، دەزانی كە دزێوی وا هەن، لە وشە و پەیڤین دەترسن. نەک لە تاكە وشەیەك، بەڵكو لە پەیڤێک زراویان دەچێ، دەتۆقن، شێت و هار دەبن!! بیری ناخت دەگوازیتەوە بۆ گوێی كەسی هاوشانت.

– دەزانی وشە هەیە تەڵەیە! قولەپای بەدكاران دەگرێ!

سەرمەقولاتیان دەكاتەوە!! حەرف هەیە نسكۆیان پێ دەدا، سەرسم دەدەن و دەگلێن!!

ئەمجا وەک بۆ خۆت بدوێی بەنەرمی و شێنەیی گوتتەوە:

– تەنانەت، لە ئامرازی پرسین و سەرسوڕمان و خاڵبەندی دەسڵەمێنەوە... ئەوانە لە (بۆ) لە (نا) لە (كوو) دەترسن و... بە دڕک، پەڕەنگ، چەمۆڵەیان دەزانن!! نەبادا لە چاویان بچەقێ، تەوێڵیان داخ بكا و ڕیسوا ببن!!

ئەو دەمی كردەوە: سێدارە و زیندان و قامچی بۆ لەشە نەک گیان.

هەستت بەبرسییێتی گەدەت كرد و گوتت:

– دەمێكە گۆشتم نەخواردووە.

– منیش

–دەی بۆ وەرزشی ڕۆح چاكە.

***

## یاوەری ماراسۆن

لە تیرۆر خراپتر، ملکەچکردنە بۆ زەبرو زەنگ

**کراڤیچنسکی**

مـرۆڤ بە چاڵکردن، جـینۆسـاید، ڕەشکوژی، قـەتڵــو عـام، ئەنفـال و EXODUS!! لە مێـشکی گەورە و بچووکدا، لق و پۆپیان هاویشـتووە. کانییەکان بەچیمەنتۆ کوێر کرانەوە! با ژەهراوی کرا، هەڵەبجەی شەهید و... دار گوێزەکان سووتێندران! بۆ گەمە و ڕابواردن، مرۆڤیان کردە نیشان پێکان! داک و ژنیان جیاکردەوە، ئەوەی جوان بوو ڕیسوا کرا و پاشان لە بازاڕەکانی «عکاظ»دا هەرزان فرۆش... لە «خورماتوو» دوو منداڵیان بە (دە) دینار فرۆشت. لە سیمبەندەکانی خوارووداً، ڕۆژێ دەیان دەمردن، هەر لەپاڵ ئەو سیمبەندە چۆڵانەدا، لاشەکانیان دەشاردەوە! پاش تۆزێکی دی بە بەرچاو دایکان و کەسانیانەوە، سەگەلی خوێڕی، مردووەکانیان لە قوڵتەکەوە دەردەهێنا و... چ تەقسێکی نامرۆڤایەتی بوو!! کەس نەبوو متەق بکا، لە دەوڵەتانی دراوسێ و هەندەران!

«با درێغی نەکەن. ئەمە سینگی ئێمە و فیشەکی ئەوان. ئەمە زەویی ئێمەی و دوورهاوێژی فاشیستان. ئەمە دۆڵ و چەم و شاخی ئێمە و ئەوەش، سیانید و نێرڤ و گوژانگی ئەوان.

کۆمەڵگا زۆرەملێکان، قوشتەپە و دیانا و سەدان جێگەی تر و بەهەزاران ونکردن، گەرمیان، خۆراکی ژەهراوی. بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان و ڕەگەزپەرستی...

– ئەوە بۆ کۆرپەکەت لەوێ فڕێ دا؟!



– کاکە؛ هیچم نییە بیدەمێ و ناشمەوێ مەرگی بەچاوی خۆم بدینم.

سەرنجت لە چاوە بزرکاوەکانی ئەو دایکە دا بۆ ئەوەی نائومێدی و زراو چوون و هەستی دیکەیان تێدا بەدی بکەی، ئەمجا گلێنەی چاوت بڕییە کۆرپەکە. هەڵتگرت. لەتەک ئەو دایکەدا ورد ورد ڕێدەکەی. بەو ئاواتەی، کە خێرەومەندێک لاتان لێ بکاتەوە. خۆت بەشادمانترین مرۆڤ زانی و لە ڕۆژنامەدا خوێندبووتەوە کە سالانە، نیو ملیۆن ژن بەسەر منداڵبوونەوە دەمرن و... ڕۆژی چل هەزار منداڵ لە برساندا گیان لە دەست دەدەن و... زیاد لە هەشت سەد ملیۆن لە برسێتییەکی تەواودا دەقەتێن!! دەست بەسەری کۆرپەکەدا دەهێنی و وردە پەرە دەستێنێ. وەک پارەداران دونیات لێ نەبۆتە چەرمە چۆلەکە. تۆ خۆت بەکەسێک دەزانی، کە لە ئەوکی شێرەوە هەنگاو بەرەو گرکان دەبات، هەر بۆیە پچڕ پچڕ، پشکۆی ڕاز و نیازت لە مێشکدا گەشایەوە و لەبەر چاوی ناختدا، پزیسکی دەدا.

خانی خەونەکەت، ماری ئاشقە و ماشقە، چارشێوەکەی دایکت و داپۆشین، نهێنی و کۆڵنەدان، درکاندن و کوێر بوون، ڕووەکی تیشک پژێن و چاوەنواڕیی بێ نەوایان، داکشان و ڕابوونی زەردەشتییانەت. ئاوڕ لە دوای خۆت دەدەیتەوە و خێزانێکی پۆشتە بەدی دەکەی. دایکە و کۆرپەکە بەمیهری ئەوان دەسپێری. کە بەهاناتەوە دێن تۆ هەست بەساباتێک دەکەی ڕۆحت بگرێتە باوەش.

«لە هەندەران، سەگ و پشیلە بەنرختن لە منداڵانی ئێمە!!»

بەدەنگی نزم ئەو ڕستەیەت دەراند. دایکەکە بەچاوێکی ئەشکاوی دەیڕوانییە کۆرپە ساواکەی. توند بەسنگییەوە نووساندی. لەوەپاش، تۆ ئاگات لە ورتە و سۆسە و ترپەی دەوروبەر نەما. کشومات، نەتزانی هەنگاوەکانت چۆن پێت بەکێش دەکەن یان پێیەکانت هەنگاو دەبەخشێتە ئەو لارێیانە!! چێشتەنگاوێکی درەنگ، لە تەک کۆنە کەپرێکی پاردا، بۆ حەوانەوەیەکی کورت لات دا. لێشاوی بنیادەم هێڵەی دەکرد. خۆزگەت خوازت کە بچوتایەتە ناو مێشکی چەندانێک تاکو بزانی بیر لە چی

دەکەنەوە، چارەنووسیان لە چیدا دەبینن؛ بەرەو کوێ هەڵدێن!؟ چیا، مەرز، ئەو دیو، پاشان چی!؟ لە چییەوە بۆ چی!؟ تۆ نزیکەی نیوەی ڕێگەت لەگەڵیاندا تەنیوە و... لە خاڵی دیاریکراوتدا... جیا دەبیتەوە، دادەبڕێی و... هەوراز و هەوراز بەرەو قەندیل؛ چونکە دەزانی تەنیا بۆ خۆت نیت. شێلگیرانە، سەرسەختانە لە هیچ سڵ ناکەیتەوە. سەرلەبەیانی، کە لە تەک ئەو کەپرەکۆنە لات دا، زەلامێکی تێکسمراو وەکو تۆ بۆ وچان لای دا. ماندی نەبوونت لێ کرد، سەروسمێڵ و ڕیشی چوون ڕەژوو، برۆیەکانی لێک گیر و ڕەش. لووتێکی قنج و جووتێ چاوی هەڵۆ. زوو بەزوو هۆگر و هاوڕازی یەکدی بوون. «جینز»ێکی کاڵی پوواوی لەبەر بوو لەگەڵ قەمسەڵەیەکی نیوداشتی سەربازی. شتومەکەکانی دانا و فوویەکی لە هەردوو ناولەپی کرد و ئەمجا چاوی لە تۆ بڕی تۆی هاودەم و هاوڕێت بۆ ماوەیەک دۆزییەوە.

وەرز و ڕووالەتە سروشتییەکان، لە ژوورەوەتدا ئاوێتە بوون. شنەبای بەهاران، شڵێوە و زریان، گەرمای مێوەگەنان، خەزەڵوەر و گەڵاڕێزان، لەو قسەیێ و لە تۆش قسەیێ، بەسانایی هەگبەی دەروونی کردەوە کاتێ زانی تۆ وەکو ئەو گەرمیانیت، تەنانەت لە گەڕەکێکدا بوونە و یەکترتان نەناسیوە! سەرگوزەشتەی ئەوت بەچاکترین ڕەوێنەری بێزاری و کات بردنە سەر و هەم دڵدانەوەی گیانی بەگیانی زانی. بەئیکلامەوە، لێوان لێو، دڵسۆزیت لەگەڵدا نواند. ئەویش هەر زوو هۆگرت بوو؛ بەڵکو هەوێنی متمانە و بڕوای بووی!

– کەواتا، پێشان لە «تەپەی مەلا عەبدوڵلا» دادەنیشتن؟

– کاک میرزا، گفتوگۆی ڕێگەوبان، شنگ و وزە دەداتە دەماری لەش.

– فەرموودەت بەجێیە، کاک وریا.

– لەم دەشتەدا، با پەڕەیەک لە کورتەی ژیانی خۆمت بۆ هەڵدەمەوە.

کە دەنگی لە تۆ نەبیست، ئەوەی بەرەزامەندی تەواو زانی، بۆیە لە



سەرخۆ داخاوت. تۆ تەواوێک گوێبیستی بووی.

– مامۆستا، ژن و پیاویان پێکەوە و بەڕووتی دەبەستایەوە.

تەنانەت وایان لەگەڵ باوک و کەنیشکەدا، لەگەڵ خوشک و برادا کرد. یان بە «کاویە»ی کارەبا لەشیان کونکون دەکرد!!

تۆ تینووی قسەکانی بووی. ئەویش بەکامی دڵی تۆ دەدوا.

– بەزۆرەملێ وایان لە زیندانی دەکرد، کە سواری یەکدی بن! لەشیان دەرزیژەن دەکرد! پاشان خوێ یان سیپەرتۆیان پێدا دەکرد. جگەرەیان بەناو لەپ و ژێر پێ و نەرمەی گوێ؛ دەکوژاندەوە!!

–ئەوانە کەی مرۆڤن!

کەمێک وەستا چاوێکی بەحەشاماتە ڕەوکەرەکان گردا و... گوتییەوە:

– بۆنی پێستی سووتاو ئەو ناوەی هەراسان دەکرد. بوتڵی شووشەیان لە کۆمی گیراوەکان دەپەستا!!

سەرنجێکی دای و بەشێنەیی لەسەری ڕۆیشت:

– زرتە بۆزێکی ڕەشتاڵەیان هەبوو بۆ ناموس تکاندن و شەرەف سمین. هەناسە سواریی هەڵواسراوان تێکەڵ بەقرچەی دەماری شان و مل دەبوو. چاویان دەردەپۆقییە دەرەوە. یان... بەگیرەی کارەبایی، نەرمە گوێیان، گۆی مەمکیان، گون و زەکەریان، ئەشکەنجە دەدا!! هیچ نەما نەیکەن!

تۆ هەر گوێڕایەڵ بووی و لە پەڕەکانی مێشکتدا تۆمارت دەکرد.

– ئیتر، لەو کاتانەدا، خۆیان سەر پشک بوون. بەسەزمانەکەش، لە حەژمەتا زمانی خۆی دەگەست، لە چاویەوە، لە دەمییەوە، لە کەپوویەوە، خوێن بازرەقەی دەکرد... تووشی خوێن کەمی و گزاز دەهاتن. دەبووڕانەوە. دەگەوزانەوە. مێشکیان دەئاڵۆزا، یان بەیەکجاری سارد دەبوونەوە.

ئارامت لەبەر بڕا و... شەختەی بێدەنگیت شکاند:

– فلانی... تۆ... کام... لەو... ئازارانەت دی؟

هەرچەندە، پرسیارەکەی بەلاوە ئاسایی بوو؛ وەلێ بۆ وەڵامدانەوە، پچێک ڕاما. تۆ هەستت کرد کە ئازارێکی ئەوتۆ دراوە بۆی ناگوترێ.

ئەوەت لە سیمای خوێندەوە. پرسیارەکەت جووتباقی نەکردەوە. لە ناکاو، خۆی جگەرەیەکی سپاردە لێو و مژێکی درێژی لێ دا، ئەو جا بەئاسپایی و کاوەخۆ دەمی کردەوە:

تووشی ئازارە ڕەشەیان کردم.

خێرا پرسیت: ڕەش!! بۆ لەوێدا ئازاریش ڕەنگی هەبووە؟!

– بەڵێ، مامۆستا میرزا، سوور و ڕەش. بەئاسنێکی سوورەوەکراو، شوێنی ناسکی بەندییان داخ دەکرد. ئەوە ئازاری سوور بوو. ڕەشەکەش، بەشی من بوو. بردمیانە ئەمنی گشتی. لەوێ، لەسەر دەم خستمیان و چوار کەتەزەلام، هەر یەکە و پێی نایە سەر دەست و قاچ و ملم و...

هەڵوەستەی کرد. تۆ بیرت چووە لای پیکاسۆ و براک و ڤانکۆخ، ئەوان سوور و ڕەشیان بۆ چێژی چاو و گیان دەسازاند. ئەم جەللادانەیش، بۆ ئازار و ژان و ئێش، کە دوو چەمکی زۆر جودان. تۆزوکەیەک دەنگی لێوە نەهات. تۆ بەرێزەوە داوای تەواوکردنت لێ کرد.

– شینە زەلامێک، بەر بووە پاشم و هەتکی کردم.

لەگەڵ دوا وشەدا، دایە قوڵپی گریانێکی بەکوڵ، کە بەردی دەتواندەوە. ئەمجا، ئارەقەیەکی ساردی دەردا و... لێو و کوڵمەکانی لەرانەوە. پەلامارت دا و لەباوەشت گرت. نیوچاوانیت ماچ کرد، هێمنانەش گوتت:

– ئەوە مەدالیای شەرەفە. شانازییە. هێمن بەرەوە. دەی، هەزاران کەتنی وایان کردووە. با دانیشین و هەندێ مێوژ و هەنجیر و تووی وشک بخۆین. برالە بەوە ناگوترێ ئابروو چوون، بێ حەیایی و بێ ناموسی و تەرەسی، ئەوەیە گەووادی و سیخوڕی و سۆزانییەتی بۆ



ئەو ڕژێمە بکەی. ئەوەی تۆ شکۆیە کاک وریا.

ڕەنگە شێواو و پەڕیوەکەی هاتەوە. بەچاوی فرمێسکاوی و هەناسە بڕکێ لێوی ترازاند:

– منیش، سێ چوار کولیچەی خورمام پێ ماوە.

لەسەر تاتەبەردی ئاوێک، گیرسانەوە. دەمی توێشەبەرەکانتان کردەوە. خۆتان بەدوو مەلی سەرفراز زانی. خۆتان بەجمکانەی ڕاپەڕیو هاتە بەر دیدەوە. بڕێ سەرمێکوتەی تەنکاوەکە لە بزاڤ و گەردشدا بوون. هاوکات لە ڕووی ئاوەکەش، (ئاورۆشنکەرە)کان وەک فرفرۆکە هەڵدەسووڕان و بازنەی تێکشکاو هێڵی یەکتربڕیان دروست دەکرد. وردە چەویش بەڕوخساری ترش و ڕووی تفتی، ترشۆکە و پونگەکاندا دەخەنانەوە. ئاو زایە دەمتەوە. چەند لاسکە ترشۆکەیەکت شۆرد و... جویت. ئەویش تۆ ئاسایی، دەمی پڕکرد لە ترشۆکە و پونگ.

–ئاو... کە لەبەری ڕۆیی، ئەوا قەوزە ناگرێ.

ئەو بەلەقاندنی سەری بۆتی سەلماند. کەڵەکە بەردێک لە نووای چاوتاندا بڵند ببووەوە، بەوە دەچوو کە گلکۆی گۆڕێکی گەورە بێ.

رووباریش، بە دەمی سەگ و تاژی گڵاو نابێ.

پەنجەت بۆ قەدپاڵی دەستی ڕاست درێژ کرد و ویستت، ڕەوتی قسەکردنەکەتان، بەتەوەرێکی دی وەرسووڕێنی. دەمت لێ نا.

– ئەو کەلەبەرە، بەو کەژەوە دەبینی؟ لەوێدا شوێنەوارێکی دێرین هەیە. بەبەردی گاوران یان دەرکەی گاوران ناسراوە، خۆم چوومەتە نزیکی.

– بۆ دەرکەی گاوران؟!

– بەهەموو پێشینە دەڵێن گاوران!! تەنانەت گەر باب و باپیرانی میدیایی خۆمانیش بن!!

کاتی شۆڕبوونەوەی قوولایی مێژینە نەبوو. گوڕتان دایە خۆتان و تێکەڵاوی ڕەزمی کۆڕەوەکە بوونەوە.

ئاسمان هەرچەندە پەڵە هەوری پێوە لکابوو؛ کەچی ئەو دەمە، پرشەی نەکرد. ئاماژەت بۆ چەند مەلی ئاوی کرد، کە خۆیان لە ڕووکاری زیوینی ئاوەکە هەڵدەسوو!! لەوەپاش وەکو فڕۆکەی مێگی شازدە، لە ئاسمان گوم دەبوون. یاوەرەکەت، بەم دیمەنە هەستی خرۆشا و... پەپوولەی بزە لە لێوانی نیشتەوە.

ئەو گوتی: خەنی لە خۆمان.

تۆ گوتت: چونکە لەم کۆچڕەوە مەزنەدا خڵتە و خەوشەکانمان دەراند و...

ئەو گوتییەوە: دەراند و... یەکتریمان، لە نزیکەوە ناسی–

ئافەرین «تۆ گوتت» هەتا دێ، چینەکان جوێ جوێ دەبنەوە. بەمەیش پەنجەی داد لەسەر زامەکە دادەنێین و... گۆشتەزوونەکان دەبڕین.

هێدی هێدی، ڕێگەکەتان بڕی. جار ناجاریش، بەرد و کۆسپ و لەمپەر وەکو دومبەڵان لە ژێر پێڵاوەکانتدا هەڵدەتۆقا. دانەویت و بەردێکت هەڵگرت و... هاویشتت

«لەمپەر و تاوێریش پێشێل دەکەین»

ئەو گوتی، تۆ هیچت نەخستە پارسەنگی قسەی، هەرچەندە، باری هێستریێک قسە و گورووی دڵت هەبوو، چاکیش دڵنیا بووی، کە قسە نایخوا. هەزار قسە و یەک کردار. باشیش هەڵست و ڕەچەڵەک و کرۆکی ئەو دزێوانەت دەناسی. ئارەقەی نێوچاوانی خەڵکیان دەدزی. بەتورکی بەخۆت گوت:

«قوش وار باش قورپاردی، قورتن ئادی یەماندی!»

بەویشت گوت:

– دەزانی باڵندەی وا هەیە گۆشت خۆرە و سەر لە لەش دەکاتەوە!



کەچی گورگ بەد ناوە؟ ئەی... ماری ئاشقە و ماشقەت دیوە؟

گوتی: ئا... لەو (شارەزوورە)دا، سەرباز بووم، جووتێ ڕەشمارم دی، لە سەریانەوە هەتا کلکیان، دەق وەکو دوو وایەری کارەبا، تێکاڵاو بوون! تاو نا تاوێک؛ لەسەر کلکیان قیت دەبوونەوە و... زمانیان لە یەکدی دەسوی!!

گوتت: دیارە خەریکی حەزی خۆیان بوونە. بێگومان لێیان چوویتە پێشەوە!

گوتیەوە: ئا... وا بوو! چۆنت زانی!؟ وەک ئەو کاتە لەگەڵمدا بیت!!

– واش نا؛ بەڵکو هەڵوێست و دیمەنەکە وا دەخوازێ. چاکە. لەو کاتی مەست و بێ ئاگاییەیان، بە تۆ بێ چ بکەی؟!

پرسیارێکی سەمەرە و ناکاوی بوو. تۆزێک داما و ئەوجا بەئاسوودەیی وەڵامی پرسیارەکەتی دایەوە.

– دەبێ چی بکەم !؟ گوایە... کوشتنیان... خێرە. ئەی تۆ بیت، چی دەکەی؟!

بەلەز گوتت: نایکوژم. بگرە، ئەگەر بۆشم بکرێ، هەنگێ دایاندەپۆشم. باشە. ئەوسا بۆ نەتکوشتن؟!

– ڕاستت گەرەکە، زاتم نەکرد. نەموێرا، نەبادا...

بەپەرۆشەوە دەمت لێ نایەوە:

– نەبادا... چی !؟ قوربانت بم!

بەدەنگێکی ترس ئامێزەوە، ورد ورد هاتە گۆ:

نەبادا... ڕاستییەکەی... نازانم... بۆ!!

تۆ بۆت تەواو کرد.

– چونکە دەڵێن، ئەگەر یەکێک لەو ئاشقە و ماشقانە بکوژێ، ئەوی تر، بۆ تۆڵە ساندنەوەی هاوسەرەکەی، شوێن پێت هەڵدەگرێ،

تەنانەت لە ناوەندی دورگەیەکیشدا خۆت بشاریتەوە!! گوایا، بێجگە لەوەش، دوژمنی کۆنینە مانە!! دایکە حەوای لە خشتە بردووە و... ئێمەمانان، من و تۆی کلۆڵی لە بەهەشتی دڵارا، بێبەری کردووە!! ها ها ها... هۆ هۆ هۆ... هێ هێ هێ...

ئەو لایەنی بێدەنگی و گوێڕایەڵیی پەسەند کردبوو، تۆ پتر ڕێسات:

– کاکی برا، بۆ بیانکوژین؟ مار، خۆی لە بنیادەم دەترسێ خۆی لە کون و کەلەبەران دەپەستێ. ئا... تەنیا ڕوخساری سامناکە، بەتایبەتی چاوی و زمانە دوو شەقەکەی.

ئەو شەختەی ماتبوونەکەی خۆی شکاند.

– دەڵێن: گۆشتی دەخۆن و... ژارەکەی لە زێڕ بەنرخترە.

– بەڵێ، پشتێن و جانتای ژنانە، لە پێستە جوانەکەی دروست دەکەن.

– مەبەستت بۆ ژنە پارەدارەکانە. جارێک دەستم بەژێر سکی مارێکی زەرد دا هێنا، کە دەروێشێک لە باخەڵی دەنا، موچڕک... بەسەرتاپامدا هات!! بڕوا بکە، لە من وایە ئێستایە!

– ئێسکی دەکرێ بە ماشەی دەرمانگرتنەوە.

– جرج و مشک و جانەوەری زیانبەخش ناهێڵێ.

– بڕوا بکە... (تۆ گوتت) جێگەیەکی نییە بێ سوود بێت، ئەوە بێجگە لەوەی، کە...

زوو زمانی خۆت گرت. هەندە نەمابوو، ڕاز و نهێنییەکەی ناخت ڕەها بکەی! وەلێ گورج دەمت کلۆم دا، چاک بوو ئەویش لەسەری نەڕۆیشت. ئەو دەمە، ماڵ کاول نەبوو، هەر دوو چاوت کۆرە دەبوون... ئەوجا، دەبوایە ئەم هاوڕێییەی ماراسۆنە پەلکێشت بکا. خەونەکەی «خانی»ت لەکن نەدرکاند. لە ژوورەوەتدا، سوڕگومت کرد. بۆیە ئەوا هەنووکە، بەچاوی ناخ، دوو مارە ئاشقەو ماشقەکە دەبینی، کە بەسەر زەویدا، تلیان دەدا و



ئاگایان لە جێگات نەمابوو. خەریکی تەقسی سوور و سرووتی عاجباتیی خۆیان بوون. خولیان دەخواردەوە. دەگەوزانەوە و ئەڤینیان دەکرد. تۆ ئەوساکە، ئەودەمە، نەتزانی کامیان، لە سەرەوەیە و کامیان لە ژێرەوە!! ئەڵبەتە بان و بنیان ڕێژەیی بووە. کتومت وەکو گوریسێکی دوولۆی بادراو!! ئەمێستا، تۆ ڕەدووی ئەو نهێنە کەوتووی، کە جووتە مارە دڵدارەکە پێیان بەخشیوی، لە پاداشتی جوانمێری و شاردنەوە و ستركردنی ئەو کاتە جوان و ناسک و پیرۆزەیان. چارشێوەکەی دایکت دێتە پێش چاو، کە پارچە چەرمێکی لە ژێردا بەجێ مابوو لە بارەی ڕووەکە تیشکدەرەکەی قەندیلەوە!! چەرمەکەت ماچ کرد و توند لە جێگەیەکی پارێزراو داتنا. هەنووکە، بەئاگای و هۆشت پێگەییوە. لە کەس دڵت نارەنجێ گەر بەپێچەوانەی تۆش بیر بکەنەوە. پێچەوانەیی و دەمەتەقێ و بەراوردکردن، بەرەو گۆڕان و پێشەوەمان دەبەن.

«هەر کەسە و... بیر و لێکدانەوەی خۆی، وەلێ، هەموو شتێ ڕێژەییییە و... بەگوێرەی سەردەم و جێ. بەتۆپزی بیروڕا، ئاڵوگۆڕ ناکرێ».

تۆ قێزت لەوانە دەبێتەوە، کە چاو دەنووقێنن، یان لۆکە دەئاخننە گوێیان و زمانیان گرێ دەدەن!! بۆ خەندە و شۆخی دەمت لە هاوڕێی ماراسۆنتدا نا.

– فلانی، تۆ ئەو پەیکەرە بچووکەت دیوە، کە سێ مەیموونە!؟

– مەیموونی چی!؟ نا... نەمدیوە!!

– میدالیایەکە بۆ هەڵگرتنی کلیل و سویچی ئۆتۆمبێل... ئەو، سەری سوڕمابوو. تۆ تەواوت کرد:

– مەیموونی یەکەم، چاوی خۆی گرتووە، دووەمیان، هەردوو پەنجەی دۆشاومژەی ناوەتە گوێیەوە! سێهەمیش، دەستی ناوەتە سەر دەمی...

ئەوجا وریا پرسیاری لێ کردی:

– جوانە و هەم دیارە مانای هەیە؟!

– بێگومان، دەڵێ لە قسە و باسی خراپە دووربە، چاو لە نامووسی خەڵک مەبڕە و گوێ لە بەدکاری مەگرە...

قاقا پێکەنیت و گوتتەوە:

– هەن دەڵێن مەبەستێکی دیکەی هەیە.

– ئەویش: خۆت کەڕو لاڵ و کوێر بکە بۆ ئەوەی تووشی بەڵا نەبیت

وریا گوتی: ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە

ئەویش بەشداریی پێکەنینە دوو زەردێنەکەی کردی.

– ئەوانەی خۆیان وا لێ دەکەن، کەڕولاڵ و نابینا!! نایانەوێ ڕەنگینکەوانی پاش باران ببینن. نایانەوێ پەردەی گوێیان بەجریوەی مەلۆچکان بلەرێتەوە. یان زمانیان گۆ ناکات لە گوتنی باشە و جوانی. قوڕوقەپ! وەکو بت!! کۆتەڵ، دەمامک، داوەڵ...

کەسانی وا، شایستەی تەوژمی ڕق و تووڕەیی و هێرش و قێزتن. تۆ لە ئاستیاندا، ئەسپێکی سەرکێش و ڕەسەنیت. لەو دەمانەدا، بیر لە ئەسپەکانی «ژێرنیکا» و «جەواد سەلیم» و «شەودێز» دەکەیتەوە. کەوا لەتاو ژانەکانیان؛ زامەکانیان، دەیانویست و دەیانەوێ باڵ بگرن و ببنە پەپوولە سلێمانکە. بیرت بۆ بوراق دەچێ. کە جاران بەدەرگا سنووقە دارینەکانەوە دەکێشران. سەروگەردنی ئافرەت و لەش و دەست و پێیەکانی ئەسپ!! باڵدار و... مل و قولە پێیەکانی بەملوانکەی زێڕ و پاوەند و حجیل نەخشرابوو!! جارێک وێنەی بوراقێکت کێشا و جووتە باڵەکەیت لە پەڕی تاووس ڕەنگاند. نەرمەزینێکی ڕەنگاو ڕەنگ بەپشتییەوە. تۆ بۆ ئەو میعراجە، «کچە کافرۆشی»ت دانابوو لە جیاتی کەسێکی دی... لە ژێری نووسیت: ئەممەیە (SPHINX) سفنکسی کوردەواریمان.

– ئەرێ... پرسیارێکم ماوە... چۆن لە زیندان ڕزگار بووی کاک وریا ؟

تێولی گوشی و بەئێشەوە گوتی:

– پاش ئەوەی، دەستەکەی «محێدین حەللاق»یان دوو دوو بانگ کرد



و دەنگوباسیان نەما، دڵنیابووم، کە نۆرە دێتە سەرم؛ بەڵام لە خۆشبەختیمدا ڕەوانەی بەندیخانەیەکی خواروو کرام. زۆری پێ نەچوو، لە ڕاپەڕیندا سەرفراز بووم.

دڕتان بەرێگاکە دا. شێرێ لێرەو شێرێ لەوێ، هەوراز و نشێو، پێچاوپێچ بوونەوە. لەپڕ، ئەو پریاسکی وتووێژی کردەوە...

– دەشێ ئەو ڕۆژە بدینین کە لە تاوانی هەڵەبجە بکۆڵدرێتەوە؟ نهێنیی ئەنفالەکان ئاشکرا ببێ؟! مەبەستم ئەوەیە، کە هەندێ لایەن، بارودۆخیان بۆ کیمیابارانەکە سازاند !؟ تێم دەگەی؟

بەکورتی وەڵامت دایەوە:

– مێژوو ورد و درشت تۆمار دەکا و هیچ نابوێرێ. ئەوە نییە من و تۆ هەموو شتێک دەزانین.

– قسە کەوتە زارێ... کەوتە شارێ، کورد وتەنی.

لە ناوەوەتدا، پرسیارت کرد، ئەگەر «کاڤافی» لە نێوان دڵەڕاوکەی هەڵبژاردندا، یەکەم: مەیخانەیەک، مەست و سەرخۆشی بکات.

دووەم: کلێسایەک لە گوناهەکانی خۆش بێ و... سێهەم: بیمارستانێک، تیایدا بمرێ... ئەو شاعیرە یۆنانییەی ئەسکەندەرییە، سەری لێ شێوابوو کامیان هەڵبژێرێ. ئەی تۆ لە نێوان چەکی عەلی کیمیاوی و... سەرما و... برسێتیدا، یەکەمیان: دروێنە دەکا و دووەمیان: ڕەقت دەکاتەوە و... سێهەم: برستت لێ دەبڕێ، چی هەڵدەبژێری ؟! ئەی خۆ خۆریمان! براکوژیمان! خۆ سڕینەوەمان! کەواتا... دابڕان و... هەڵکشانت بەرەو هەناوی قەندیل ڕاست و دروست و پێویستە. هەڵبژاردن، خۆی لە خۆیدا، هەڵوێستە و... هەم بەرەنگاری و... خود ناسین.

«ڕۆحم لەوێدا دەدۆزمەوە»

زەمەن، درێژخایەن و لێکچووە، وەکو ئەوەی، چرکە و خولەک و ساتەکان، ڕۆژ و حەفتە و مانگەکان، وەرزو ساڵ و سەدەکان، لەسەر

یەکدی کۆپی کرابن!! ئەوەی دەگۆڕێ، ئێش و بەتاڵیی گەدە و ڕۆحە. ئەوەی لەیەک ناچن، سەرما و سۆڵە و دەست و پێیە سڕ و لە گۆ چووەکانتانە! ئێوە، قەدپاڵ و توولەڕێیەکانتان، بە گۆڕی منداڵ و کەنەفت و سکچووان ڕازاندەوە.

«شارانی ئێمە لە جیاتی جیرانیۆم و داڵیا و شەوبۆ، بەپۆستاڵ و مین MINE چێندران!! دەشێ گێتی وازی لە ئێمە هێنابێ!»

هاوڕێکەت، لای دا، بەتوندی، بەجەختەوە یەکتری دەگرنە باوەش. ئەوجا تۆ بوویتە کوڕەی ناو حەقایەتەکان، بەگۆچانی مس و پێڵاوی ئاسن، ڕێت گرتەبەر، گلۆڵەی شەقامەکەت لەسەرخۆ پێچایەوە. ئاوڕت نەدایەوە، ها ئێرە و ها ئەوێ، بڕۆ... بڕۆ... بڕۆ... زمانی پەیڤین پشوو دا و زمانی سۆز و هێما هاتە کایە و... لە کاردا بوو تۆ و یاوەرت، دوو پەڕەسێلکە بوون لە یەکتری جیا بوونەوە بەو هیوایەی، کە لە هێلانەی «گاورباخی»دا یەک بگرنەوە. لەو ئانە ناسک و دەگمەنەدا، لەو جێکاتە ڕۆحییەدا، خۆزگەت بۆ پەیژەی مۆسیقایەک خواست، بریات بۆ پەڵە ڕەنگێکی «دیلاکروا»، کاشکیت بۆ سۆڵۆیەکی بتهوڤن، ئارەزووت بۆ سەمایەکی «نجنسکی» خواست. حەسرەتت هەڵکێشا، هەندە نەمابوو، سەمەندەر ئاسایی، دووکەڵ لە هەناوت بەربێ! دەبێ بۆ ئەوەی ئەو خۆزگە و بریا و کاشکی و ئارەزوو و خواست و حەسرەتانەت بێنە دی، تۆ هەنگاو هەڵهێنی، بەسانایی ناگەی بەوان. ڕوو لە ناخی خۆت دەکەی:

«سەنگدڵان، ئەم عالەمەیان لە ماڵ و شار و ڕووبار و درەخت دابڕی.
وا ڕوو لە مەرزی نادیار دەکەن! ئەز... ملکەچی لافاوەکە نیم... بۆیە ڕوو لە نزرگای خۆم دەکەم... قەندیل...»

لە ڕێگادا، مێروولەیەکی شەل، دیسانەوە، میوانداریی مێرووستانەکەی پێچی پیرمامی هێنایەوە بیرت، یادت گەشایەوە. بەنەرمی و ڕێز و شکۆوە، بۆی چەمایتەوە.

– مێروولە ئازیزەکەم، کێ شەلی کردی؟ دەستی بشکێ. زیز مەبە. وەرە تاوێک لە گەرمایی ناو لەپم، باخەڵم ئارام بگرە... نایەی...



کەواتە، بەهاواڵەکانت بفەرموو، کە برسێتی ناچاری کردین لە ئازووقەکانتان بخۆین. ئێمەیش دەمانویست وەکو ئەنگۆ بژیین... باشە، لە بیرت نەچێ... ئاوهایان پێ بڵێ...

چی؟! شکاتمان لێ دەکەن! لە لای کێ؟ ئێ... ئێ... تێگەیشتم، براڵە، کەواتا... بەو خوایە میهرەبانە بفەرموون، گەر ئێمە لە زیندەوەرانی خۆی حسێب دەکا، ئەدی لۆ لامان لێ ناکاتەوە!؟ ببوورە لە درێژ دادڕیم. قەی ناکات... با فریشتەی سەرشان، ئەو دانەوێڵەیە بەقەردوقۆڵە لە سەرمان بنووسێ.

خۆت و مێروولەکە بوون، کە دەیویست بەلایەکدا بڕوا، تۆ ڕاتدەوەستاند و قسەکەی خۆت تەواو دەکرد.

... پەری و مەلایەکەتەکان بەشاهێد دەگرم... کە دزیمان نەکرد... چی! ئەو ناوانەت نەژنەوتووە!! دە بیبیسە و... بڕۆ بەهاوڕێکانت بڵێ، گەوجە، ئەوانە هەموو شت دەزانن. ئافەرین ئاوەها وەرە ناو لەپم. لە چوونە خوارەوەشدا، بەئاسپایی، کاوەخۆ، بەهۆی پەنجەکانمەوە بچۆرە خوارەوە. دەی بە«خدر زیندە»ت دەسپێرم. دوور بیت لە هەزاران پاژنەی کەمتەرخەم و... سمی هەزاران بەرانە کێوی. ئەوانە بەڵای ناگەهانن و پەریشانت دەکەن!!

لەو کاتەدا مانەندی عارەبانچییەکەی «چیخۆف» سکاڵای دڵت هەڵڕشت: ئەو بۆ بارگیرەکەی و تۆ بۆ مێروولەیەکی شەل. بۆ نا! ئەی هەموو چوون یەک نین لە بارەگای یەزدان!! ئەی بەشێرەکوللە ناگوترێ مایینی پێغەمبەر!! وچانێک دەدەی. شەوەکەت دەگوازیتەوە بۆ جێگەیەکی تر و... ناوت لەکن مەبەست نییە. تروسکاییەک لە ناختدا پەخش بۆوە، هەستت بەرابوون و هاندەرێکی بەگوژم کرد... بڕۆ... بڕۆ... بڕۆ...

## راز و هەڵکشان

ئاشتی، بادە شیریێکی گەرمە لەگەڵ کتێبێک، بخرێتە پێش
منداڵێک لە خەو هەڵسابێت.

**ریتسۆس**

«کەڵکی چیت دەدا...» مەسیح گوتەنی «کە پارە و پوولی دونیات هەبوو، بەڵام ڕۆحی خۆت دۆڕاند!» لە شاردنەوەی زیرۆحێکدا بەشداربووی. ڕوخساری دایکەکەی، هۆشی تۆی هەڵگەڕاندە چاخی ئەفسانەیی گریکەکان. دایکی «ئاخیل»ت دی کە کوڕەکەی لە ئاوی زیندەگی هەڵدەکێشا بۆ ئەوەی خواوەندەکانی ئۆلیمپ و نیوچە و نەوەکانیان، نەیمرێنن. با وەکو ئەوان نەمرێ. تومەز شوێن پەنجەکانی دایک لە ئاوی زیندەگی تەڕ نەبوو، بۆیە «پاریس» تیرێک بۆ ئەو قوڵەپییە وشکە دەگرێ، ئاخیل بێ پێچەوانەی ویستی دایکی، وەک مرۆڤێکی ئاسایی دەپێکرێ.

«مرۆ، لەش لەدەست بدا نەک گیانی... پیاح !! لە چاوچنۆکی و ئێرەیی ئەوانە!! پەکوو... لەم چارەنووسە سامناکەی مرۆڤ! تراژیدیا و هەم تەنز و قۆشمەجاڕی!! ئێژن: زەوی و ئاسمان و زیندەوەری بەشەش ڕۆژ دروست کردووە بۆ تەماشاکردن و بەزم و گەمەی خۆی! لە ڕۆژی حەوتەمیندا، پشووی داوە!»

پاش شەش حەوت شەو و ڕۆژ، بەو ڕێگە دوور و درێژەدا، لە ئاشیانەی خۆت هەڵکەندرای و کەوتیتە ژێر سمی ئەسپە کێوییەکانی هۆلاکۆ و تازە مەغۆلەکانەوە. شارەکانیان کردە ئەسینا و بابل و سادوم و عامورا،



قەسابخانە... سۆزانیخانە... هەتیوبازخانە. چەند ئازار دەکێشی لەوەی هەتاکو هەنووکەش، ڕێگەی دوای مەرگت بەرەو کوێیە! لە دایک دەبی و دەمری. ئەوە بەتەمەنی ساڵ ئێجگار کورتە. هیچ وەڵامێکت چنگ نەکەوتووە. بگرە بۆ ساویلکەیی پرسیارەکەت، نم نم ئاسمان فرمێسک دەڕێژێ. قەلەڕەش یان کیسەڵ لەتۆ زیاتر دەژێ! ڕوو لە ئاسمانەکە دەکەی. لەوێشەوە وەڵام ناژنەوی. نازانی ئەو نمە بارانە فرمێسکی خەمە یان شادی؛ بۆیە بەخۆت دەڵێیت:

«ڕێگەی دیاریکراوی خۆت بپێوە. بارت لە کۆڵ نێ و لەگەڵ ئەم سروشتەدا بسازە»

مرۆڤ، ئەوسا بەختەوەرە کە لەگەڵ کەوندا سازا وەک لە مۆسیقادا چۆن دەنگ و تۆنەکان هارمۆنییەک دەڕەخسێنن. تەبایی و گونجان ئامانجی هونەرە. هەنگاو بلوێنە لەگەڵ ئەم «یۆگا» سەپێندراوەی بەسەرتاندا. وا لە خۆت ڕادەمێنی. دەشێ مرۆڤ، پاش مەشقێکی ئاوها، لە بارودۆخێکی ڕۆحانیدا، لە جێکات بەدوور بێ و... گەدەی بەشێوەیەک بتۆرێ، کە بکەوێتە سەرووی برسێتی و ئێشەوە؟ بۆ نا! ئەوە نییە، تۆ هەست بەبرسێتی ناکەی! ئەوە نییە بەرچاوت، هەتا دێ و نزیکتر دەبیتەوە لە قەندیلی ڕۆحت، ڕۆشنتر دەبێتەوە! ئەی ئەوە نییە، هەستت لە ئاست ئازارە فیزیکی و لەشییەکان، دەبێتە باڵندەیەکی شەففاف و دیودەر و بەرز فڕ!!

«هەندە نەماوە خۆم بەمووسا بزانم، یان پرۆمیسیۆس. ئەویان پێش گەلەکەی کەوت. ئەمیشیان، ئاگری لە کوانگی یەزدان فڕاند و دایە مرۆڤ بۆ بنیاتنانی ژیاری. مووساش، دابڕا و ڕووی لە کێوی «توور» کرد و هەزار و یەک وشەی لەگەڵ خودادا ئاڵوگۆڕ کرد. گەڕایەوە و پەرجووی خۆی نواند. ئەوا منیش ڕووەکی تیشکدەر بۆ گەلەکەم بە خەڵات و دیاری دەبەم»

ئەوەتانێ وەکو «دانتی» و «میلتۆن» لەناو بەهەشت و دۆزەخی ئەم زەوییەدا، ڕەونامەی خۆت دەکەیتە ملوانکە بۆ گەردنی وەچەکانی پاش

خۆت نەبادا ئەم گشت ئەزموون و حەقیقەتە بەداستان بزانن لەمەڕ تیرۆر و جینۆساید و ئەنفالی مەرگستانەکەتان. ئەمێستا، دڵنیای لەوەی کە «مەرگ» سڕینەوەی «ژیان» نییە وەک ئاماژەی بۆ دەکەن؛ بەڵکو تەواوکەری یەکدین. تۆ مەرگی ڕاستەقینە، بەمەرگی گیان و بێدەنگیی ئەزەلی دەزانی. تۆ گاڵتە و تەوس بەدۆنکیشۆتەکان، زۆرباکان، فاوستەکان، هاملتەکان دەکەی؛ چونکە... بەگژاچوونی ئاشە باهۆزەکان، سەماکردن لەسەر گوریسی گوماندا، دەست تێکەڵکردن لەگەڵ شەیتاندا، دڵەڕاوکەی هەبێ یان نەبێ... ئەمانە تینوویەتیی ناخە گڕگرتووەکەت ناشکێنن تینوویەتیی تۆ بەئیکسیرێکی دی دەشکێ کە بنجی لەو قەندیلە پیرۆزەدا داکوتاوە.

«سەربەستم لە هەڵبژاردنی ڕێ، کەوابوو... هەم» تۆ ئیسفەنج نیت، تەنیا هەڵمژی و بەس. تۆ تیشکی و... دەبەخشی. ئا... ئەم خۆ دواندن و بەناخدا شۆڕ بوونەوەیەت، گەیاندیتییە ئەوەی، کە خۆزگە بۆ هێزی «تەلیپاتی» بخوازی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دایکەدا پەیوەندی ببەستی لەکاتی گۆڕەوشار و کۆمەڵکوژیی «ڕمادی»دا، منداڵەکەی بەقەپیلکە شقارتە ژێر دەکردەوە. بەتێهەڵکێش کردبوویە ترومبێل. بەدەمیش لاسایی ئاژووتنی دەکردەوە... بییب، بییب، ڤڕڕڕڕ... هۆپ... لە بەرزایی سێ میتەرەوەش، شۆفەڵەکان، چنگیان لەو لمستانە گیر دەکرد و... خەڵکانی ئەو چاڵەیان، بەزیندوویی دەناشت. هەتاکو دایکە و جگەرگۆشەکەی و دەیانی دیکە و ترومبێلە قاوغەکەش لە چاو بزربوون!! دەنگ و ناڵەیان، لەژێر خۆڵدا کپ بوو!! تەنانەت شوفێری یەک لە شۆفەڵەکان نارەزایی نیشان دا، ئەویشیان زیندەبەچاڵ کرد!!

ئەو دیمەنە سامناکە، مێشکتی بەسەریەکدا گەچلاند و خۆت لە هەزاران ساڵی ئەفسانەییدا بینی و بەهرە و ئیلهامت لێ وەرگرت. ئەوەتا، «ئینانا»ی خواژن و خانمی ئاسمانان بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کەڵبەی مردن و تاریکی ڕزگار بکا، بڕیاری داوە، کە دابەزێتە عالەمی ژێر زەمین، ئەو



جێگەیەی، گەڕانەوەی لە پاش نییە، بۆ ئەم مەبەستە خاوێن و پیرۆزە، گشت تین و توانا خواوەندییەکانی خۆی کۆدەکاتەوە. کاڵای پاشایەتی دەپۆشێ. گەردنی بلوورینی بەخوناوکەی ئاقیق و فەیروز و زومرووت و ئەڵماس، مەچەک و بازووی بەبازنگی مارپێچی زێڕ و زیو و مەرجان و زەبەرجەد دەڕازێنێتەوە. لەو لاوەش، شاژنی ژێر زەمین، کە خوشکە گەورەیەتی، چاوتیرانداز، قژکوڵکن و تووله مار، نینۆک پۆڵای جادووکار و مەرگچێن، «مێدوزا» ئاسا خۆی بۆ پێشوازییەکی سامناک تەیار کردووە. تۆ ئەم ئەفسانە سۆمەرییە بەموڵکی خۆتی دەزانی، بۆیە لەگەڵ ئینانادا، پێکەوە دادەبەزی بۆ ناخی ژێر زەمین. حەوت دەرگا دەبڕن، لە هەر دەرگایەکدا، پارچە پۆشاک و خشڵێکتان لێ دادەماڵن! کاتێ لە دەرکەی حەوتەمدا ئاودیو دەبن، وەکو ئەوەی لە منداڵدانی دایکتانەوە بەربووبێتنەوە، ڕووت و قووت دەوەستن! ئەوا «ئیریشکیگال» جووتێ نیگای شەڕەنگێز و سیحراویتان لێ دەنێ. دەسبەجێ سارد بوونەوە. یاساوڵانی دۆزەخ، ئێوەیان لە نووخانتانەوە هەڵواسی. تۆ، لەبەر ئێش و دیمەنە سامناکەکە، بەئاگا هاتی و گلێنەی چاوت سووڕ دا. هاتیتەوە سەر زەمین. ڕەوکەران چوون مێروولەی دەستەمۆ لە کۆششدا بوون. تەنیا تۆ بۆ پەرستگەی ناخت، دەستەوسینە، دوو ڕکاتی نوێژی تایبەتی و بێ دەنگ و جووڵەت بەستا. ئەو دەمەی ڕووت لە ڕووەکە تیشکدەرەکە بوو گوتت:

«نەک لە ژێر زەمین، ئەوەتا لە سەدەی بیستەم و لەسەر گۆی ئەو زەوییەدا، ئیریشکیگال بەرگی دەیان هۆلاکۆ و نیرۆن و مۆسۆلینی و پاتێستا و گوبلز و مۆباسا و هیتلەر و سەددامی پۆشیوە!! ئەوانە هەرگیز ناگەنە پلە و پایەی سەددامی لەمەڕ خۆمان بۆیە هیچ ناو و ناتوورەیەکی وەکو خوێنمژ و فاشیست و نازی و دڕندە لێ نانێم، با ناوەکەی خۆی بەسی بێت».

بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ... لە ڕۆژی یەکەمدا، هاوشانت گاوگۆلکە و تراکتۆر و ئاژەڵ بوون. زەلامێک خێزانەکەی لەسەر عارەبانەیەک ترنجاندبوو. سێ

کەنیشکە و یەک کوڕکە قژە سەرە گەرمییانییەکەی بەکوژەکەیەکی شین، بەمیو و بنێشتەوە چەسپێندرا بوو. لاشانی، نوشتەیەکی سێگۆشەی سەوزی پێوە دروو بوو!! وات هاتە بەر زەین کە دووسێ ڕۆژ بێ چەشکەی هیچیان نەکردبێ، نانێک و مستێ مێوژت دانێ. باوکەکەیان گوتی:

– کەرە لاتەکەم تۆپی و بەهانای منداڵەکانمەوە هاتم. ئەوە دەبینی جێگەی گوێدرێژەکەم گرتۆتەوە!! ها. ها. ها...

پەپوولەی بزەیەک لەسەر لێوانت ئۆقرەی گرت. گوێدرێژ و... گوێکوڵ!! بڕۆ، بڕۆ، بڕۆ... سپیلک... خەلیفان... زارگەلی... ئاوڕ نادەیتەوە. سڵ ناکەی و خاوەندی هەنگاوی خۆتی. برسێتی، نووزانەوە، هەنسک، گریان؛ گریانی بێدەنگ. مەرگ، مەرگی بەکۆمەڵ. شلێوە و باهۆز... با... با... با. هەناسەدان و زیندان. عەلی ناوێک بۆتی گێڕایەوە، لە پاش شکستی ڕاپەڕینی شار، شەست کەس پەستێندرابوونە ژوورێکەوە!! لە گاورباخیدا نزیکەی پەنجا هەزار دەسگیرکرابوون. مەگەر لە کونی سەرەوە قیچێک بایان بۆ بهاتبایە. ڕۆژی یەک دووانێک دەمردن. بۆیە بەناچاری یەکێک خۆی بەخت کرد... ئەوانی دیکە هاواریان کرد: مرد... مرد... ئەی هاوار، داد و بێداد، وا گیان دەدا. ئۆردیانی گرتووخانەکە، دەرگا ئاسنینەکەی دەکردەوە. ئەوسا بەپەلە هەناسەی قووڵیان دەدا. مردووەکەیان دەبردە دەرەوە. کاتێکیش بۆیان ئاشکرا دەبوو، کە بەساختە و ئەنقەست خۆی مراندووە، مارکوژیان دەکرد، بگرە کوێت دێشێ... دەیانهاویشتە ژوورەکەوە. عەلی گوتی: من ئەو زەلامەم بەفەتارەت برد؛ بۆیە بڕیارم دا، بۆ ڕۆژی دوایی، خۆم بمرێنم و... هەرچی دەبێ با ببێ. لەو ڕۆژەوە خۆ مراندنمان کردە نۆرە؛ چونکە کەسی وا هەبوو بەچەند سەعاتێک ئەوجا دەهاتەوە سەر هۆشی خۆی!!

ئەی ئەوە نییە لێرەش، مردنتان بەردەوامە. چاو بەدیمەنەکاندا دەگێڕی. دەتەوێ بۆ ئازووقەی یادەوەری و نووسین هەڵیانبگری، هەڵیانمژی، ئەوەتا، بەپێش چاوتەوە، پیاوێک بەسواریی پاسکیلەوە، بەنۆرە، ژن و کوڕ و



کیژێکی لە گەرمیانەوە گەیاندۆتە «هەریر»! ئەویش ژن و مێردێکی پیر و نابینان، دەستی یەکتریان گرتووە و تەنیا بەهەست و گوێ و سەلیقە چاوساقی یەکتری دەکەن!! باوکێ مامانیی کچەکەی خۆی دەکا!! ناوکی کچەزاکەی دەبڕێ! سەربازێکی عارەب، لە کوشتار قوتار ببوو، کۆرپەیەکی لە باوەشە و... پەیتا پەیتا، مەمکە شیرێکی بەتاڵ دەخاتە دەمیەوە و پاڵتۆ خاکییەکەی داوەتە بان نەخۆشێک!! تۆ لە حەژمەتی ئەو دیمەنانە، لەو سەرمایەدا، وەخت بوو گڕبگری. جاران بووکەبارانەتان دەکرد. پەڕۆ سەوزی پیاو خاسان، ئاڵای شەکاوەی مەرقەد و گومبەزی مەشایەخانتان لە ئاو دەخووساند. بۆ تنۆکە بارانێک، نوێژە بارانەتان دەکرد. پشتێندەی سەیدانتان ڕادەوەشاند، ئەمێستا ورد و هەراش، بەکۆیی دوعا و نزا و سکاڵا و پاڕانەوەتان بۆ وەستانی لێزمەی بارانەکەیە!! یەکێ دەنگی هەڵبڕی:

– ئەمە... کەی بارانی ڕەحمەتە!! ئەمە غەزەبی خوایە.

باری هێستریک قسە و گازندەت هەبوو؛ کەچی لە هەمبانە و هەگبەی ناوەوەت پەستان هەتا ڕۆژی خۆی دێ. لەو ئان و ساتەدا، ماندی بووی و... کێ گوێ شل دەکا... لەوانەیش بوو بەکافر و فەرمەسۆن و زەندیقت بزانن. کێ لە کات و جێگەی وادا گوێ دەتەکێنێ. چەندانێک بەترومبێلی تازەوە فرتە دەکەن. بەگونیانەوە. چەکداریان بەپارە گرتووە بۆ ئەوەی ڕێگەیان بۆ خۆش بکەن بەبیانووی ئەوەی گوایا زامداریان هەیە! وەی جرت. بەچاوی خۆت فڕۆکەشکێنی چوار لوولەت دی فرتەی دەهات بەرەو سنوور! کە ئاوی ڕوو تکا و بەزەیی نەما، دۆستایەتی و داد و مرۆڤایەتی باروبنەیان دەپێچنەوە. ئەوسا ناموس دەبێتە فلووس. زێڕەڤان بووی. کەسی وات دی، لەبەر فیشەک و ڕەخت، سنگ و دەفەی شانی نابیندرا، چەپ و ڕاست بەتەرحێ بۆی نەدەگونجا بەباشی وەرچەرخێ!! کەس نەیزانی ئەم نمایشە بەفەرمایشتی کێ پووکێندرایەوە!! کەس ناوێرێ بڵێ ئێمە بەردی چ گەمە و داش بەداشێکین!! ئەدی بەهەزاران لە ئۆرشەلیمەوە

کوچڕەویان پێ نەکرا بەرەو بابل. ئەی پێتەخت و هەیکەلی سولەیمانیان تالآن و سورنگووم نەکرد. وەکو ئاردی ناو دڕک و دەوەن پەرت و بلآوییان بەجووەکان نەکرد.

یەکڕاست، لەو دیمەنە مێژووییەوە هەڵگەڕایتەوە بۆ دیمەنی ئێستای کۆچڕەوەکە. وتووێژێکی خۆت و یەکێکی مەیانە تەمەنی ڕەقەڵەدا، موو بەموو کاوێژ دەکەیتەوە! باستان لەوانە بوو کە دیدەوانیی ئاسمان دەکەن بۆ فریاگوزاری.

– چاوەکەم، ئاتاجی و برسێتی وا لە مەردم دەکا کەوا حەرام حەڵاڵ بکات.

– وا مەڕێ. گوناحت دەگاتێ. گۆشتی بەراز، شەرعەن و عورفەن، عەرامە و قەت حەرار نابی!

– ئەدی، بمرین!! هەی خانە وێران نەبوو، نابینی لە بێخەوە هەڵماندەکێشن!!

– ئەوە ئەمر و فەرمایشتی خوایە.

بەسەر سووڕمانەوە، زاتت کرد و کەوانەی دوا تیرت هێنایەوە یەک، تێت سرەواند.

– ئەمری خودا!! کەواتا، سەددام لە کۆرپەی بەرمەمکە پاکژترە! دیارە خودا فەرمانی پێ داوە!!

– هایهووو... لە ئێوەی مەلابەزێن! کوڕم خوانتەعالا لە ئێمەی قەلەندەر چێتر دەزانێ. دەرووی زۆرە...

– تۆ مەیخەرە ئەو بارەوە. بەتەمای ئاسمان نەبووین؟ باشە، ئەی ئەوە نییە لە ئاسمانەوە خۆراکمان بۆ شۆڕ دەکەنەوە. ئەوە ئەو دەرووەیە کە باسی لێوە دەکەی. بەهەلیکۆپتەر نەک بەباڵی تەیری ئەبابیل!! ها. ها. ها...

چاوەڕوانی ئاوا ماتی و بێدەنگییەک نەبووی! وات دانابوو بێژێ: (هەی



کلۆڵ، قسەی مفت و قۆڕ و خۆڕایی هەبێ، ئەمەی تۆیە). یان بەدژوێنەوە بیوتایە: (قوزەڵقورت... ئەم ڕشانەوە و هەڵەوەڕییەت لۆ کێندەرێمان دەبات!! ئەم گشت دەردەسەری و عەزابەمان لە نێوچاوانی ئەنگۆیە، هەی ڕوورەشی سەر چەور). تۆ شەڕە قسەکەت خەست و پەیتتر کردەوە. بەدەم هەراشی ڕووبەرووی بوویتەوە و دگانت جیڕکردەوە:

– من دەیخۆم. بەراز بێ یان حوشتر مرخ! چ دەبێ! خاڵە گیان، برسیمانە، دەزانی مانای برسێتی چییە؟!

نەیکاری ببێتە کەو و شەڕە دەنووکت لە گەڵدا بکا، زوو کۆتایی پێ هێنا.

– ئیتر... هەر یەکە و کلکی ڕێگەی خۆی دەگرێ.

وەڵامەکەیت، بەلاوە پەسەند و پوختەبوو؛ چونکە ئاماژەی بۆ ناخت دەکرد، کە ڕێگەی خۆت وەکو گۆشەیەکی سەد و هەشتا پلەیی نیشان کردبوو... ڕاست وەکو ڕاستەی خوێندکاران. بۆیە بەتاکە وشەیەکی خەستکراوە، دەمەتەقێیەکەت بڕاندەوە:

– وایە.

بەرد هاوێژێک، لە یەکتری دوور کەوتنەوە. نێوانتان بووە تیراوێژێک. دووان، سییان، تەنانەت وا پەیتا پەیتا، وا دوور دەکەونەوە، کە یەکدی بەخاڵێکی ڕەش بدینن. ئەو بەرەو سەرحەد و تخووب. تۆ ڕووەو قەندیل و سەربلندی، ڕەنگە ئەو تۆی بەنەوسن و گومڕا زانیبێ، ئەتۆش ئەوت بەگەوج و ملهوڕ و نەزان دایە قەڵەم. ئەگەر ئەو خۆی لە قەرەی تۆ دابێ و بەزۆر بڵێت بزانێ، ئەوا تۆ بەقەوانە سوواوی تێدەگەی، یان کاتژمێرێکی بەرباخەڵی کۆک کراو و... کلیلەکەی لە گیرفانی کەسی دی! ئەو بەرێگەی خۆیدا و... تۆیش بەرێگەی خۆتدا. کوپتان... بۆلێ... قرناقە و پشتاشان... قەلاتووکان. نێوان تۆ و ڕەوکەران لە قامکێکەوە بووە بستێک، بووە باڵێک، بووە گوریسێک، بووە بەرداوێژێک، نێوانتان دەترازا و...

دەترازا... بەیەکجاری دابڕان. تۆ هەرگیز لەو بڕیارەت پاشگەز نیت. بڕۆ... بڕۆ... بڕۆ... «باوکـــــە ڕۆ!!» لەو بەرزبیــــــەوە دەتڕوانی. «هاوار... چ حەشرێکە!!» سەراسیما دیدەت هەڵخستبوو. «ئەمە حەشر نەبێ، ئەی حەشر چۆنە!! وا دالی ئێسک کرێنی کەرخۆری بێ حەیا، بە بان سەریانەوە، جوون جوون شۆڕ دەبنەوە!! چاوەڕوانی مەرگیان دەکەن». ناو بەناو... شا باڵەکانیان سەیوان ئاسایی ڕادەکێشن و شەپۆلی بەرز و نزمی پێ دەدەن. هەتاکو مۆخی ئێسکت پڕ بووە لە بێداری و ئاگایی. شەو هات و شەبەق ئەنگووت. شەو و ڕۆژ کەوتنە زۆرانبازی. گلۆر بوونەوە مانەندی جووتێ ماری ڕەش و سپی. جارێ ئەم دەکەوتە ژێر و جارێ ئەو. لوولیان دەخواردەوە. بیرت لای ئاشقەو ماشقەکەیە، سووڕانەوە، گەوزان. دەڕۆی و ناوەستی... یەکیان ڕادەمووسی. گورجتر دەڕۆی. بان و بنیان دەکرد. هەست بەماندیبوون ناکەی. تێکئالاَن. ئاوڕ نادەیتەوە. زەمان لە یەکدی دەسوون. پشوو نادەی. یەکتری دەلێسنەوە. هەنگاو بەهەنگاو دەسپێری. وا دەزانی کێشت نەماوە یان پەڕی تاووسێکی بەدەم شنەباوە... «ئای تاووس... تاووس مەلەک... من خۆم بۆ کارە مەزنەکە تەرخان کردووە».

دەتویست پەڵەی ئابڕووی چەند ساڵەتان بسڕیتەوە. خاکەکەتیان کردبووە تاقیگە، ڕەشەکوژی و چەپاو، تەور و مل پەلدان. حەوزی تیزاب و توانەوە، گاز و خنکاندن، ئاگر و قرچاندن، قولاپ و هەڵواسین، چاڵ و گۆڕەو شاردان، بیابان و سەنگەسار کردن، فڕۆشتن و ئەتککردن... ئەوانەیان لە خواوەندەوە زانی! لە ئەیلوولی شەست و یەکدا، زەلامێک لەو شوانی کێشکەدا دووکوڕی شەهید کرابوو لە «بانمەقان». ڕووی دەمی کردە ئاسمان و گوتی: «ئەوەندەی پەنجا فلسییەک خۆتم بۆ دەرخە، بزانە چۆن دەتپێکم». ئاوها گۆمی باوەڕ شڵەقا. لە گەرمیانی لای «باوەنوور»یش گوللە سنگی لاوێکی سمی و... لەو دیوەوە، شەبەقە گوڵێکی کردبۆوە. قورئانێکی بەقەد ناو لەپ، لە گیرفانیدا، گوللەکە ئەویشی کون کردبوو!! مەگەر بەچاوی خۆت نەتدی، کوڕی شیوەنی بەجۆش، قژ و تیتک ڕنینەوە،



ڕوومەت گروون، جل دڕاندن، قوڕپێوان، سنگ کوتان، هەش بەسەردا کردن و... إنا للّه وإنا الیه ڕاجعون.

هیـچی تر! بۆیە دۆش دانەمایت. خۆت بەو تیکەنانە نەزانی کە بەسانایی قووت بدرێ، یان مەڕێکی گێژ و وێژبی بتدۆشن. بگرە... خۆت بەدوڵدلێکی سەرکێش زانی و... خرمەی نەرمە غاردانت جگەرە کێشێک دەڕێیشت. ئەوە بێجگە لە ڕۆژ، تۆ شەوڕۆشت دەکرد بۆ ئەوەی هەرچی زووە بگەیتە پەرستگەی ئاسوودەگی و ڕووگەی بەختیاری. لەوێ لەسەر بەردە نوێژەی «ڕامان»دا، ڕوو لە «ئارابخا»کەت بکەی. بەخۆت دەڵێی:

«چ عەشقێکی مەزنە، ئالوودەی بووم! چ ڕووگەیەکی پیرۆزە، بۆی دەچم! وا هاتم. هەی ڕووەکە پیرۆزەکەم، وا تیشکە تەلیسماوییەکەت ڕامدەکێشێ، تۆ جوانی ڕاستیت و... ڕاستیی جوانی...»

لە قسەلۆکە و گفت و قاوی ئەم و ئەو، گوێت تژی بوو، لەم پاوەن و لەوەڕگایەدا، هەرکەسەو بۆ «خەزاڵ»ی خۆی بەستە دەچڕێ، بۆ چاو مامز و خوماری خۆی گۆرانی دەڵێ! حەیران و هۆرە و سیاچەمانە... لاوک و خاوکەر و ئەڵڵاوەیسی... کەس بەدۆی خۆی نایەژێ ترشە یان مووەیەکی تێدایە!! بیر دەکەیتەوە. ئەو سیاسەتمەدارەی توانای کۆکردنەوەی ئەم و ئەوی هەبێ، دیارە بەچاکیش، دەتوانێ پەتی سێدارەیان لە مل بنێ. ئەمە مەنتقی تاقیکردنەوە و بەسەرهاتەکانە. لە ناکاو، بۆ هاوکێشەکردنی بارودۆخەکە، چاو دەگێڕی و چەند چڵ و چێوەی وشکی شێوە سەیر وات لێ دەکا، کە داچەمێی و دەستیان بۆ ببەی. هەڵیاندەگری، خۆ گەر لێرە نەبوویتایە، ئەوا بەچەند تەل و سیمێکی نەرم و هەندێ دەستکاری، دوو سێ پەیکەری نۆژەنت لێ دروست دەکردن: چەقەڵێک بەسەرسوڕمانەوە ئاوڕ دەداتەوە، شەمشەمەکوێرەیەک خۆی بەلقێکەوە شۆڕ کردۆتەوە، یان مرۆڤێک ژانە سەری هەبێ و بەهەردوو دەستی توند کاسەی سەری گرتبێ. بیرت دەڕوا بۆ لای ئێسکبەندی غاندی و بزنەکەی، بۆ لای پەیکەری «ماچ»ی «ڕۆدان» و... هی تریش...

مەرج نییە ئەورۆ. وەکی ڤیدیاس و میکلانج و ئەوان، پەیکەر بتاشین. «هەنری مۆر» و «جیاکۆمیتی» گرینگی بەجوولانەوەی ناوەوە و... بۆشایی و... سێبەر دەدەن!! ئەتۆش، لەمەولا، ناخوازی وشەکانت، تەنیا بۆ سەرما و سۆڵە و بەفر و باران و زریان بێ و بەس، تۆ بۆ بەهەشتێکی هەمیشەیی سەر زەویتان عەودالّ و پشکێنەری.

«ئەو سەرما و بۆرانە، کاریان بە پێست و ئێسک و خوێنە، با بۆ ئەوان بێ. تەنیا ڕۆحم هی خۆمە. جڵەو بەدەستی منە نەک بەدەستی ئەوان و دەرەوە».

دیمەنی بەرچاوت ڕۆشن و هێمنە. کەڤاڵێکی ئاو بۆیەی ژاپۆنییە، کە لە دەیان پلە و تۆنی شین و کەسک پێک هاتبێ. سروشت بەدایکی ئەزەلیت دەزانێ. دێتەوە یادت کە دایکت مرد، ویستت هێڵی ڕوخساری بکێشی، بەڵام نەتکێشا و نەتزانی بۆ؟ هەنووکە، لەم تەنیاییەدا ئەگەرێک بۆ حاڵەتەکە دەدۆزییەوە، ڕەنگە پیرۆزیی مەرگ بووبێ پەنجەکانتی سست کردبێ یان سۆزایەتیی دایک خاوی کردیتەوە. ئەی ڕێ و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە ئەمانەیش کۆسپ بوون. بەخۆت دەڵێی «هەرگیز ئەوانم بەکۆسپ و گرێ نەزانیون، لێیان یاخیم و سەرکێشانە ڕەفتارم لە دژیاندا کردووە». مرۆڤ پێویستیی بەدایکە بۆ ئەوەی سەری کاسی بخاتە کۆشی پڕ میهر و ئارامی. ئەوا دایکت بووە ئێسک و پروسکی سروشت، لەو گۆڕستانەی بەرامبەر کلێسای سووری کلدانییەکان. سروشت بەئەمەکە. خۆت هاویشتۆتە باوەشییەوە و... ئەویش لە منداڵدانی خۆیەوە، منداڵێکت بەپاداشت دەداتێ، کە ڕووەکێکی تیشک هاوێژە.

لە بنارەوە دەڕوانیتە سەر کڵاوەی قەندیل و دیمەنی دڵدوێن، یەک... دوو... ئەکشن (ACTION). چوویتە ناو چوارچێوەی کەڤاڵەکەوە. هیچ بێزارییەک بەرووتەوە نەلکاوە.

«هەڵدەکشێم و هەڵدەکشێم، پەڕەنگی چاوم بەترۆپکی سەرکەشەوەیە. ئەوەتانێ بازێکی چیایی لە ڕەنگی بازەکەی زەردەشت نەوی نەوی



بەبان سەرمەوە دەفڕێ...».

سێبەرێکی پێغەمبەرانەت لێ دەکا. لەم زەمەنە سۆزانییەدا، شتەکان بەدەستی کرێتەوەن! ناسنامەیان لەدەست دەدەن و... ڕاستییە ئاوەژووەکان دەبنە مێردەزمەی سەر سنگی مرۆڤ و هەستیاران... ئای وا لێرەدا شتەکان لەوپەڕی جوانی و قەشەنگی و ڕازاوەییدان!! لە پەنجەرەی درەخت و گەڵاکانەوە... دەڕوانی...

«... لەو پەنجەرە سەوزانەوە، دەریاچەی دۆکان، ئاوێنەیەکی جیوەیە! ئاسمانی لاجیوەردی چامەیەکی حەزرەتی «نالی»یە. دەستهۆنی لوتکەی شاعیرانە و دەیکەم بەبالاّرووانێک لەگەڵ ئاوی (سیروان)دا. بۆ کەزیبە شۆڕەکانی حەبیبەی مالیاوا...».

ئاوەکانت وەبیر دێ: (خاسە) و (ئاوەسپی) و(زەڵم) و (تانجەرۆ) و (زێ). ئاسمان خۆڵەمێشییە. پەڕی بازەکەشی قاوەیی! ژێر باڵ و سکی، وەکو چوڕی شیر سپییە. دەنووکی زەرد وەکو گۆگرد!! گۆگردی خاو. ئای... خۆ ڕەنگی قاوەیی و خۆڵەکەوەیی، کەڤاڵەکانی (براک)ت دەخاتە پێش چاو، کەڤاڵەکانی «شاگاڵ»...

«بازەکە... تۆ هاوڕاز و هاودەمی منی. نامەوێ وچان بدەم. خۆزیارم زوو بگەمە ئارامگەی گیان و... لەوێ، بەخەریتەی هۆشمەدا، بەئەتڵەسی ناخمدا بچمەوە... خڵتە و خەوشەکانیان لابەرم... دەمهەوێ وەکو هەنگوینی قاڵ بم».

بەسانایی، ئەو ڕاز و نهێنییە، زادەی مێشکی خۆتە، هەرچەندە ئەحمەدی خانیت بەسیمبوڵ و هێماکاری بەکاربرد. لە حەرفەکانی ئەو زاتە موبارەکەوە، سەرمەشقت وەرگرت. ئەوەتا ناوی زەردەشت، شارۆچکەی (سەردەشت) بەمێشکدا تێپەڕ دەکا. لە وێندەرێ، میوانی دیوەخانی حاجی مارفی مەشرەب خۆش و گەڕیدە و چاوتێر بووی. باس هاتە سەر عاجباتییەکانی ئەم قەندیلە. ئەو تازە لە ڕاوەکەو گەڕابۆوە و ئاماژەیەکی

بۆ (کەومار) کرد. تۆ سەرسام بووی کە گوتی:

– خۆم دیومە.

زۆریش وەسپی کرد!! تۆ بە باڵندەیەکی ئەفسانەیی و فینیکس لە هۆشدا جێگەت بۆ کردبۆوە، وەلێ ئەو، پێش سێ ساڵ کەومارێکی ئەنگاوتبوو!!

– ئێ!!

– هێنامانەوە بۆ ئەم سەردەشتە.

لەوەش سەرسوورێنتر، باسی لە گیایەک کرد کە بەشەوان تیشک دەدا. سەرسامی و حەپەسان، بەرووتەوە، پرسیاری بێدەنگ بوون. ئەو لەسەری ڕۆیشت و گوتی:

– گوایا، چەندین ساڵ لەمەوبەر، حەکیمێک هاتۆتە ئێرە و کەسانێکی لەگەڵ خۆدا بردووە بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕووەکە.

پرسیارت لێ کرد: دەستم بەدامێنت، چۆن؟ هەمووم بۆ بگێڕەوە... حاجی، شەوی درێژ بۆ گێڕانەوە چاکە... وا نییە!؟

– وایە... ئۆباڵ بەئەستۆی ئەوەی گێڕایەوە. ئینشاڵڵا درۆ ناکەم و دەستم لە بەردە ڕەشی کەعبە داوە. ئەو حەکیمە کە ڕووەکەکە دەدۆزێتەوە، دەستبەجێ، لە خولگەیدا، دەکەوێتە هەڵکەندن. هەتاکو لە ڕیشەوە بەباشی هەڵی دەگرێ...

تۆ گشت هەستەکانت، لە گوێچکەتدا، چڕ کردبوونەوە. گوتی:

– مامۆستا میرزا، لە ژێر ڕووەکەکەدا، جووتە مارێکی سپی پێکەوە ئالاو دەردێنێ!! هەر لەوێ، بەکێردی تیژ، سەر و کلکیان دەپەڕێنێ! ئەوجا، لەشەکەیان دەهاوێتە ناو مەنجەڵە ئاوێکی کوڵاوەوە! ئەرێ سەر و دیشلەمەیەکمان دەوێ... وانییە کاک میرزا... دیشلەمە و حەقایەت خۆشن...

تۆ بەسەر بۆت پەنجەمۆر کرد و هیچت بەلاوە گرنگ نەبوو لە باسی ئەو



ڕووەک و جووتە مارە بەولاوە.

– مام حاجی... شەو درێژە و پەلەی چاییمان نییە... مارەکان دەکوڵێنێ... دوایی؟!

قوڕگی بەکۆکەیەک پاک کردەوە و سێری بنمیچی ژوورەکەی کرد.

– دەیکوڵێنێ و دەیکوڵێنێ. هەتا مارەکان دەتوێنەوە و دەبنە مەرهەمێکی خەست! کابرای حەکیم، ئەوسا باروبنەی دەپێچێتەوە بۆ ئەم سەردەشتەمان. ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، گشت پاداشت و ئیزا و قەرەبووی خۆیان وەردەگرن.

بەچاوی ئەبڵەقەوە پرسیارت کردەوە، هەراسانی بەڕووتەوە دیار بوو.

– پاشان؟!

گوایا، هەر کەسێک شێت و هار ببووایە، ئەو حەکیمە دوو کونی، لە نێوان چاو و گوێیدا دەکرد، بۆ ئەوەی هەتوانەکەی تێ پەستێ...

تۆ ئارامت لەبەر بڕا و گوتتەوە!

– ئێ! پاشان!؟

– ئەمن لەو خەڵکەم بیستووە، پاشان هەردوو کونە بچووکەکە، بەچاو و قامیش شەتەک دەدا.

تۆ، بەپەرۆشەوە دوایین پرسیارت ئاراستەی حاجی مارف کرد.

– جا... چاک... دەبوونەوە؟!

– ئا... (ئەو گوتی) وای دەگێڕنەوە.

پاش فرێکی چایی دیشلەمە، وەک هەست بەلەنگیی وەڵامەکەی بکا، حاجی دەمی کردەوە، بەکاوەخۆ وشەکانی دەراند.

– گوایا، زۆر کەسانی ئەم ناوچە و دەڤەرەی چاک کردۆتەوە.

تۆ سەرچاوەت لەو ئەفسانەیەوە هەڵگرت و کردت بەمەشخەڵی هێما. ڕاز درکاندنەکە کوێرت دەکا و... نەدرکاندنی... حەوجۆشە و لە ناختدا

دەکولێ. دەمەوئێوارە، هێشتاکە شەو، چای تاریکیی نەدەماندبوو، دەمت نووقا بوو. دەم و... دەمە و... دەماندن... د... د. د. د. بەدەماخ بووی. دەمارەکانت لانکەی ئاوریشم، جێژووانی مار، دەمارومار، مار و مارپێچی پیرمام. م. م. م. م. دەماو دەم، دەمامکی جیاجیا دیمانەیان بەدیدەکانت دەدا، چیای دەماوەند، مەلۆچکەی دەمەوەر... قەلاّی دمدم، دەملووسان و دەمپاراوان و ماشینەوەی دەمانچە و دراو... دەمارگیری و یاخیبوونت. ئاسۆت لێوە دیار نییە. پۆپەشمینە ڕەنگاو ڕەنگەکەی ئەو ناو ڕەشماڵی ڕەوەندانت نایەتە پێش چاو، بۆیە چاوبازی لەگەڵ ئەو تاریکییەدا دەکەی، بڕێ پەڵەی ڕووناک نەبێ، کە ڕووبەڕووی مانگ و ئەستێرەکان پێدەکەنن، تۆ دەیانچوێنی بەپوولەکی ژێر سکی سوورە ماسی و تاریکیش بەناوسکی ئەشکەوت. خۆت و خۆتی، لە باوەشی سروشتدا ئۆقرەت گرتووە. دەستوبرد، سەر قاپت لەسەر ڕاز و نهێنەکە هەڵدایەوە. نەترسای وەکو سەرتاشەکەی ئەسکەندەر، نەبادا گەلاّ و چڵ و درەخت و بەرد و تاوێرەکانی ئەو بڵندایییە، ڕازەکەت بگەیێننە گوێچکەی سووکی نەیاران.

«شەمچەم پێ ناوێ. ناخم کوورەی گەشاوەی سکڵی غوربەتی (حاجی) و پەنگری نامۆیی (نالی) و ئاوارەیی (مەولانا)یە. ڕووناکییان وا لە ناخمدا... دەد... ڕەو... شێتەوە».

بیرت بۆ گەردوون دەچێ و هەستەکانت دەزێن، بۆنی نسار و بەرامەی بوخچەی نەکراوەی ئەو لێرەوارانە، لووت و مەلاّشووت دەئاخنن. خشپەی خشۆکان... سرتەی مێرووان... فرتەی پەڕەندان... جرتەی گەزەندان... جریوەی مەلۆچکان لەگەڵ نەرمە لەرەی پەلکی دارودرەخت، ئۆرکێسترایە، کە تروکەی ئەستێران، مایستڕۆیی دەکەن. گوێت پڕاوپڕ تەژی لە سیمفۆنیای نەمری و تێکەڵبوون دەکەن. دەجۆشێیت، دەخرۆشێیت... ئەی ئەوە نییە خۆشت ئاوازیت و ناو بەناو، سۆڵۆت بەرز دەبێتەوە! ئەوە نییە سروشت سەری نەوازشت بۆ نەوی دەکا و گەلاّکان چەپڵەت بۆ لێ دەدەن! بیر دەکەیتەوە: مرۆڤ کە لە دولبەرەکەی جیا دەبێتەوە، یان کەسێکی ئازیزی



دەمرێ، یاخود ڕوو لە شاری غەریبان دەکا، تەنیا هەست بەوە ناکات، کە بەندی نێوان دوو کەسەکە بپچڕێ و بەس؛ بەڵکو دوور بوونەوەی یادگار و سڕینەوەی پەیوەندییەکان و لەناوچوونی هەموو شتێکە!! وتووێژەکانتان، بزە و زەردەخەنەکانتان هەست و بنهەستەکانتان، جا... تاکە وێنەیەک یان چرکەیەک لەو چرکانە دەمەیێ و دەخزێتە ناو دەلاقەی گەرد لێ نیشتووی یادەوە، کە وەکو لێبۆک، جمکانەی پێکەنین و گریان... خەندە و خەمۆکی پێکەوە گرێ دەدا، بەشێوەیەک، نە خەندەکە سنووردارە و نەگریانەکە!! پێکەنین فرمێسک ئامێزە و خەمەکەش بزەپژێن!!

«ئای... لەو گۆڕ غەریبییە... وای»!

ئەم لێکدانەوەیە هانی دایت کە لە یاداشتەکانتدا، چەند لاپەڕەیەک تۆماربکەی لەبارەی: بالوول و لێبۆک و گاڵتەجاڕانی خەلیفە و شا و میران. لەو گۆشە نیگایەوە، کە ئەگەر قسەقوت و تەنزەکانیان پەسەند ببوایە و ختووکەی دڵ و ناوگەڵ و ئارەزووی ئەو زلپیاوانەی دابێتەوە، ئەوە زۆر ئاسایی بووە. تەنیا بەخەندەیەک و تاو نا تاوێک، ئافەرینی سەرزارەکی دەکران، یان سێوێکی قەپ لێ گیراو دەکرایە پاداشتی ئەو هەموو تەقڵەبازی و قسەی توێکڵدار و بێ پەردانە. بەپێچەوانەش، گەر بەڕێکەوت، قسەی ئەو موهەریجانە کورت یان سەری بکردایە، ئەوا ئەو بەسەزمانانە دەکرانە لوولەی کەباب و لە قازووخ دەدران!!

پاشان لە نووای مزگەفت و پێش کلێسا و بەر تەوراتخانەکان، بۆ عیبرەت و تۆقاندن؛ هەڵدەواسران!! ئەمەیە ئاکامی ڕەش!

چاوی خەواڵووت لە بازنە ڕۆشنەکە ناترووکێنی. بیرت لەلای بازنە و کەونە سەرمەدییەکەیە. مارەکەی کلکی خۆی دەمژی و بۆتە بازنە، ئەوە هێمای نەمری و جاویدییە. هەندە ماندووی دەتەوێ پێڵوو دانەوێنی و ڕووەکەکە پاسی نووستنەکەت بکا؛ کەچی وەنەوز نادەی. چوارمشقی دەبیتە ڕەبەنێکی ئەو تیشکە پیرۆزە. چاودێریی دەکەی.

«هەزاران، لەو ڕێگەو بانانەدا مردن و تێکەڵی ئەزەلییەت بوون، بوونە پەیکەری سەرما و هەست... بوونە کۆتەڵی ئێش و خاک... بوونە

هەیکەلی تەم و مەرگ!!»

ئەمێستا، میوانی ناو لەپت گوڵئەستێرەیەکە. سەرنج لە ژیلەمۆی هەناسەی دەدەی، ئەویش هێدی هێدی هەڵدەکشێ و... ختووکە بەگیان و لەشت دەبەخشێ. هەناسەت لەگەڵ هەناسەی ئەو گوڵئەستێرەیەدا یەک دەخەی و... بگرە خۆت بەگوڵئەستێرە دەزانی. مێشکت لەکاردایە. بڕیارت داوە ئەم ڕووەکە تیشک پژێنە، بەدیاری ببەیتەوە بۆ ئەوانەی چاو لە ڕێن.

«دەیانویست، لە چەقی خۆمدا بیمە بارگیری چاوداپۆشراو! بێهوودە بۆ گرانی دنگەکەیان بسووڕێمەوە!! گوتم: نا... ئێمە قەرداری ئەم گڵ و خاکەین.، منداڵ چۆن دەتوانێ پاداشت و قەرەبووی گۆی مەمکی بەفەڕی دایکی بداتەوە؟! چۆن!؟»

زەوی بەژیان دەزانی و مرۆڤیش پێبەندی هەردووکیان. باوەش بۆ جێکات دەکەیتەوە. سەرەتا و کۆتاکان گرێ دەدەی. شەو و ڕۆژ... ئێرە و ئەوێ... ئەوان و تۆ... خەبات و نووچدان... تۆ شەیدای کاتە بازنەیی و نوێیەکان بووی، دژ بەکاتی ئاسۆیی و گێل. دەتویست وەرزە زێڕینەکان دەسگیر بکەی، بۆ ئەو نیازە، لە دامێنی هەڵکشانەکەتدا، کاتژمێرەکەت بەنەناسێک بەخشی. هەست و خوستت بەئەندازەیەک خەست و خۆڵ بوون، کە بەتەرحێک؛ هەناسەی زەویت دەبیست، چپە دووی نێوان ئاو و گەڵات دەژنەفت، تەنانەت ترپەی دڵی سیمۆرە چاو زیتی سەر چڵەکانیش، گیانی تازەیان دەخستە بەرتەوە! تۆ، بەسەر ئێشی فیزیکیی لەشتدا زاڵ بووی، تۆ لە سەرووی سەرەوە بووی، دوور لە مەرگی ڕۆح. خەونە سەوز و قەرسیلییەکەت هاتە دی.

«وای!! لەو ڕاچەنینە!! لەو کۆچڕەوە بەهارییە!! چ تەقسێکی هەمەلایەن بوو نواندمان... خۆمان ئەکتەر و هەم بینەر و خۆمان کۆمبارس!! ئەو تەقس و نوێژە بارانەیە، هاوار و فیغان و لالانەوەمانی گەیاندە هەندەران. دەبێ ڕەگ بۆ ژیان داکوتین.
کۆڵەکەی مرۆڤایەتیمان لەسەر سێ سوچکەی: بڕوا- خۆشەویستی- هیوا دامەزرێنین. بەوە مەرگ دەبەزێنین».



بڕوات بەیەکسانیی باڵا، کامەرانیی باڵا و ئاسوودەیی باڵا نەما بوو، ئەو سێیەت بەتەیری عەنقا، قەقنەس و سەمەندەر دەزانی، کە لە بارەگای زیۆس و ئاهورامازدا و یەهوەشدا نین.

بەتەنیا وشەی فەرهەنگ و هێمان، مرۆڤ بۆ خۆی دروستی کردوون و... لە تەنگانەدا دڵی خۆی پێ دەداتەوە و دەیانکاتە پارسەنگی نامۆیی و ژان و کەسەری !! ڕوو لە خۆت دەکەی.

«گەر سەربەستی و ئاشتی و شادی، سێ گیانلەبەر بوونایە، ئەوا کڕنووشیان بۆ گەدەیەکی برسی دەبرد، سەری نەوازشیان بۆ دایکێکی بێ شیر دەچەماندەوە».

ئادەمیزاد کە ورگی پڕ بوو؛ تێر بوو، ئەوا چێژی لە ئاستی هونەردا، لە ئاستی جوانی و هەقدا گەشە دەکا، دەپشکوێ. وا بیر لە جوانە مەرگەکەی «ئەحمەد ئاغا»ی شارەکەت دەکەیتەوە. جوانیت لەو گوللەبارانە قۆزتەوە. نیگات ئەو دیوی شتەکانی بینی و گوێت زۆرتری بیست. سیپەلاکت هاتە ژان و... نوشتایەوە... وا ئێستا لە پێشانگەی «ڤانکۆخ» دای و... ئەو قەلەندەرە ئاوارە و دێوانەیە، سەرجەمی ئازارەکانی خۆی گواستۆتە ناو ڕۆحت و بێداری کردووی. خەوت زڕاوە.

«پاتاڵ دز زۆر بوونە! نەبادا ڕووەکە پیرۆزەکەم ئاودیو بکەن. ناخەوم. لەگەڵ گزنگدا، بەختەوەرانە، دەیبەم بەدیاری، بۆ ئەوانەی تامەزرۆی ڕووناکین».

باش دەزانی، ئەو دیارییەت، دڵی قەندیلە و دەیکەی بەمەشخەڵ، بۆ ئەوەی ئیدی مەسیحییەکان لە خاچ نەدرێنەوە.

«گەر بشمرم، ڕوو لە ڕنوو دەمرم. خۆ من لە تۆوێک کەمتر و بێ فەڕتر نیم! کە هەمیشە لە ڕەحمی زەوییەوە بۆ ژووانی ڕووناکی بەرز بەرز دەبێتەوە».

بەم جۆرە تەقس و سرووتی کۆچڕەوە ڕۆحییەکەت گەیاندە ئەنجام. هەر چەندەش ناو بەناو گومانت لە هەست و هۆشت دەکرد، یەکەمیان نەبادا فریوت بدا و دووەمیان، زۆر بڕ نەکا بەرەو ڕەهایی.

«سەرسامی و گومان، هەوێنی پرسیارەکانم بوون. هۆش و مێشک چۆن کار لە یەکدی دەکەن؟ لە نەبوونەوە بوونەوەر پەیدا دەبێ؟ ئەدی، جوولانەوەی گەردوون بەبێ جوولێنەر هەلدەسووڕێ؟ پرسیار... پرسیار...»

بیرت بۆ: ڕاستی، جوانی، ڕەوایی، بوون، مرۆڤ، ڕەهایی و ڕەوشت دەچێ. ئایا یەک واتایین یان ڕێژەیین؟! بەگوێرەی کات و شوێن دەگۆڕێن یان...؟! ئەی خودی جێکات لە چییەوە هاتووە؟ پرسیارەکان پرسیاری دیکە ڕادەکێشن، لە نێوان فیزیک و میتافیزیکدا و... بەرەو ئەنتۆلۆژیا...

«وەلام نادەمەوە بۆ ئەوەی نەبمە بەشێکی وەلامەکە... لەگەل گشت گۆشە نیگا و لێکدانەوەی بەجێ دام. گرنگ دۆز و کێشەیەکی ئەنتۆلۆژی هەیە و هێشتا نەگەیشتۆتە دورگەی دلنیایی... بۆیە لە پرسیار ناکەوین... ئەلبەتە پرسیار و وەلام یەک جەستەن لە شێوەی جێکات و هەرگیز جیابوونەوەیان مەحالە».

بەداتاشینی تێرم و زاراوەیەک، خەندە دێتە سەر لێوت، پرسیار... وەلام... (پر سلام) بۆ هاوسەنگی (جێکات).

نەپرسین و دەمنووقاندن بەهاوتای مەرگ و نەبوون دەزانی. باوەش لە ڕووەکەکە دەدەی و چاو دەنووقێنی.

«ئۆخەی ئەوا گەیشتمە ئاوات».

***

١٩٩١ کوردستان- هەولێر

١٩٩٩ فنلاند-تامپرێ